هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

بەڕێوەبەری گشتی وسەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

● پێنج شەممە ١٩٨٣/٢/٣ ژمارە ٦٧٧ ● ٨ لاپەڕە به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٣/٣/٣ العدد ٦٧٧ ●

لەم ژمارەیەدا

● ئەدەب و ڕۆشنبیری ل ٢ .
● ئاسۆی هونەر ، لێکولینەوە ل ٤ .
● دەربارەی میژووی زمانی کوردی ل ٨ .

سەرەکی فەرماندەدە

بانگی یەکەم کردنی دەستەڵاتی سەر بە خۆیی ئەدا

سەربەخۆیی وڵاتانی بزوتنەوەی بێ لایەن و دور خستنەوەی لە مەڵبەندەکانی دابەش بوونی نێودەوڵاتان .

بزوتنەوەی بێ لایەن توانای ئەوەی هەیە بەشداری بکا لە چارەسەری ناکۆکی وکێشەکانی نێو دەوڵاتان .

بەریز سەرەکی فەرماندەصدام حسین دووپاتی کردەوەکە بزوتنەوەی بێ لایەن وەک هێزێکی ڕەوشتی ، توانای لەو بیروباوەڕو ئامانجە پیرۆزانەوە وەردەگرێ کەبانگی بۆ دەدات و لە پێناویاکار دەکا . توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی بەربەستیەترسناکەکانی هەیە ، سەرەڕای هەموو گرانیەکوهەموو کۆسپێک دێتە ڕێگای یان دەخرێتە سەر ڕێگای کاروانەکەی و دیسان توانای ئەوەی هەیە بەشداریەکی چاک و بەکار بکات لە چارەسەری ناکۆکی و کێشەکانی نێو دەوڵەتاندا .

بەرێزی لە دوانێکی گرنگدابۆ ئاژانسی دەنگ وباسی یوگسلافیا « تانیوگ » بەبۆنەی بەستنی حەوتەم کونگرەی بەرزی وڵاتە بێ لایەنەکانەوە وتی : ئەمە بەپلەی یەکەم متمانە بە دووخاڵی بنەڕەتی دەکا بەکەمیان ئەوەیە وڵاتانی بێ لایەن بەتەنگ ئەوەوە بن کە لایەنێک نەبن لە ناکۆکیەکانی نێودەوڵەتانداو پارێزگاری سەربەخۆییان بکەن و دووەمیان مەودای ئەو چالاکیانەیە کە وڵاتانی بزوتنەوەکە لە م مەیدانەدا دەیکەن و بەرگەی ئەو قوربانیانە بگرن کە بە هۆی ئەم چالاکیانەوە دەیدەن .

سەرەکی بەرێز دەستی بۆ سەرەتاییەکانی چالاکی ئەم بزوتنەوەیە کێشا لەم بارودۆخەدا ووتی : دەتوانرێ بوترێ پێویستە بیروباوەڕو ئامانجێکە بنەڕەتیەکانی بزوتنەوەی بێ لایەن دووپات بکرێتەوەو پێویستی خۆبەستنەوەی تەواوەتی و دڵسۆزانەو بەکار بەوەوە دووپات کردنەوەی سەربەخۆیی وڵاتانی بزوتنەوەکەو دور خستنەوەی لە مەڵبەندەکانی دابەش بوونی نێو دەوڵەتان تا بزوتنەوەکە بتوانێ ئەرکو بەرپرسیاری خۆی بەڕاستی و بەکردەوە لە کۆمەڵی نێو دەوڵەتاندا بەجێ بگەیەنێ .



پێکانی چەندان نیشانەی دوژمن و ئاگربەردانە بنکەو مۆڵگاکانی

له ماوەی هەفتەی ڕابوورودودا ، هێزە چەنگاوەرەکانی سوپای دلێری عیراق ، له ئاسمانو دەریاو سەر زەویەوە ، چەندان دەستی مەردانەیان لە دوژمن وەشاندەوە زیانێکی سەرووماڵی زۆری پێ گەیاندوون .

پێرێ ، کەرتێکی پاڵەوانی دەریایمان بەهاوکاری فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی هەڵمەتیان بردە سەر نیشانەیەکی دەریایی گەورەی دوژمن له ڕۆژهەڵاتی خەلیجی عەرەبی و ڕاستەوخۆ نیشانەکەیان پێکا .

دیسان ، هەر لە هەفتەی ڕابوورودودا هێزە دلێرەکانی سوپای مەردی عیراق چەندان دەستی ئازایانەیان له بنکەو مۆڵگانی دوژمنی نەفام وەشاندەوە زیانی سەرووماڵی زۆری لێداوە . بە تایبەتی چەندان جار هێزەکانی پێشەوەمان ، مۆڵگانی دوژمنی له کەرتی میسان ئاگر باران کردوە .

هێزی ئاسمانی سوپای عیراقی دلێر ، لەم هەفتەیەدا چەندان هەڵمەتی سەرکەوتوی بردۆتە سەر هێزو بنکەکانی دوژمنی نارەسەنو ڕەگەزپەرست له ئەنجامی ئەو هەڵمەتانەدا ، کە هەموو نیشانەکانی خۆی پێکا بوو .. زیانێکی زۆر له هێزی دوژمن دراوەو ئاگر بەردراوەتە بنکەو جبەخانەکانیان . بێجگە لە هەڵتەکاندنی چەندان تانک و تۆپو کەرەستەی تری شەر خوازی دوژمن .

ڕۆژنامەیەکی سوفیەتی هاوکاری ڕژێمی ئێران و زایونیەکان ئاشکرا دەکا

ڕۆژنامەی « کۆمسومولسکایا پرافدە »ی سۆفیەتی وتاریکی بڵاوکردۆتەوە پرسیاریکی کردوەو وەڵامی داوەتەوە ، شەڕی نێوان عیراق و ئێران لە سوودی کێیە ، دەڵی واشنتۆن و تل ئەبیب ئەم ناکۆکیەیان کردوە بە بیانووی بەهێز کردنی دەستەڵاتی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک و « موشی ارنیس » کە ئیستا بوە بە وەزیری بەرگری زایونیەکان دانی بەوەدا ناوە کە « ئیسرائیل » بەهاوکاری ئەمەریکا چەک دەدات بەئێران و ڕۆژنامەکە باسی ئەوەی کردوە زایونیەکان یارمەتی ئێران دەدەن چونکە بەتەواوی سل لە عیراق دەکەنەوە .

لیژنەی جیهانی مافی ئادەمیزاد دەستدرێژی فەرمانڕەواکانی تاران بەرامبەر ڕەوشتی مرۆڤایەتی تاوانبارده‌کا .

له یەکەم ڕاپۆرتیا لەبارەی باری ئێرانەوە

جنێف : لیژنەی مافی ئادەمیزادی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە یەکەم ڕاپۆرتیا کە دەربارەی مافی ئادەمیزادەوە لە ئێرانادەری کرد ڕەوشتی کاربەدەستانی ئێرانی تاوانبار کردو بە ژمارە باسی ئەو لە سێدارەدان و ئەشکەنجەیەی کرد کە خەڵکی ئێران دووچاری بوون .

لەم ڕاپۆرتەدا کە شەست لاپەڕەیە لیژنەکە وتی بەڵگەی وا هەیە کە زۆر کەس بێ لێکۆڵینەوە له سێدارە دراون یا دووچاری ئەشکەنجە بوون .

ڕاپۆرتەکە ئەوەی ڕوون کردەوە کە چەندەها ئافرەت و منداڵ بێ گوێدانە هیچ یاسایەکی مرۆڤانە ئیعدام کراون و چەندەها پیری لە هەشتا ساڵ پیرترو چەندەها ژن و منداڵە شیرەخۆرەکانیان گیراون .

بە درێژیش لیژنەکە باسی ئەو نامەیەی کرد کە مەسعوود ڕەجەوی سەرۆکی ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵق بۆی ناردوەو ذەڵێ تا مانگی ئەیلوولی ڕابوورودو پەنجا هەزار بەندی هەبوون و بیست هەزاریش بە هۆی بیروباوەڕیانەوە ئیعدام کراون .

ڕاپۆرتەکە وتی زۆر جار هەواڵداران ڕێکخراوەی موجاهیدین ئیعدام دەکرین هەر لەبەر ئەوەی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردوەتەوە و هەروەها بەمەبێ وتەی لیژنەیەک کە خومەینی خۆی دروستی کردبوو لە نێوان مانگی مارتی ١٩٨٠ تا مارتی ١٩٨١ هەزارو نۆسەد بەندی لە ئەشکەنجەدراون بەهۆی دارو شووڵ و لێدان و شتی تر وە .

ڕژێمی ئێرانیش خێرا وەڵامی دایەوەو هێرشی بردە سەر ئەم لیژنەیە کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەو وتی ڕاپۆرتەکە بڕێتی یە لەو « هێرشەی کە دەوڵەتە ڕۆژاوایی یەکان دەیبەنە سەر ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێکی خستوەو هێزە چەپو ڕاستەکانی دژی ڕژێم یارمەتی دەدەن » .

لیژنەیەکی جیهانی بۆ یارمەتیدانی گەلانی ئێران

پاریس : پایتەختەکانی ئەوروپا لەم ماوەیەی دواییدا جێگای جمەوجووڵو چالاکی لیژنەیەکی سیاسی بوون کە ناوی « لیژنەی جیهانی دژ بە سەرکوت کردن و لە پیناوی دیموکراسی لە ئێراندا »ی لێ نراوە .

لەو کۆڕو کۆبوونەوانەدا کە لیژنەکە ڕێکی خستن بە توندی لە سێدارەدان و ئەشکەنجەدانی گەلانی ئێران لەلایەن ڕژێمی خومەینی یەوە تاوانبار کراوە .

لیژنەکە بریاری دامەزراندنی لیژنەیەکی ڕاگەیاندنی دا بۆ ڕوونکردنەوەی باری خراپی مالان لە ئێراندا . ئەم لیژنەیە بە سەرۆکایەتی خاتو یراندوکتە کە لەم دواییەدا سەری لە عیراق داو لە باری ئەو مناڵە ئێرانی یەدیلانەوە ئاگادار بوو کە بە زۆر ئێرانرابوون بۆ بەرەکانی شەڕ .

بریار وابە ئەم لیژنەی ڕاگەیاندنە ئەمڕۆ کۆڕێک ساڵکا لەبارەی باری ناخۆشی مناڵانی ئێرانەوە بەهۆی ئەو شەڕە دوژمنایەتی یەوە کە سەپێنراوە بەسەر عیراقدا .

لیژنەکە چەند کەسی سیاسی و بیرکەرەوەو هەندێ ڕۆژنامەنووسی بێگانەی بۆ ئەم کۆڕە بانگ کردوە .

وێنەو ڕووداو

● وێنەی یەکەم : ڕاپەڕینی گەلی فەلەستین دژی دەستەڵاتی زایونی دووژمن لە بەرەی ڕۆژ ئاوای داگیرکراو .

● دوو وێنەکەی تر : ڕژێمی نارەسەنو خۆفرۆشی اسد بەوجۆرە شاری تەرابلسی لە لوبنان وێران کردوە .

پژێمی خومەینی خەتاباری بەردەوامی شەڕە

پاریس : بەرەی ئازادیخوازی ئێران خەتای بەردەوامی شەڕی خستە سەر ئەستۆی ڕژێمی خومەینی . لەو بەیاننامەیەیدا کە لە ڕۆژنامەکەیا (ڕونیا) بڵاوی کردەوە وتی ڕژێمی خومەینی لای وایە بەردەوام بوونی شەڕ ڕزگاری دەکا لەو بارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی یە شڵەژاوەی کە لە ئێراندایە .

بەیاننامەکە باسی باری تراژیدی ژیانی گەلانی ئێرانی کردو وتی ئێران دوو ملیۆن کەسی لە دەس چوە لە نێوان کوژراوو ون بوو ڕاکردوو ئاوارەدا .

ئەنجا بەیاننامەکە وتی بەرەی ئازیخوازی ئێران یارمەتی هەموو ئەوو کۆششانە دەدا کە لە پێناوی کۆتایی هێنان بە شەڕو دامەزراندنی ئاسایشێکی ڕەوادا دەدرێن بە ڕێگای گفت وگۆوە .

ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابوورودو

● ئەمیری دموتەتی کویت کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کردوە بەبۆنەی سەردانەکەیەوە بۆ کویت .

● پێری شەو سەرەکی . فەرەنسا میتران لەگەڵ ڕاویژکاری مەلیک حسنی دووەم مەلیکی مەغرب کۆبۆتەوەو باسی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتیان کردوە .

● میسر داوای کردوە کە لیژنەیەکی ناوبژی کاری دەوڵەتان دروست بکرێ بۆ چارەی ناکۆکی نێوان میسرو زایونیەکان لەسەر ناوچەی طابا .

● دوێنێ لە شاری بۆن کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بازاری ناوکۆیی ئەوروپا دەستی پێ کرد .

● یەکیتی سوفیەتو چینی میللی دەستیان کردۆتەوە بە گفتوگۆ کردن بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان دوای ئەوەی دوو ساڵ بو ئەم گفتوگۆیانە وەستا بوون .

● جێگری یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا گەیشتۆتە عمان لە سەرەتای گەشتێکدا بە چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا .

Institut kurde de Paris

سەرکردەی گشتی سوپای میللی

گەورەکانیا لە ئیمپەریالی و زایۆنی‌یەکان و دوو هاوسوێندە خایەنەکانیان ئەسەدو قەزافی .

هاوڕێ طە یاسین رەمەزان ئەوەی دەسنیشان‌کرد کە بەگوێ‌کردن و گیانی بالای جەنگ و خۆشەویستی نیشتمان کە نیشانەی دیاری‌کراوی جەنگاوەرانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو ئەوەی دەرخست کە ڕۆڵە دلێرەکانی گەلی کوردمان توانای گۆڕکردنی هەموو تەقەلایەکیان هەیە کە بیەوێ زیان بە یەکێتی گەلمان بگەیەنی بە پێشەوایەتی سەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین و ستایشی هەڵوێستی دلێرانەو پاڵەوانانەی جەنگاوەرانی ناوچەی

دەستەیەک لە جەنگاوەرەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

بەرێ دەکا بۆ بەرەکانی جەنگ :

گەلە یەکگرتووەکەمان بە پێشەوایەتی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین هەمیشە بەهێزتر دەبێ

هاوڕێ طه یاسین ڕەمەزان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرکردەی گشتی سوپای میللی وتاریکی لەناو جەنگاوەرانی کەرتی قادسیەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دا کە بەرەو بەرەکانی جەنگ دژی هێزە کینەلەدلەکانی ئێران بەڕێی‌کردن و تیایا وتی گەلە یەکگرتووەکەمان بە پێشەوایەتی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین هەمیشە بەهێزتر دەبێ لە هەموو ئەو پیلانە چەپەڵانەی کە ئاراستەی دەکرێن .

هەروەها وتی جەنگاورە ئازاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکێتی و ڕەسەنایەتی و توانای بالای گەلەکەمانیان دەربڕیوە لە ڕووبەڕووبوونی هەموو ئەو پیلانە چەپەڵانەی کە مەبەستیان پچڕپچڕکردنی یەکێتی گەلەکەمان بوو و بە یەک ڕیز لەگەڵ سوپای میللی و هێزە چەکدارە دلێرەکانمان وەستان لە یەکەم ڕۆژی ئەو شەڕە دەستدرێژی‌کەرانەوە کە دەستەی نێل و جادووگەری خومەینی بڕیویە بە سەر گەلەکەماناو هەمیشە وەك هیوامان پێیانە پارێزەری بەهێزی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەموزی پیرۆز شۆڕشی هەموو گەل دەبن .

هاوڕێ سەرکردەی گشتی سوپای میللی ئەوەی دووپات‌کردەوە کە شالاوی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی قارەمان بەرەو گۆڕەپانی مەشق و بەشداری‌کردن لە جەنگی قادسیەی صدامدا باشترین دەمکوت‌کردن‌بوو بۆ هەموو ئەو دوژمنانەی کە لایان‌وابوو دەتوانن یەکێتی نیشتمانیمان تێکدەن و بکەن بە ئامانجە پیسەکانیان .

ئەنجا ئەوەی ڕوون‌کردەوە کە باوەڕی بێ‌سنووری جەنگاوەران بە سەرکردایەتی بێ‌هاوتای سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین کە ڕۆڵەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەریان‌بڕی و ئەم دەستە جەنگاوەرانە نموونەیەتی ڕاستترین وێنەی یەکێتی تفەنگی عیراقی‌ی جەنگاوەرە سووربوونی گومان‌لێ‌نەکراوی دەرخست لەسەر سەرکەوتن بەسەر دەستەی نێل و جادووگەری خومەینی و ئۆتۆنۆمی‌کرد لەگەڵ هاوڕێکانیانا کە لە هێزە چەکدارە دلێرەکانمان لە بەشداری‌کردنیانا لە دروستکردنی سەرکەوتنە گەورەکانی جەنگی پیرۆزی قادسیەی صدامدا .

ئەنجا باوەڕی تەواوی خۆی دەربڕی بەوەی کە ئەم دەستە هەڵبژاردەیەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان کە بەڕاستی دڵسۆزی‌یان دەردەخا بۆ خاکی عیراقی خۆشەویستمان هەمیشە ئەو هێزە دەبێ کە پاڵپشتی سەرکەوتنەکانی گەلمان دەکا بەسەر دەستەی خومەینی تەلەکەبازداو شایانی هێنانەدی ئەو ئەرکەن کە پێیان سپێراوە .

لە کۆتایی وتارەکەیا هاوڕێ طه یاسین ڕەمەزان سڵاوی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش و سەرەکی فەرمانده صدام حسین‌ی بە جەنگاوەرەکان گەیاند لەگەڵ هیوای گەڕانەوەیانا بە سەرکەوتن و سەربەرزی بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلمانا بەشداری‌یکەن لە بنیاتنانی قەڵای ڕابەڕینی هەمووی عیراقدا .

جەنگاوەرەکانیش بە بانگ و هاوار ئامادەیی هەمیشەی خۆیان دەربڕی بۆ بەخشندەیی و گیان‌بەختکردن لە پێناوی چەسپاندنی سەرکەوتنەکانی هێزە دلێرەکانمان بە سەرکردایەتی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین و ئەوەیان دووبارەکردەوە کە گەلی کوردمان پارێزەری پتەوی دەستکەوتەکانی شۆڕشی پیرۆزی ١٧ - ٣٠ی تەموز دەبێ و ئەو پیلانانەی کە دوژمنان دەیکەن بۆ زیان‌گەیاندن بە یەکێتی نیشتمانیمان سەرکەوتنیان بۆ نانووسرێ چونکە توانای ئەوەیان نیە لە ڕووی ویستی گەلی یەکگرتووی عیراقمانا بوەستن .

عەمید ڕوکن سەرۆکی ئەرکانی سەرکردایەتی گشتی سوپای میللی و هاوڕێ فلاح مطر سەرکردەی ناوچەی بغداد - ڕصافە و هەندێ لە کاربەدەستانی سەرکردایەتی گشتی سوپای میللی بەشداری‌یان لە بەڕی‌کردنی جەنگاوەرەکانا کرد .

ئاهەنگێکی هونەری لە هەڵەبجە

ڕۆژی یەکشەمبە ڕێکەوتی ٦-٢-١٩٨٣ تیپی مۆسیقای شنرۆی و تیپی نواندی هەڵەبجە ئاهەنگێکیان سازکرد لە هۆڵی سینمای هەڵەبجە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ ، لەم ئاهەنگەدا چەند گۆرانیەك پێشکەش‌کراو گۆرانی‌بێژی میللی محمد ابراهیم عبدول کەرم‌کەری ئاهەنگەکە بوو ، هەروەها گۆرانی بێژی ناوچەی

هەورامان عوسمان کەچێنەیی بە چەند گۆرانیەك ئاهەنگەکەی ڕازاندەوەو هونەرمەندان چەند گۆرانیەکیان پێشکەش‌کرد .

دوا بەدوای ئەمان تیپی نواندی هەڵەبجە شانۆگەری (کێشە)یان پێشکەش کرد لە نووسینی صلاح حاجی عەلی و دەرهێنانی بۆز سەرشانۆ کامەران احمد بوو .

احمد عبدالرحمن

کۆبوونەوەی لیژنەی بەرەی نیشتمانی لە هەولێر

لیژنەی بەرەی نیشتمانی لە هەولێر باسی چۆنیەتی پەرەپێدانی چالاکی لاکانی دەکا .

لیژنەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوو لە پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست حسون جواد ئەندامی بەسەرۆکایەتی هاوڕێ علی نووسینگای ڕێکخراوەی ناوچەی ژوورو ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی شوعبەی حزب لە هەولێر .

لەم کۆبوونەوەیەدا ئەمینداری نهێنی شوعبەی حزب دەوری لیژنەو لاکانی ناوی دووبارەکردەوە لە قووڵکردنی هاوکاری جەماوەردا لەگەڵ ئەو بارانەی قۆناغی ئیستا دەریان دەخاو ئەو هیوایانەی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش هەیانە بۆ پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و چەسپاندنی هاوسوێندی ناو بەرە بە ڕێگای بەهێزکردنی گیانی سەرکەوتن لە جەنگی قادسیەی صدام و ڕەوتی سەر - کەوتووی شۆڕشمان بە پێشەوایەتی سەرەکی بەڕێز صدام حسین .

لیژنەکە لە کۆبوونەوەکەدا باسی هەڵویستی عیراقی کرد بەرامبەر کاروبارە نیشتمانی و عەرەبی و جیهانی‌یەکان و ئەو هۆیانەی پەرە بە توانای بەرە دەدەن لە فراوان‌کردنی چالاکی لاکانی ناوی و ئەو دەرەتانانەی دەتوانرێ فراوانترین جەماوەریان تیا کۆبکرێتەوە بۆ سوودی کاروبارە نیشتمانی‌یەکان .

لیژنەکە ستایشی ئەو هەڵوێستە مرۆڤایەتی‌یەی کرد کە لەو نامەیەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین‌دا بوو بۆ خێزانی دواکەوتوو و ڕاکردووەکان لە خزمەتی سوپا کە بە تەواوی دڵفراوانی سەرکردایەتیمانی دەربڕی و سووربوونی لەسەر کردنەوەی هەڵی‌فراوان بۆ هەموو عیراقی‌یەکان .

کۆنگرەی تایبەتی کرێکاران لە سلێمانی

هەفتەی ڕابوردوو یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگای سلێمانی لەژێر دروشمی کەرامەت لە نان بە نرخ نرمو بە چاودێری بەرێز جعفر عبدالکریم بەڕۆنجی پارێزکاری سلێمانی تۆنترەیەکی تایبەتیان بۆ لیکۆڵینەوەی جێبەجێکردنی نەخشەی کاری ڕێکخراوی نەقابەی کرێکارانی ساڵی ١٩٨٣ بەست ئەمەشی بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی یەنگی قادسیەی صدام دەستی‌پێ‌کرد .

بەرێز پارێزگاری سلێمانی لەگەڵ هاوڕێ ئەمینداری نهێنی نوسینگەی کرێکاران لە سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی سلێمانی لەگەڵ سەرۆکی دائرەو یەکێتی و ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکانی پارێزگا ئامادەبوون .

پاشان لە لایەن کاك ئاڤق طاهر رشید سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگای سلێمانیەوە بە وتارێك کۆنگرەکە کرایەوە .

هەروەها لە لایەن بەرێز پارێزگاری سلێمانیەوە وتارێك خوێندرایەوەو پەنجەی بۆ ئەم سەرکەوتنە مەزنانەی سوپای دلێرمان کێشا کە لە ناوچەی میساندا بەسەر سوپای ڕژێمی ئێراندا وەدەستیان هێناوەو هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بۆ جەماوەرانی پارێزگای دووپات کردەوە کە پێویستە لەم دۆخەی ئێستای وڵاتەکەماندا زیاتر چاکی کارکردن و تێکۆشان بکەن بەلادا .

پاشان لیژنەی سەرکردایەتی کونگرە بە سەرۆکایەتی بەرێز پارێزگاری سلێمانی پێکهێنرا لەگەڵ لیژنەیەکی تر بۆ دارشتنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کونگرەی ناوبراو .. پاشان دەستکرا بە خوێندنەوەی نەخشەی کارکردن و ڕێنمایی مەلبەندی یەکێتی گشتی نەقابەو لیکۆڵینەوەی لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوەو لە ئەنجامدا بریاری ئەم خاڵانە درا .

١ - دانانی نەخشەی کاری ڕێکخراوی نەقابەی ساڵی ١٩٨٣ بە کیلی کارکردنی هەموو فەرمانبەرو کرێکارانی دائرەکان .

٢ - بڵاوکردنەوەی ئەو ئەخشەیە بەسەر وەکیلە بازرگانەکاندا .

٣ - هەڵسان بە زەنجیرە کارێکی هەرەوەزی فراوان لە ناو کارگە بەرهەم هێنەرەکاندا بۆ پاڵپشت گرتنی جەنگی ڕەوای وڵاتمان .

٤ - سازکردنی ژمارەیەك لە کۆڕی جۆربەجۆرو فراوان لە لایەن سەرۆك دائرەکانەوە بۆ باس‌کردن و شی‌کردنەوەی نەخشەی ناوبراو .

٥ - کردنەوەی چەند دەورەیەك بۆ کرێکارانی کارگە بەرهەم هێنەرەکان بەپێی توانا .

٦ - جێبەجێکردنی بریاری کۆڕینی ئابووری وڵات بۆ خزمەتی جەنگی قادسیەی صدام و سازکردنی زەنجیرە کۆڕێك لەم بارەیەوە .

٧ - شوێن‌کەوتنی ڕاستەوخۆی سەرۆك دائرەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیە .

٨ - هەر لەم ڕووەوە سازکردنی چەند کۆڕێك بۆ کرێکارانی ناو کارگەکان .

٩ - لیکۆڵینەوە دەربارەی کەلك وەرگرتن لەو کرێکارانەی کە لە هەندێ دائرەدا زیادن و گواستنەوەیان بۆ ناو کارگە بەرهەم هێنەرەکان .

نوسینگەی سلێمانی

پێشانگایەك بۆ شوێنە وارە کۆنەکانی قەڵا .

بە چاودێری بەرێز پێی محمد ڕشید جاف پارێزگاری هەولێر بەرێوەبەرایەتی شوێنەوارەکان لە قەڵای هەولێر ، بەبۆنەی بیرەوەری هەشتی شوبات ، پێشانگایەکی نموونەیی‌یان بۆ ئەو خانووە کۆنانە کردەوە کە بە وێنەی فوتوغرافی گیرابوو لە گەرماوە کۆنەکەی قەڵا ...

چەند خانوێکی تێدا بوو کە مێژووی دروست - بوونیان بۆ زۆرکۆن دەگەڕایەوە لەمانە (خانوی جمیل فەندی و فتاح چلبی و احمد چلبی ... هتد) گرنگی ئەو پێشانگایە یەکەمین جارە بەم شێوەیە دەکرێتەوە ...

لە ژمارەکانی داهاتوودا ڕیپورتاجێکی فراوان لەسەر ئەم پێشانگایە بڵاودەکەینەوە .

نووسینگەی هەولێر

ڕژێمی ئێران دەبێ ڕێز لە کێ بگرێ ؟.

خیرخوازێك

ئەوانەی شارەزای کارەکان و بریارو خواستەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتانن سەبارەت بە جەنگی نێوان عیراق و ئێران بۆیان دەرکەوتووە کە ڕژێمی ئێران هیچ گوێ‌یەك ناداتە بریارەکانی ئەم دوو کومەڵەی دەوڵەتان و بە پێر ئەو بانگەوازانەیانەوە ناچن کە چارەسەرکردنی ناکۆکی‌یە بە ڕێگەی ئاشتی .

کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان کە ڕۆژی ٢١ شوباتی ١٩٨٣ کرد بۆ وەستاندنی تەقە لە نێوان عیراق و ئێراندا وەنەبێ ئەمە یەکەم کۆبوونەوەبێ بۆ ئەم مەبەستە کرابێ و یەکەم کۆبوونەوەیە لە ٢٨ ئەیلولی ١٩٨٠دا بوو کە بریاری ژمارە (٤٧٩) دەرکردو داوای لە عیراق و ئێران کرد بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانەی ئەوتۆ بجووڵێنەوە کە لەگەڵ بیروباوەری دادوەریانەو یاسا دەوڵەتی‌یەکاندا بگونجێ .. ئەوە بوو سەرەکی فەرمانده صدام حسین بە ماوەیەك پێش دەرچوونی بریارەکە لە تەلفزیۆنی بەغدادا بڵاوی‌کردوە کە عیراق ئامادەیە شەڕ ڕابگرێ و گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا بکات .. بەڵام ڕژێمی ئێران بریارەکەی پەسەند نەکرد .

بریاری دووەمی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان لە ١٢ی تەموزی ١٩٨٢دا بوو کە ژمارەی بریارەکە (٥١٤) بوو بریاری دا کە شەڕ بوەستێنرێ و دەستەیەك چاودێریکاران کۆمەڵە نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕاسپارد کە لە ڕێگەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە تەفسەللای ڕێکوپێکانە بدەن تاوەکو چارەسەری‌یەکی سەرجەم و دادوەری و باش و پەسەند لە لای هەردوو لاوە بەپێی بیروباوەرەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دێتەپێش کە بریتیە لە ڕێزگرتنی سەربەستی و یەکێتی خاك و دەستنەخستنە ئیش‌وکاری ناوخۆی ناو دەوڵەتانەوە .

بەڵی .. ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان دوابەدوای ئەمە چەند بریارێکی تریشی دەربارەی وەستاندنی شەڕی نێوان عیراق و ئێران و چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوانیان بەو جۆرەی سەرەوە دەرکردو داوای لە ئەمینداری گشتی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی (بیریز دی‌کویلار) سەر لە نوێ کردەوە کە ڕانەوەستێ و هەر خەریکبێ کە ئاسایش بگەڕێتەوە ناوچەکەو چونکە خایاندنی شەڕ لەوانەیە ئاسایش و ئارامی نێو دەوڵەتان تووشی مەترسی بکات .. بەڵام ڕژێمی ئێرانی خەڵەفاو نەك هەر ئەم بریارانەی پەسەند نەکرد بگرە دوای بەدوای ئەم بریارانەش چەند بریاری تر کە ئەنجوومەنی ناوبراو دەری بکرێن لە لایەن عیراقەوە پەسەند دەکرێ و لایەن ڕژێمی ئێرانەوە هەر گوێی لێ‌ناگیرێ .

ئەوەی کە پرسیارەو لێرەدا بکرێ ئەوەیە .. ئایا ڕژێمی ئێران تەنیا هەر دژی خواستەکانی گەلانی ئێران و داخوازی‌یە ئاسایشانە پیرۆزەکانی عیراق و تەفەللای هێزە خێرخوازەکان وەستاوە یاخود دژی هەموو بریارو بانگەوازێکی مرۆڤانەی نێو دەوڵەتانە کە خزمەتی ئاسایش و پێشکەوتنی گەلان دەکەن و دەیانەوێ هەموو مرۆڤێ بەختیارو مرۆڤانە بژی ..

دیارە وڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە یان مرۆڤایەتی و هەموو ئەو دەوڵەتانەی جیهان خراپن کە ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتانن و ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانن و ئەندامانی وڵاتانی بێ‌لایەنن یان ڕژێمی بێ‌مێشکی ئێران بە تەنیا خراپ و درندەیە .

Institut Kurde de Paris

کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە

لە چوارچێوەی چالاکی ڕۆشنبیری دەزگای ڕۆشنبیری یەکێتیدا کە لەم دواییەدا کەوتوونەتە نواندنی چالاکی فراوانی ڕۆشنبیری هەر لە دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی یەوەتا ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوانو بەڕێوەبەرایەتیەکانی جەماوەر . . . لەو چوارچێوەیە ئاوڵە ١٦-٢-١٩٨٣و لەسەر داخوازی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر ، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ شاعیران کاك (عبدالله عباس)و کاك (صلاح شوان) ڕێکخرا .

لەم کۆڕەدا ، پێشەکی کاك عبدالله عزیز خالد ،هەردوو شاعیرەکەی پێشکەش کردو دەربارەی ژیانیان و ڕەوتی شیعریان هەندێ لایەنی ڕوون کردەوە.

ئینجا کاك عبدالله عباس باسی سەرتاکانی دەستدانە شیعری کردورای گەیاند کە شیعری بۆ دوو مەبەست وتوە ، یەکەمیان بۆ ئینسانی کوردو دوەمیان بۆ ئافرەت .. ئافرەتی دایك و خوشك و خێزان و دداریش ، لەو لێدوانەشدا کە لە پاشی خویندنەوەی شیعرەکانی لەگەلیا کرا وەڵامی هەندێ پرسیاری دایەوە ، ڕایگەیاند کە هەمیشە ئینسانی کوردی لە لا مەبەست بوەو ، ئەوانەی گومان لە خۆشەویستی دەکەن بەرامبەر ئەم ئینسانە ، ئەوا بەلای ئەمەوە بەرامبەر خۆشەویستی یەکەی ئەم بۆ ئەو ئینسانە ... ئەو گومان کەرانە بە کورتە بالا تێدەگا . هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکدا وتی : هیچ شاعێرێك لەوانەی ئێستا کاریان تێ نەکردوم ، چونکە هەموویان هاوڕێی منن و لە یەك قۆناخدا زمانی شیعریمان هاتۆتە گۆ . بەڵام لە شاعیرانی عەرەب ..وتی : محمود دەرویش کاری تێ کردوم .

ئینجا کاك صلاح شوان باسی سەرەتاکانی خۆی کردو ڕای گەیاند کە شیعرەکانی ئەم زیاتر درێژ خایەنن و هۆیەکەشی ئەوەیە شیعر لە لای ئەم مەوزوعەو لای مەبەستە کە مەوزوعەکە بەتەواوی بقۆزێتەوە ، دوایی باسی بزوتنەوەی ئەدەبی ڕوانگەی کردو باری سەرنجی خۆی دەربارەی کرد کە لە هەندێ لە شیعرە کۆنەکانی پەشیمانە ، چونکە زیاتر سۆزو عاتیفە دەوری تیما بینیون .. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نکوڵیان لێ ناکاتو بە شیعری خۆی دەزانێ .

لە پاشا کاك صلاح چەند پارچە شیعرێکی خوێندەوە ، کە تەنها یەکێکیان نوێ بوو ، ئەویش وەکو وتی هێشتا تەواو نەبوە ..

لەم کۆڕەدا کە لە مۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر گێڕرا بەڕێز مامۆستا محمد محی الدین جێگری ئەمینداری ڕۆشنبیریو لاوان وهاوڕێ عبدالمحسن خلیل ڕازگری نووسینگەی پیشەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە هەولێرو هەندێ لە مامۆستایانی نووسەرو ئەدەب دۆستانو قوتابیانی زانکۆی صلاح الدین ئامادە ببوون .

عبدالوهاب تاڵەبانی
نووسینگەی هەولێر

هوزانەکا نەیاسو دەستنفیس

نجیب صالح بالایی

ل ژمارە (٥٩٨) ساڵا ١٩٨١ د ڕۆژنامە د (هاوکاری)دا سەیدا (وەصفی حسن ردێنی) هوزانەکا نەیاس بەلاڤ کرو داخاز ژمە کربوو هەر کەسێ بزانێت ئەڤ هوزانە یا کێ یە بلا خویا بکەت دا بێتە پاراستن و سەیدایێ نافبری هوزان ژ زاردەڤی (اسعد حفظالله)ی خەلکێ گوندێ (دەرگەلێ) ل دەڤەرا بەرواریا وەرگرتبو ... بێ گومان بەری چەندەها ساڵا خاندگەهێت مە مزگەفت بوون و بزوتنا ئەدەبی و ڕوشنبیری دکەفتە ل سەرملێت مەلاو فەقیا ... ئەوا ژی تەخسیری نەکریە و گەلەك دەستنفیس بومە بێت بجهـ هێلای و هەر وەختێ ئەم ل بابەتەکێ ئەدەبی دا ئالوزبین دێ زڤرینە کەلەپورو دەستنفیسێت وان .

ل دویف ڤێ چەندێ بەری هەیامەکێ دەستنفیسەك ب دەست من کەفت بەلێ چ مێژو ل سەر نین و چ ناڤ لە سەر نین کو بزانین یا کێ یە ... بەلێ پشتی چەند پرسیار او دویف چونا دیار بو کو ئەڤ دەستنفیسە ب (قەلەمێ) دوو مەلا یا هاتی یە نفیسین ئێك ژوان مەلا خەلیلێ نورەیی یێ ژێ وی نهو (٦٦) ساڵەو لگوندێ پیرومەرا ئاکنجی یە ... دەمی من پرسیار ژ مەلا خەلیلی کری گوتی : بەلێ من هندەك ژی نفیسیەو یادی ژی مەلا (ئوسمان طەیب)ی یا نفیسی دەمی مەلا لگوندی نورە مەلا ئوسمان نهو یێ ساخەو ژێ وی گەهشتیە (٦٥) ساڵاو نهو لگوندی (سندوری) ئاکنجی یە .

ئەڤ دەستنفیسە پشتی چەند هوزانەکا دگەهێتە وێ هوزانێ ئەوا (وەصفی حسن)ی ، بەلافکری و گوتی نەیاسە لینێ ڤێ هوزانێ نافێ هوزانڤانێ کورد (شیخ نورالدین بریفکی)دانایەو لێ نفیسی یە ... ئەڤجا لفترە خویا دبیت کو ئەڤ هوزانە پارچە هوزانە یا (بریفکی)یە . ئەم هیڤی دارین هەر کەسێ تشتەکێ بنەجهترە ژێ بزاانیت خویاو بەلافبکەت ، نهو دگەل وێ هوزانێ :-

چەند دبێژم چەند بەیانکەم
سرو حالان لێك عەیانکەم
مەخفیان ناشکراکەم
کەس بحالێ من نزانی

● ●

ئەز نزانم سرو حالان
ئاهـ ژ دەستی چاڤ خەزلان
هەر دنالم مەهـو ساڵان
کەس بحالێ مـن نزانی

● ●

مەهو ساڵان هەر دنالم
شەڤو ڕۆژا طالبدارم (١)
عاشقێ بەژنا شەپالم
کەس بحالێ من نزانی

● ●

عاشقێ بەژنا لەطیفم
خەستە حالم بر زەعیفم
موبتەلا قەدا ئەلیفم
کەس بحالێ من نزانی

● ●

خەستە حالم پـر فەنامە
ژ یارو دۆستا یێ جودامە
عاشقێ نورەا خودامە
کەسی بحالێ من نزانی

● ●

ڕازە بێ وەڵامەکان

پێش کەشە بەو جوانەی بەمەوی ئەم هەڵبەستەی بێ بەخشیم

ـ غەریب پشدەری ـ

پەنجەی نازت بە ئەسپایی
بە سەری کاسمدا ، بێنە
هەودای تان و پۆی خەیاڵ
وەك فریشتەی خوا ، دابێنە

● × ●

سەرنجی گەرمی جار جارەی
تیلەی چاوی پڕ گفتوگۆ
هەزاران ڕاز ، دەدرکێنێ
لە خۆشەویستی من و تۆ

● × ●

زەردەخەنەی سەر دوو لێوی
ووشە لە ناوا قەتیس ماو
بێ دەنێتە ناو هێلانەی
وڵی چەند ساڵەی بەجێماو

● × ●

خورپەی دڵی بێ ئارام
لەگەڵ هەستی ترپەی ، پێتا
دەبێتە پێش قەرەڵێ
لە بەردەم هەنگاوی ڕێتا
شەرمەزاری کرنۆشێکە
لە میحرابی چاوی ڕەشت
لێوی زبرم کە دەگاتە
لاڕوومەتو کولمی گەشت
ویستت شتێکم پێ بڵێی
کە دەمت نا بە گوێمەوە
بە چرپەی لێوی ناسکت
زۆر نەمابوو ، بتوێمەوە

● × ●

پەریزادەی هێژاو مەزن
لە مەوارگەی دڵی تەنگم
بڵێی ئازارت پێ نەگا
تاکە جوانی شۆخو شەنگم ..! ؟

کێ بە حاڵی من نازانێ

وەگو سەرنج دەدەین وادیارە هەر ئەم پارچە شیعرەیە کە لە شوێنێکی تری ئەم ڕۆژنامەیە لە شیعری (شیخ نورالدین بریفکانی) ناسراوە ، بلاوکردنەوەشی بێ کشك نییە بەتایبەتی بۆ دیارکردنی ڕێبازی پارچە شیعرێك کە لە بەری بادینانەوە بۆ بەری سۆران ڕێی کردووەو ئەوونەی یەکیەتی ئەدەبی و پەرینەوەی کارتێکردنی شێوازی هونەری شیعری کۆنی پێوە دیاری دەکرێت .

پارچە شیعرێکی شاعیرێکی کۆنی نەناسراوە
خالد شەیدا ناردوویەتی

چۆن بێژم ، چۆن بەیان کەم
سری حاڵان کەی عەیان کەم
.. ..
کێ بە حاڵی مـن نازانـێ
چۆن بێژم سـری حـاڵان
ئاهـ لەدەسـتی چاو غـەزاڵان
مـن دەنالم ماوسـاڵان
کەس بە دەردی من نازانێ
ماهو ساڵان من دەنالـم
عاشـقی بەژنـی جەمالـم
شەوو ڕۆژ تاڵ بووە حاڵـم
کـێ بە حاڵی مـن نازانـێ
عاشـقی بەژنـی لەتیفم
مویتەلای قامـەت ئەلیفـم
خەستە حاڵان بـەرزەعیفـم
کێ بە حاڵـی من نازانـێ
خەسـتە حاڵان پـڕ خەتامە
عاشقی بـەژنـی (خـەرامە)
هەر بە بینین جانفیدامـە
بۆ جەماڵت موبتـەلامـە
.. ..
کێ بە حاڵی مـن نازانـێ
ئەو جەمـالا ڕەنگ قەمە بوو
مسکن و زولفان لەسەر بوو
ئەو لە زاتێ لەمیەزەل بـوو
کێ بە حاڵـی مـن نازانـێ
ئەو لە زاتێ ڕەبی عالـی
ئەو دڵەم دائیـم دەنالـێ
قەت ناچیت جسمم لەیانـی
کێ بە حاڵـی من نازانـێ

پارچە شیعرێکی خوێندەوە ، کە تەنها یەکێکیان نوێ بوو ، ئەویش وەکو وتی هێشتا تەواو نەبوە ..

لەم کۆڕەدا کە لە مۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر گێڕرا بەڕێز مامۆستا محمد محی الدین جێگری ئەمینداری ڕۆشنبیریو لاوان وهاوڕێ عبدالمحسن خلیل ڕازگری نووسینگەی پیشەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە هەولێرو هەندێ لە مامۆستایانی نووسەرو ئەدەب دۆستانو قوتابیانی زانکۆی صلاح الدین ئامادە ببوون .

عبدالوهاب تاڵەبانی
نووسینگەی هەولێر

یادداشتی هاوکاری

● **ئەنفەڵ گولیك :**

هەڤالێن مەبێت هیزا کەلەك هوزانو گوتارو بسەرهاتی و نامەبێت ڕەندو شرین بۆ مە هەنـاردن ، مە بخێرهاتنەکا گەرم ژ وان هەڤالانو دیاربێت بەرکەتی وان دەکەین :

اسماعیل حسین محمد ـ دهوك
عەدنان ئەتروشی
جعفر اسماعیل یاسین ـ هەولێر
محمد عبدالرحمن ـ دهوك
ڕەمەزان کەمەکی ـ دهوك
صلاح شکری ئاکرەیی ـ ئەینەوا

● **کتێبی (هەنبژاردە لە شیعری فولکلوری کورد)**

لە هەولێرەوە کاك طارق محمد سعید چەند سەرنجێکی دەربارەی ئەم کتێبەی مامۆستا فاروق حفید کردووە بە وونارێك وا بەکورتی پوختەی سەرنجەکانی دەنووسینەوە :

١ ـ ئەدەبوو لەسەر بەرگی کتێبەکە بنووسرێت (نووسینو کۆکردنەوە) چونکە فۆلکلور نووسینی دانەر نی یەو کۆکردنەوەیە .

٢ ـ لە ٢٥ جار بتر ناونیشان و شوێنی نومارکایەك باس کراوە کە شرینەکانی لێ وەرگیراوە .

٣ ـ گلەیش لە نرخە دوو دیناری یەکەی دەکرێت.

● **دیاری شیعری شاعیران :**

ئەم شاعیرانەش کە بە سوپاس و ڕێزەوە ناویان نومارەکەیان نۆبەرەی شیعری خۆیانیان بۆ ناردووین و ئەم بۆنەیەش دەکەین بە مێژوویەك بەلکو لە دوارۆژدا ببێتە مایەی یادگارێکی خۆش و بەنرخ :

ڕێبواری غەمبار (وانەیەك بۆ منداڵان)
صادق احمد شیوەزوری (شیعرێکی دڵداری)
عبدالخالق کریم (پارچەی لەگەل یار)
صباح ڕەنجەبر (بۆ کچێکی لادێیی)
ع.و. مەموندی (بۆ لاوانی مەهابادو سنە)
عبدالله سلێمان محمد امین (پارچە شیعرێك بۆ منداڵان)
فخری باتاسی (زەمین خۆری لێ وون بووە)

● **پەخشانو وونار :**

نیبراهیم عوسمان ڕەشید ،
غازی لادێیی
نوزاد علی حسن

● **ـ شانۆگەری لاس و خەزال :**

کاك عبدالغنی صالح لە هەولێرەوە دوای پێشەکی یەك دەربارەی شانازی کردن بە دەوری شانۆی کوردی یەوەو پێناسینی شانۆگەری یەکەی لاس و خەزال دێتە سەر باسی هۆی سەرکەوتنی چاکی ئەم شانۆگەری یە کە یەکەمیان جۆری بابەتە فۆلکلۆری یەکە یەو دووەمیشیان فراوانی دەرهێنانو کۆکردنەوەی ڕۆلی ئەکتەران لە نێوان شانۆو سینەمادایە .

بوختەی ڕەخنەکانیشی ئەوەیە :

١ ـ جل و بەرگەکان بە پێی ناوچە نەبوون و هی یەك ناوچەش لێك جیاواز بوون .

٢ ـ نیکسوار تەواو نەبوو ، بە نموونە وێنەی فوتوغرافی و جگەرەی فلتەردار لەو سەردەمدا نەبووە .

٣ ـ مکیاجی لاوك بێز لەگەل دەنگەکەی ڕێك نەدەکەوت

٤ ـ دیمەنی تیرپێکانی لاس و جل و بەرگی مام سایل لە هاویندا لە فلیمەسیۆنەایی یەکەدا گونجاو نەبوون .

پەخشانی لادێ

هەر لە باسی پژماندا

کە لە زۆرلەی مەوزووعی پەیدابوونی چیرۆك دووایی و بەستمان بە پلەی پەیدابوونی سەرمایەداری و زاڵ بوونی سەرمایەداری یەوە ، ئەوە وا ئاگەیەنێت کە چیرۆك هەر لە گۆڕەپانی جیهانی سەرمایەداری یەوە کەوەسەو باس و مردە گۆڕێتو دەیکات بە سەرچاوەی دروست کردنەوەو ئەخشاندنەوەی ژیان .

دوکتۆر
عیزەدین مستەفا ڕەسوول

بەڵێ زوربەی ئەو چیرۆکانەی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا بەرهەمهێنراون ، بە زۆر تالی پتەو بەو جیهانەو بەهەمو پێوەندیو ڕووداوو چین و ئاواتی چینەکانی ئەو کۆمەڵەوە بەستراونو هەر وەك ئەو کۆمەڵو ڕژیمو پێوەندیی بەرهەمهێنانە ، زەنگی کاروانی پێشکەوتنو ئاسۆی دواڕۆژو ڕژیمی داهاتوویان پیشاندا ، یا بڵێین بە پیربوونی ئەو ڕژێمەو داتەپانی شەقامی پێشکەوتنو ڕژیمی نوێو ئەمانی چەوساندنەوە شەقکرا . هەروەها لە جیهانی ئەدەبیاتیشدا ، هەر لە باوەشی ئەو کۆمەڵو ڕژیمو پێوەندی یەدا ئەدەبیاتی سۆشیالیستی سەری دەرهێناو چووە پێشەوەو لە هەندێك شوێن باڵی بە سەر هەمو گۆڕەپانی ئەدەبیاندا کێشا

ئەگەر لە مەیدانی تەکنیکی چیرۆکدا زۆر جار باسی « قلاشی باك »و گەڕانەوە دوواوە بکرێت ، ئەوا لە ڕووی باسو ناوەڕۆکیشەوە ، زۆر جار نووسەری لێهاتووی ژیاوی کۆمەڵگای پیشەسازی (بە سەرمایەداریو سۆشیالیستی - یەوە)، تواناو بەهرەو لێهاتوویی و تەکنیکی سەردەم هەڵدەگرێتو دەچێتە دووا وەو چاو بە ڕابوردووی کۆمەڵو نەتەوەدا دەخشێنێت . لەمێژوو و لە ڕووداوو لە ئەفسانەو فۆلکلۆر کەرەسەی داڕشتنی ڕۆمانی تازە هەڵدەبژێرێت . ئەو ڕۆمانە دەبێتە تێکەڵیەکی ناشکرای ڕابوردوو و ئێستاو داڕۆژ ، هەرکە نموونەشی پێویست بێت ، ئەوا ڕۆمانی « پێتەری یەکەم »ی ئەلیکسی تۆلستۆی نموونەیەکی باشی ئەم مەبەسەیە

کە سەرمایەداری ، لادێ دەبەستێ بە شارەوە ، دێهات دەبێت بە بازاڕو بە بەرهەمهێنەری کەرەسەی بەکارهێنان (ئیستیهلاك)و ئەو پێوەندییەی لادێو شار هەندێك لایەنی لە ڕژیمی سۆشیالیستیدا وەك خۆی دەمێنێتو ناوەڕۆکەکەی (کە چەوساندنەوەی لادێیە لە لایەن شارەوە) ، هەر بە ئەمانی سەرمایەو چەوساندنەوە نامێنێ ، ئەوا هەر ئەم کەرەسەو بەرهەمی شارستانێتییە کە چیرۆکە یان ڕۆمانە ، بە تەکنیکی شارو شارستانێتییەوە دەچێتە لادێو ئەو ژیانە تازەیەی لادێو ئەو پێوەندییە تازەیە دەئەخشێنێت .

لەم ڕۆژانەدا ، ڕۆمانی « بزی و لەبیرت بێ »ی ڕۆمان نووسی سیبریایی (ڕاسپۆتین)م دەخوێندەوە ، لە سەرەتای ئەو ڕۆمانەدا یکاترینا ستاریکۆفا نووسیبووی : فالەنتین ڕاسپۆتین ، یەکێکە لە نووسەرە هەرە کەورەکانی ساڵانی حەفتای سۆڤێت . ساڵی ١٩١٧ لە کوندێکی بچوولی سیبریا لەسەر نەو ڕووبارە بەناوبانگەی ئەنگەرا کە گۆڵی (بایکاڵ)ی لەو بەناوبانگتری لێ هەڵدەڕژێت لەدایك بووە نووسەر هەمو بەرهەمی خۆی بۆ خەڵکی ساکاری ناوچە خۆشەویستەکەی خۆی تەرخانکردووەو پلەی یەکەمی داوە بەو فەللاحانەی لە هەمو لایەنێکەوە بەستراون بە سروشتی نوێزادی یەوە . بە هەمو حاڵ نووسینی ئا ئێستای نووسەر (کە بیست ساڵ زیاترە دەستی بە بلاوکردنەوە کردووە) تێکڕا بۆ دێهاتی سیبریا تەرخانکراوە . بەڵام بەرهەمی فالەنتین ڕاسپۆتین ئێستا لە هەمو شوێنێکی وولاتی سۆڤێتدا ناوبانگی هەیە . ملیۆنەها خەڵك دەیخوێندنەوەو ڕێژێسۆر (موخریج - دەرهێنەر)انی شانۆ بەناوبانگەکانو نووسەرانی سیناریۆ دەچن بە پیری یەوەو نووسینەکانی خراونەتە سەر زۆر زمانی بێگانە .

چەند ساڵێکە ڕەخنەگرە سۆڤێتیی یەکان بایەخێکی زۆریان داوە بەوەی نووسەر چۆتە ناو کەرەسەی «لادێی»ی سیبریاوەو بایەخیان بە نرخە گشتی یەکەی ئەو مەسەلانە داوە کە لەم کەرەسەیە هەڵقوڵاونو ئەمەش بایەخدانێکە زۆر لە چوارچێوەی ئەم باسە ڕەت دەبێ .

بەم بۆنەیەوە ، ئەم هەر خاسیەتی ڕاسپۆتین نی یە ، بەڵکو چۆتە ناو بەرهەمی گوڵدەستەیەك لە نووسەرانی سۆڤێتی ی ساڵانی شەستو حەفتاوەو تیرمین (اصطلاح)ێك کە کەمێك وورد نی یە بەڵام لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتدا داچەسپاوە دەیانبەستێت بە یەکەوە ، ئەویش تیرمینی « پەخشانی لادێی »یە . کە لە خۆیدا زۆر کەمس ڕازی ناکاتو نووسەرانو ڕەخنەگران ناڕەزایی بەرامبەر بە تەسکی ئەم تیرمینە دەردەبڕن ، لەگەل ئەوەشدا شوێن پێی خۆی بە قووڵی لە پراکتیکی ژیانی ئەدەبی ساڵانی شەستو حەفتادا داچەسپاندووە تا وای لێهاتووە کە مەسەلە تایبەتی یەکانی سەرەنجامی فەللاحو هاوسەنگی لە نێوان ژیانی شارو لادێدا ، سەر لەنوێ ، پایەیەکی بڵندی ببێت ، وەك لە ئەدەبیاتی ڕووسی دوو سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا هەیبوو

لەڕێیەوە ، سەیرو چاوەڕوان نەکراوە کە نووسەرانی سۆڤێتی شەستو حەفتا بایەخ بە لادێ بدەن . لە وولایکی پیشەسازی لێکراوی گەورەدا، لە چەرخی سۆشیالیزمو شۆڕشی زانستو تەکنەلۆژیادا ، لە کاتێکدا کە زوربەی دانیشتووانی وولایەت کە لەوەبەر خاکی کشتوکاڵ بوون ، هاتوونەتە شارەوە ، کتوپڕ زۆر نووسەر جێکەی قارەمانی سەرەکی دەبەخشن بە پیرێزنێکی ساکاری لادێی ، بە ژنە ڕووسی سەرەنجام سەختی، دل پاکی ، بۆ گشت جیهان کراوە ، بە پارێزەری داب و نەریتی ئەزەلی ی گەل .

لای ڕەخنەگران وایە کە هۆی قووڵی ئەم وەرچەرخاندنە لە خێرایی بەو کۆڕینە کۆمەڵایەتی یانە - دایە کە لە وولاتدا ڕووی دەدات

کاتێك زۆر کەس ناچار دەبێت لە زەمانێکی وادا کە بەمەنی پشتێکە ، خۆی تەواو لەگەل زرووفی ژیانی تازەدا ڕابێنێت هەمو لایەنی پێوەندی لەگەل ئەو جیهانەدا نەهێڵێت کە تێیدا لەدایك بووە ، ئەویش جیهانی لە سروشتی تازەو بەڕەوە نزیکە، ئەوا لەم پلە مێژوویی یانەدا زۆر بە یەکدادانی درامی دروست دەبێت ، بەتانەت دەشبێتە کارەسات . ئەمەش جێی سەرسووڕمان نی یە ، چونکە ڕیکەی پێشکەوتن ئالۆزەو هەندێك جار بڕە لە ناتۆی .

حوێنەر مەمنوونی ئەو نەدەبیانە یە کە بە ووشەی شیعر نامێز هەمو ئەو شتانە دەردەخاتو دەنوێنێت کە ئەو ، واتە ، نەنازیارو کرێکاری هاوچەرخ ، لە پشت ئەو باوو باپیرەوە بایەخی پێدەدەن ، کەژیانیان دوور لە شاری کەورە بردەسەرو ئەویان بەبچووکی لە ناوو هەوایەکی پڕ لە بۆنی گوڵەکەنو مەناسەی ڕووباری تازەو گوڵاوی دارستانی خەواڵوودا پێکەیاند

« پەخشانی لادێ » ئەو گۆڕینانەی نواند کە لە ئەنجامی گۆڕینی زانستیو تەکنیکیو کۆمەڵایەتیدا بە سەر گوندی سۆڤێتیدا هاتوون . ئەم ئەدەبە بە بایەخو بەڕۆشەوە ئەرکی کوڕی لەپاراستنو مانتاوایی یادی ئەو جیهانی گوندی کۆنی سۆڤێتی یەدا بەجێهێنا ، کە لە دەیان ساڵدا گۆڕینێکی گەورەی بە سەرداهات » .

« سەرکەوتنی (پەخشانی لادێ) لە یەکخستنی دواکەوتنی ڕۆژانەی هەست پێکراو (کۆنکرێتی)ی ژیانی ڕەنجدەرانی سادەی لادێو شارو مەسەلە ئەزەلی یە بنەڕەتی یەکانی پەیامی مرۆڤو پشت بە

Institut Kurde de Paris

پیشانگاکەی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات و روانینی هونەرمەندانە..

- لە ژێر چاودێری بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە ٢٠-٢-٨٣ پێشانگای هونەرمەندی کورد ئیسماعیل خەیات لە ئۆتێلی (الرواق) کرایەوە . ئەوەی شایانی باسە ئەمەنووەم پێشانگای کاك ئیسماعیلە لەم ماوەدا لەماوەی پارو ئەم ساڵدا پێشانگای ئەم ساڵی بیستوپێنج ئابلۆی گرافیکی تێدا بوو .

- ئەوەی پێشانگای ئەمجارەی هونەرمەندی بینیبێ بەچەند خاڵێکی سەرەکی کە زۆر دیارە هونەرمەند لە باقی هونەرمەندەکانجوێ دەکاتەوە جگە لەوەی کە هەر یەك لە ئێمە ناوەڕۆکی تابلۆکانی بە جۆرێك شی دەکاتەوە بەڵام سەرئەنجام هەر یەك دەگرنەوە .

ئەو خاڵانەش لەوپێوەندیە گرنگەی نێوان هونەرمەندو خاكەوە دەست پێدەکات کە بوەتە ناونیشانی زۆر لە تابلۆکانی هەروەها ئەو نێشی و ئازارو ماتەمینیە کە بەسەر ڕووی تابلۆکانەوەلەوە دەکا ئەگەر بێت لە کاك ئیسماعیلی بیشاریتەوە وەك ئەوەیە ئەمێنێ هەناسە بدات ، سێ ئەو گرنگیەداویەتی بە باڵندە کە هەر جار بە جورێك بەدی دەکرێ و زۆرسەرنج ڕاکێشە ، چوار ئەو سەبرو تاقەتەی هونەرمەند کە توانیویەتی بە گرافیك پانتایی ئەو تابلۆگەورانە پر بکاتەوە کە زۆر پێویستی بەوریایی و وردەکاریە .

لەمانە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە کاك ئیسماعیل تەنیا هونەرمەندێکە لەعێراقدا کە گرافیکی بەکار هێناوەو توانیویشیەتی مەبەستەکانی خۆی تێدا ڕوون بکاتەوە .

- لە چاو پێکەوتنێکدا لەگەل کاك ئیسماعیل خەیات داوای بیروڕای خۆیمان کرددەربارەی ئەو بۆچوونانە ،

- مەسەلەی خەفەت کەدەڵێن بە تابلۆکانمە زۆر دیارە من لای خۆمەوە بەهۆیەکی دەزانم بۆ ئەوەی مرۆڤ ئیشی گەورەتر بکات . جگە لەوە هونەری ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشی هەمووی ئەوەی پێوە دیارە هەر وەها بەکارهێنانی قەڵەمی ڕەش لەگەل ناوەڕۆکی تابلۆکاندا وابزانم گونجاوە هەرچەندە ئەمە کەرەسەیەکی ساکارەو هەمووکەی بەکاری دەهێستن بەڵام من دوای تاقی کردنەوەیەکی زۆر هەڵمبژارد-دوەو زۆر شانازی پێوە دەکەم چونکە توانایەکیزۆر گەورەی تیدا بەوەی دەکەمو زۆر یارمەتیم دەدا بۆگەیاندنی ئەو هەستە کە ااى لێ کردوم زۆرتر ببەسرێمەوەبەم کەرەسیەوە .

- بەنسبەت باڵندەشەوەکە زۆر جار ئەم پرسیارە دووبارە دەبێتەوە هەندێ لایەنی تێدایە کە پەیوەندی هەیە بەسەردەمی مندالیمەوەکە حەزم لە پەروەردەکردنی هونەر دیاردەیەکی کۆمەلایەتیەو لەناواخنی خۆیدا چەند شێوەیەکی هەست پێکراوی هونەری جیاوازی لە خۆگرتووە وە لە ئەدەبو وێنەکیشانو مۆسیقاو هونەری پەیکەرتاشیو شانۆ . چۆنێتی سەرهەڵدانی هونەر هەندێ دەیگێڕنەوە بۆ لاسایی کردنەوەی سروشتیو کەسانیتر دەڵێن هەست کردن بە جوانیو وێنەناسکەکان ، هەر لە سەرەتاوە لەگەل مرۆڤدا پێ بە پێ ڕۆیوە ، هەروەها چارەسەری واقیعی بۆ مەسەلەی سەرهەڵداتی هونەر لەوڕایەدا خوی دەبینێتەوە کە هونەر ناوەڕۆکەکەی لە واقیعەوە وەردەگرێتو بەرهەمی هونەری هەر بە ناچاری لە ژیانی کۆمەلایەتی خەڵکەوە پەیدابووەو لە خزمەتی، داوا کۆمەلایەتیەکاندایە .

هونەری ، تەشکیلی وەکو لایەنێکی زیندوی هونەر چالاکیەکی هوشیارانەی مرۆڤە بۆ دەربڕینی جوانی سروشتیو ڕەنگدانەوەیەکی عەقڵکم‌فبت‌بەزتلت‌ق‌بە گ واقعی مرۆڤ . هونەرمەند بە هەستێکی ناسك‌و بە خامەی ڕەنگینی وێنەی ئەو ڕاستیانە دەگێشێتە کە خەیالی هونەرمەند دامێنەریەتی ، نەك تەنها ئەو ڕاستیانەی کە پێشتر بوبێت یا ئیستا لە بوندابن بەڵکو وێنەی ئەو ڕاستیانەش دەکێشێتی کە نەبینراوە وە هەستیان پێنەکراوە بەڵام هونەرمەند بە پێی بۆ چونە فەلسەفی-یەکەی دروستی دەکات ، ئەمە جگە لە

ڕۆلی زانستیو نایدۆلۆژی هونەر کە هەمیشە هونەر لە ژێر کاریگەری بارو دۆخی کۆمەلایەتی دایەو لە ئاوات‌و ئامانجی چینێك دەدوێ ، کەواتە هونەرمەند ناتوانێ لە ئەمڕۆکەی ئێمەدا پێ‌لایەن یوەستێتەوە ، لێرەدا ناتوانین باسی هونەری تەشکیلی یە شێوەیەکی تایبەتیو لەسەر ئاستی جیهانی وەیا بە شێوەی پەیدابوونی لەلای مرۆڤی سەرەتایی و فەلسەفەی هونەری تەشکیلی یا قوتابخانە هونەریەکان باسی بکەین ئەمە خۆی لە خۆیدا یاسێکی سەربەخۆیەو مەبەستی ئێمە نییە لەم نووسینەدا ، ئەوەی مەبەستمانە سەرنج دانێکە لە باری ئەمڕۆی هونەری تەشکیلی کوردی . لە دوای حەفتاکان بە دواوە کلتوری کوردی تەکانێکی یە خۆیداو زۆر لایەن بوژانەوە نووسەرو هونەرمەندان بە شەونوختیو بەیێ ئارامیەوە لە هەوڵو کۆششێکی بەردەوامدا بوون بۆ پەرەپیدانو دەوڵەمەند کردنی کلتوری کوردیو هێنانە کایەی هونەر یا ئەوەیێکی ڕەسەنو هاوچەرخ کە هەردەم لە خزمەتی قۆناغەکەدا بێتو پێ بە پێ لەگەل ئاواتو ئامانجی جەماوەردا بڕوات یەکێ لەو پوارانە هونەری تەشکیلی بوو کە چەند هونەرمەندێکی لاوو مامۆستا ڕۆڵێکی باشیان دی بۆ پێشخستنی هونەری تەشکیلی کوردی ، بۆ ئەوەی ڕوویەکی شارستانی هەیێو لە کاروانی کلتوری کۆمەل دوانەکەوێت لە هەمان کاندا لەگەل مەسەلەکانی سەردەمیشدا لە ژێر کاریگەری ئەو قوتابخانە هونەریانەی کە لە ئارادا بوون بگونجێ .

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هونەری تەشکیلی بێو کەم‌وکوڕیە ، ئەوەی تێبینی دەکرێت . ئەم بوارە (هونەری تەشکیلی) وەکو پێویستی شان بە شانی بوارەکانی دی نەڕۆیشتووە وەکو لە شانۆدا دەبینرێت ، شانۆی کوردی ، هەنگاوی چاکی ناوەو خەڵکی هۆگری شانۆ بوون ئەمە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندیە نزیکەی شانۆ بە جەماوەرەوە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هونەری تەشکیلی دوور بووە لە هەموو ژیانو کۆزانەکانی مرۆڤی کورد ، بە پێچەوانەوە هونەرمەندانی ئەوتۆ هەبوونو هەن لەگەل خواستی مرۆڤی ئەم وولاتەدا تووانەتەوە بە تابلۆی هونەری لەگەل خەڵکەدا ژیاوە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هونەری تەشکیلی نەیتوانیوە وەکو شانۆ جەماوەرێکی زۆر لە خۆی کۆ بکاتەوە .

بێمێنەرە بەرچاوت لە پێشانگایەکدا تابلۆیەك دەبینیو هونەرمەندەکەش لە مۆلەکەدا نییە لەم حالەتەدا تابلۆکە دەبێت خۆی بەوێت بەڕای من هونەری تەشکیلی کوردی ئەمڕۆ خۆی لە کیزاوێکدا دەبینێتەوە بەهۆی دوو دیاردەوە .

دیاردەی یەکەم لە دوای نیوەی حەفتاکانەوە لە ئەدەبدا دیاردەیەك بەرچاو دەکەوت ئەویش بوونی شەپۆلێکی ڕووکردنە شیعر نووسین لە ناو لاواندا ئەم دیاردەیە لە سەردەمی مامۆستا گورانو یێ کەسیشدا هەبووە بە هەڵدانەوەیەکی لاپەرەکانی گەلاوێژ ئەو ڕاستیە بەرچاو دەکەوێتە بەپێی سەرژمێری (٣٦٨) شیعر نووس ئەك شاعیر لە هەوڵداندا بوون بەڵام ئەوەتا ئەگەر هاتو هونەرمەند کامیرایەکی نادیاری بە دار هێناو توانی ناوەو بخاتە بەرامبەر چاو ئەوە مانای ئەوەیە توانیویەتی قەڵەم (ئەم ئامێرە نێرکارە ساکارە) بکاتە پێش‌خزمەت بۆ هەڵگرتنی پەیامێك کە هەموو ڕەنگەکانی تر لە توانایاندا نیە ، لە هەمان کاتدا هەموو ئەو ئاوازانەی لەو ڕەنگانەدان هاوسەنگی ئاسایی بۆ گونجاندن وای لە بینەر کردوە بە سەیرکردن پلە پلە بچێتە بە هەشتی ئەو ڕەنگانەی دواییان نایەت ، بەباوەڕی من هونەرمەند لە باقی کردنەوە ئرانەیدا بۆ ئێ‌گەیشتنی قۆڵو خۆشەویستی قوڵی هەموو بەشە خۆشەویستەکانی نیشتمانو لە کەسانی تر زیاتر توانیویەتی ڕەسم بکات‌و لایەنە نادیارەکانی ژیانکەی ئەو سروشتە جوانەی باکوری نیشتمان ڕووناك بکاتەوە .

- هونەرمەند محمد علی شاکر مامۆستای خوێندنگای هونەرە جوانەکان دەڵێ :-

● گومانی تێدا نیە کە کاری هونەری ڕاست لە ناخو هەستێکەوە دێ پڕە لە خۆشەویستی ئەو شوێنەی لێوەی هەڵقوڵاوە کە هونەرمەند تێیدا دەژی . بەرهەمەکانی کاك ئیسماعیل بریتیە لە دەربڕینێکی تایبەتی هەڵکەوتوی خۆی کە هیچ هونەرمەندێکی تر کاری تێنەکردووەو ئەمەش بۆهونەری هاوچەرخ زۆر دەگەیەنێ . هونەرمەند توانیویەتی سوود لە پانتایی ڕەش‌و سپی وەربگرێ بۆ ئاشکرا کردنی شتە نادیارییەکانی دەوروبەرو شێوەیەکی شاعیری ئەبەخشێ کە بینەری سەرپێی ناتوانێ بەخێرایی لێی تێبگا داوای سەرکەوتنی بۆ ئەکەم .

● سەرگول تەیمور ●

چەند هونەرمەندێك بۆ بیروڕایان بەم پێشانگایەی کاك ئیسماعیل کە یەکەمیان هونەرمەندو ڕەخنەگر جمیل حەمودی بوو ووتی :-

- بەڕاستی ، لەم تابلۆیانەدا ، هەرەجوانیەك دەبینرێ ، کەبە گیانی ، ڕەمەزیەتی ڕووتی نوێ خوازی دروست کراون ..

مرۆڤ خۆی لەبەردەمی پشوویەکی دەروونیدا دەبینێ کە بەشوێن ئەو دیمەنەدا دەگەڕێ نایابکاری-یەکی ڕاستی زیندووی ڕاپەڕیو دووپات دەکاتەوەو بریەتی لە وریایی مێشکێك کە هەمیشە لە زەمینەی ئاسمانێکی تەشکیلی خەستو خۆڵی جوانیەوە سەر بەکانە جگە لەوە لەهەموو شتێکدا ڕەخنە دواکەوتوترە لە بەرهەمەکە چونکە دەبێ بەرهەمەکە ببێتو خەڵك ببینێو لەسەری بنوسرێو ئینجا ڕەخنە پەیدا دەبێ سەرەڕای ئەوە کە هونەری تشکیلی خۆی شتێکی تازەیە پێویستیشمان بەهەوڵی تایبەتی هەیە کە لە میژوی هونەر بکۆڵێتەوەو لایەنە جۆر بەجۆرەکانی لێك بدەنەوە سەرەڕای ئەوەو کە مصطلحاتی هونەری دەبێ زیاتر لە گۆڤارو ڕۆژنامە بەکار بێت تا خوێنەر بتوانی لە تابلۆکان تێبگات بەکورتی هەوڵدان هەیە هیوادارین بگات بە ئەنجام .

- ئینجا ڕوومان کردە هەندەدات تابلۆکانی ئەم پێشانەیە پارچە شیعری مۆسیقاویە کە یەکێ لە سیمفونیا تەشکیلیە هاوچەرخەکان پێك دەهێنی کە شۆڕەنوارێکی نایاب بەجێ دەهێنێ .

- هونەرمەند نوری الراوی دەڵێ :-

ئەو پەری توانای هەستێکی یەخەبەر ، بەڵکو وردترین شت کە پەنجەی ناخی دەروون دەگەیەنێتە چرایی سرووشت ، تا لەدواییدا بێتە هەستی عەرجەمی هونەرمەند لەگەل دەربڕینی شێوازی شتەکاندا ، واتە، کارەکانی ئیسماعیل خەیات بریتیە لەیەك گرتنی مرۆڤ‌و سروشتا

ئەمە دیاردەیەکی کۆمەلایەتیەو لەناواخنی خۆیدا چەند شێوەیەکی هەست پێکراوی هونەری جیاوازی لە خۆگرتووە وە لە ئەدەبو وێنەکیشانو مۆسیقاو هونەری پەیکەرتاشیو شانۆ . چۆنێتی سەرهەڵدانی هونەر هەندێ دەیگێڕنەوە بۆ لاسایی کردنەوەی سروشتیو کەسانیتر دەڵێن هەست کردن بە جوانیو وێنەناسکەکان ، هەر لە سەرەتاوە لەگەل مرۆڤدا پێ بە پێ ڕۆیوە ، هەروەها چارەسەری واقیعی بۆ مەسەلەی سەرهەڵداتی هونەر لەوڕایەدا خوی دەبینێتەوە کە هونەر ناوەڕۆکەکەی لە واقیعەوە وەردەگرێتو بەرهەمی هونەری هەر بە ناچاری لە ژیانی کۆمەلایەتی خەڵکەوە پەیدابووەو لە خزمەتی، داوا کۆمەلایەتیەکاندایە .

هونەری تەشکیلی کوردی ئەمڕۆ چریەیەك

(فاروق رفیق)

Institut Kurde de Paris

دەربارەی نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی

نووسینی: وائل عانی/

احمد سیدعلی بەرزنجی کردوویەتی بەکوردی

شیوازەکانی ئاگاداری نامە

ئاگاداری نامە ئیشێکی ڕۆژنامە نووسی ڕووتە ، هەروەك چۆن ڕۆژنامە نووسەکان بۆ پێشکەش کردنی زانیاری بە جەماوەر گەلێ ڕێگای جۆربەجۆری ڕۆژنامەیی دەگرنو حوننەری تیا دەکەن ، ئاگاداری نامەش ئەناوا بەوپەڕی هەمەڕەنگیو شارەزاییەوە بەشێوەو ڕێگای جۆربەجۆرەوە پێشکەش بەخەلکی دەکرێ .

ڕاستە کە واباوە لە ئاگاداری‌نامەدا بەکسەر بچنە ناوچەرگەی زانیاریەکانو بیانخەنە ڕوبۆ خەلکی ، بەڵام ئەم ڕێیە هەندێ جار پەسەندە ، بەتایبەتی ئەگەر چڕوبە وێنەوە بێ ، بەشێوەیەکی خۆش نووسرابێو وەرس‌کەر نەبێ .

هەربەهەلە زۆر ڕۆژنامە وادەڕوانێتە ئاگاداری‌نامە کە هۆیەکی بازرگانی‌بەو لەسەر حسابی ماددەکانی تر دادەبەزێنرێ ، بۆیە قەبارەی ئاگاداری نامە وا تەسك بۆتەوەو وای‌لێ‌هاتووە کە هەر نەمێنێ .

ئەمە لەو کاتەدا کە ئاگاداری نامە خۆی بەزانیاریەك وەك هەمو زانیاریەکانی‌تر دادەنێ ، لە هەواڵو وتارو لێکۆڵینەوە کە پێشکەش خەلکی دەکرێ .

جا ئاگاداری نامە لەبابەت دەستپێکردنی وەرزی گەشت‌و گوزاری زستانەوە لەخۆیدا زانیاریەکە دەیان هەزارکەس بە هەڵپەوە چاوەڕوانی‌ی دەکەن ، سائینتر بۆ وەرزش با هۆی پزیشکی‌بێ یا کۆمەلایەتی .

هەروا ئەو ئاگاداری نامەیەی کە بۆ دەستکەوتنی چەشنە پیلێ دەکرێ لەبازاڕدا ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێو دەتوانێ دەیان هەزار ئامێر بخاتەکار کە لەوەبەر بەهۆی نەبوونی‌یەوە وەستابوون .

ڕاستە کە ئاگاداری نامە لە ولاتانی سەرمایەداری‌دا زۆرجار پەنادەباتە بەر خەڵەتاندنو درۆکردنو قەبارەیەکی گەورەتر لەوەی کە شایەنیەتی دەدات یەو زانیاریانەی مەبەستی‌یە .

بەڵام ئەمە لە کۆمەڵێکدا کە گەل دەسەڵاتی بەسەر هۆکانی ڕاگەیاندنو ئابووریدا هەبێ ڕووناداتە ، چونکە هەر لە پێشدا پێ‌بەپێی سەرژمێر (ئامار)و پێش بینی خۆی نەخشەی بۆ ژیانی کێشاوە .

هەروەك وتمان ئاگاداری نامە زۆر ڕێگای جوێ جوێ دەگرێ ، جاری واهەیە پەنا دەباتە بەر تۆنکرەی ڕۆژنامەیەیش ، زوربەی جار ئاگاداری نامە بەپێی قەبارەی زانیاریەکانی‌و ئەو پانتایی‌یەی کە دەیانەوێ ئەم زانیاریانەی تیا بڵاوکەنەوە ، دادەڕێژرێ .

جا ئاگاداری نامە لەبارەی پێویستی (دامەزراوی گشتی هات‌وچۆی ئاسمانی)(١) بەوە بەو ئافرەتانەی کە میوانداریی(٢) بکەن لەناو فڕۆکەکانیدا ، ئەمە مەرجنیە ڕاستەوخۆ بێ ، هەر بۆنموونە ، ئەوەندە بەسە کە یەکێ لەو ئافرەتە میوانداریانە باسێ دەربارەی خۆشی گەشت‌و گوزارو گەڕان بەهەموو دنیادا بکا ، لەگەل ئەم قسە خۆشانەشدا ئافرەتەکە دەستە خوشکەکانی بانگ بکات تا چاو لەو بکەنو بێنە ڕیزەوە .

هەروا ئەگەر بمانەوێ ئاگاداری نامەیەك دەربارەی دەرچوونی کەل‌وپەلێکی نوێ بڵاوکەینەوە ، ئەوا هیچ پێویست ناکات کەلە شێوەی بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا دایڕێژین ، بەڵکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی با کاریکاتۆری لەگەل دێڕێك ڕوونکردنەوەی چردا کارەکە مەبەر دەکات .

گرنگی ئاگاداری نامە

هەمو کەل‌وپەلێك بابەتی ئەوە نییە کە ئاگاداری نامەی بۆ بڵاوکرێتەوە ، هەروا بانگەوازو بەیاننامەکانی دەوڵەت پەناگاداری‌نامە بڵاوکردنەوە رازی نین .

چونکە جگەرەو مەی‌و(٣) هەندێ داودەرمان لەگەل ئەوەشدا لەناو خەڵکیدا زۆر بەکاردێن بەڵام ئاگاداری نامە بۆیان ناگونجێ لەگەل هەوڵی دەوڵەتدا بۆ زاڵ‌بوون بەسەر نەخۆشییە کۆمەلایەتی‌و جەستەیی‌یەکان کە بەهۆیانەوە ڕوودەدەن .

دیسان ئاگاداری بۆ هەرچی‌یە کە پەیوەندی بە پێداویستێکانی دەوڵەتەوەبێ لەپەشە سوپایی‌یە جۆربەجۆرەکانو قۆنتەراتی تایبەت بەهەندێ پیشەسازی ستراتیژی‌یەوە ، ئەمانە کارێکە ناکرێن ، چونکە بەخۆڕایی زانیاری دەربارەی بارو حالەتی سەربازی دیاری‌کراو دەخاتە ڕوو .

تەواو

(١) مەبەستم لە (الطیران المدنی) یە .

(٢) مەبەستم لە (المضیفات)ە .

- وەرگێڕ -

(٣) ئەم ناوە خەبیر وای بەباش زانیوە کە (المشروبات الروحیه) - کهول - دانرێ .

- وەرگێڕ -

بڕوانە ل : ٧

گۆڕێکی فراوان لـــــه یەکێتی ناوخۆی نەقابەکانـی کرێکارانی هەولێر

دەربارەی بەرهەمی زیاتر و کارکردنی زیاتر..

بە چاودێری هـــاوڕێ علی حسون الجواد رازگـری هۆبەی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی لە هەولێـر ، یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران گۆڕێکی فراوانیان ســازدا ، کە بەرێزان ســـەرەکی و نەندامانی یەکێتـــــی نامادەبووون ...

لەم گۆڕەدا باسی دەوری کرێکاران کرا لە جەنگـــی قادسیەی صدام . کە بـــە دەستێك بەرهەمیان بـــە دەستهێناوەو بە دەستەکەی تر چەکیان هـــەلگرتووە ، شەونخونیان لەسەر ئامێرو مەکینەی کارگەو کۆمپانیاکانا کردووە بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاتر بەدەست بهێـــنن و پشتگیری جەنگ بکەن ...

ئینجا بەرێز رازگـــری هۆبەی حزب وتی :ـ

لە بارودۆخی ئەمـــڕۆی عیراق پاراستنی نیشتمانـی ئەرکی سەرشانی هەمـــوو هاوولاتی‌یەکە ، کرێکارانمان بەردەوامن لە بەخششـــی زیاترو هەوڵدانی زیاتر چ لە سەنگەرەکانی پێشـــەوەی جەنگ بووبن یان لـــــە کارگەکانا بووین ...

سەرەکی فەرمانده هەڤال صدام حسین لە گەلێـــك کۆڕو کۆبوونەوەی کرێکاراندا دووپاتی ئەوەی کردۆتـــەوە کە کرێکارانمان بـــەردی بناغەی ئابوری نیشتمانیمانە ، جا باروزروفی ئەمـــڕۆی عیراق زیاتر پێویستی بەوە هەیە خەباتی بۆ بکرێـــتو چەکی بۆ هەڵبگیرێ لـــــە بەرەکانی جەنگ بـــــۆ بەرپەچدانەوەی هەمـــوو پیلانێکی چەپەڵانەی رژێمـی نێرانی بەکرێگیـــراو ... رێژلینانی چەند جەنگاوەرێکی کورد بە بەخشینی مێدالیای ئازایەتی ، نیشانـــــەی بەشداری کاریگەرانـــــەی دەرخست لە بواری بەشداری کردنی گەلی کوردمان لـــە جەنگی قادسیەی صدامدا .. وانە هەروەو چینەکانـی گەل سەربازی دلسۆزی ئـەم خاکەن ..

جا داواتان لێدەکەیـــن کە زیاتر بازوی خۆتـــان تەرخان بکەن بۆ بەرهەمـی زیاترو کاری زیاتر . . . لە کۆتایی ئەم کۆڕە فراوانەدا بە ناوی کرێکارانی پارێزگای هەولێر بروسکەیەکـــی پشتگیری بەشداری کـــردن بۆ سەرەکی فەرمانـــــدە بەرزکرایەوە .

نووسینگەی هەولێر

کارخانێن ڤەگرتنی ل دهوکێ ....

هەرگیز بە لکێ

خۆگرتنا ئابوری یە

گەلەك جارا ل ســـەر فا کارخانا یا هاتبە نڤێسین جونکو جهـــێن خۆ یێن ل دەفەرێ گرتی و پرۆژەیەکا کرنگ و پێ بایەخە ، لـەوا مەزی ئیا لێکۆلینەکـــێن ل سەر بکەین و گەڕیانەکا گەڕەك ببەینە د ناڤدا و چەند پسیارەکا ژ کاربەدەســـتا بکەین پاشی مشت و مڕێ دگەل ڕێڤەبەرێ بخـــۆ ئەندازیارێ هێژا (جودت احمد داود)ی بکەین ئـەوێ وەلاما خر پسیارێن مـــە ب سەرکزی داین :

پ١/ مامۆستا ـ ـ ئـــەم جەژ دکەین چەند سەرین کێن سەرەکی دەربـــارا بارێ گشتی ئێ کارخانا دیارکـەی ژ لایێ داڕەتیا دامەزراندنێ و تشتێن دهێنە چێکرن ؟

و١ / کارخانێت مـــە ئێکە ژ کارگەهێن ڕەچەلاکـــا گشتی یا فەگرتنێ ل کەربەلا، ل (١٥ـ٨ـ١٩٧٧) کارخانا (بەرێ) خۆ دا و کەتـــــە بازارا ، ژهنگێ وەرە بـــێ راوەستیان ئەمێ تێدا شـول دکەین بشەف و ڕۆژ بـــە سەرجەم (٢٤) ســـەعاتا و بسێ شەفتا ...

ئو دەربارا چێکرنا تشتی مە نهە دوو مێلێن بەرهەمینی یێت هەین :

مێلا ئێکێ چێکرنا تەماتێ یە ئەوا کـــو ئـــەم (٤٠) سیرەیا د رۆژێـــــدا دەدنێخین مێلا دووێ چێکرنا ڕەچەلێ یە (مربی الفواکـە) ئەوا کو ئەم (١٢٠٠) سیرە یا د ساڵێ دا دەر د ئێخین. سەر ئا هەر دوو مێـــلا را ، مە مێلەکا دی یا ئەکـــری بۆ چێکرنـــا قودیکێـــت کانزایی یێت ڤالا بـــۆ داگرتنا بەرهەمێ مە ، ئـــو دفی دەرافی را ببوریـــن و چوارلاگرتنا تەف تەنگافیـــا بکەین ســـــەرەڕا یا وان ناستەنگێن هاتین درێکا مەدا بتایبەتی پشکداریا زورەیـا کاردەستا دشەری دا ، چونکو مە سەوا دگەل مەلوێستـێ بڕەفتاری و چەشنەکـــێ زانستی کر هەتا کـــو دوماهیێ مە کێف لســـەر هەمی تەگەرە یا کری . ئـو ئەم وێ ل هیڤی ێ کو ئـەف ساڵە بێتە بەری .

هەر وەسا ئەم یێ بکردگا بەرفرەهکرنا کۆگایێن گرنگ جەخت کرن بۆ ئاخفتنا مـن ئەوە کو ڕێژە یا جهێنانـــیا هێڵکاری یێ (١٠٠٪) بـــۆ هەلبەت ئەف ڕاگیـــری و هەبیت ســـەرهلبین و چارەســـەرکـــەین

● پێك ئینانا دەورێـــن مەشق کرنێ سەر ئالاڤێـــن هونەری و ڕکێفیا جەستەیی .

● سەخبێر یا کارکەرا ژ هەمی لایا ئە وەك سازکرنا پێویستێن تەندروســـتی و پەیدا کرنا ترمبێلا بۆ ئینان و برنا وان ، دانا تاریاری و ڕادەیا بۆ زەفەر دەســـت و خودان هەوڵ و بزاڤێـــن تایبەتی د کاری دا ، ئـــو وریایی یا هەر گازندەکـــا هەبیت و چارەسەرکرنا وێ ژ بلی گەلەك دەسکەفتێن دی ئەم یێت یێ رابوین .

پ٢ / باشە دهوکـــێ یان دەفەرێ بگشـــتی چ قازانج ژ ڤان کارخانـــا وەرگرتیە ؟

و٢ / ئەو بخو مەبەســـت ژ دامەزراندنا فا کارگەهـــا ل دهوکێ بۆ هندێ بۆ کـو دەفەرا ژورێ هەمی وجـــێ ژێ بگریت ، ئەڤە دیاریـەك بۆ ژ سەرکردایـەتیـــا شورەشێ بۆ خەلکێ دەفەرێ بەویژە خەلکێ دهوکـــێ ، داکو مێوە و کەنەسمە یێـــن ڕێژەن ژ خودانا بهێنـــە کرین و زاتنانا بەرهەمینیـا وان بهێتە کرن ، هەر وەسا دا کاردەست لێ بهێتـــە بکارئینان ، ل دوماهیێ دا لاتیا بازارگایێن دەفـــەرێ ژ بەرهەمێ دەردکەفیت پـــێ بهێتە گرتن ....

ل دوماهیا ئێ چـــاڤ پێ کەفتنێ ڕێڤەبەرێ هێژا ڕێڤە چوو ئو گوت : ژ بـەر هەوالیا جەنگی ئەم هـــەرێ هەوڵ و بزاڤێ د دەیـــن و گەلەك رۆژێن ئەینـــی و پشوویا شول دکەیـــن و بکارێ بەرەڤانیا شارستانێ دناڤ کارخـــانا رادبین و کارێ مە هەرێ بـــەرف نیشتنە ئەنجامێ چەنـــد ئەگەرا بۆ هندەك ژێ ئەڤە نە :

● سازکرنا پێویســـتێن بەرهەمینێ .

● بکارئینانـــەکا ڕەوا بۆ کاردەستا .

● بکارئینانەکـــا ڕەوا بۆ کەرەست و ئالاڤـــا و سەخبێر کرنا وان .

● زاتنـــان کرنـــا بەرهەمینی یا کارگا ، واتـە چێکرنا دانیارێن سپێر بـۆ کەرەست و ئالاڤا ئەوێـــت ئەم نەشێین ژ کۆگا یـــا پەیـــدا بکـــەین لەتاو بەرهەمەکێ ڕێنگـــز و بەردەوام .

● ڕێك ئینانا کورێـــن هەیڤانە یێن بەردەوام بـــۆ کاردەستا ، دا کو هـــەر ناستەنگ و گیروگرفتـــا باشین و پێشڤە چوونێ یە .

بەیامنێرێ هـــاوکاری

ل دهوك

رمضان عیسی

دەزگای هونەری لاوانی هەولێر

ـ زیاد کەریم خدر ـ

شێتکی ڕوونو ئاشکرایە کە لاوان بشێـــرەوی کۆمەڵنو گەلـــێ ئاواتو خۆزگەیان لە دڵـــدایەو دواڕۆژێکی ڕوونا کیان لـێ بەدی دەکرێ . بۆیـــە پێویستی ڕاستەقینەیـــان بە کردنەوەی گەلێـــك مەلبەندی گشتی هەیە کـــە تواناو کۆششی ئەم لاوانـە بکرێتە باوەشو بتوانن گاتی خۆیان تیا بەسەر ببـــەن .

نموونەشیان دەزگای هونەری لاوانی هەولێر. چەندەهـــا لاوی خنجیلانەی گرتۆتـــە خۆی بۆ ئەوەی بتوانن لـــەو مەلبەندەدا بەرە بـــە ئارەزووەکانیان بدەن . ئەم دەزگایەش لە چەند بەشـــی سەرەکی پێك هاتووە .

ـ بەشی هونەری تەشکیلی :

هونەرمەند رمضان علی احمد کە ڕاهێنەری ئـــەم هونەریش ئامادەیە بـــۆ ئەوەی بتوانین یارمەتـــی لاوانی پێ بدەین .

ـ بەشی شانۆ :

بەشی شانۆ شەســـتو سێ پێشڕەوو بیســـت ئەوجەوانی گرتۆتە خـــۆی کە بەردەوامن لەســـەر مەشق کردنی شانۆ لـــەم ڕووەوەشـــــ چەنـــد بەشەیە ووتی ئەم بەشـــە دە پێشڕەوو ئەوجەوانـــی ئێسك سووکی گرتۆتـــــە خۆیو بەردەوامن لەســـەر ڕاهاتن . لاوان لەم بەشەدا چەند جۆرە کارێکـــــی هونەری فێر دەکرێن وەکوو هونەرمەندێکی دلسۆزو بە توانا خەریکی پەروەردەکردنی ئەو لاوانەن . تاکـــــو ئێستاش چەند بەرهەمێکی

ڕازاوەی لە ئاهەنگەکانی ناو شار پێشکەشـــــ کردوە . وەکوو تابلۆی بازاڕی تاران، تابلۆی سەرکەوتن .

ـ بەشی مۆسیقا :

بەشێکی تا بلـــــێی سەرکەوتووەو چەنـــدان لاوی بە سۆزو دەنگ ناسکی تیا کۆبۆتەوەو گرنگیەکـــی باشیان پێ دەدرێت . ئەم بەشەش لە دوو جۆر پێـــك دێت بەشی مۆســـیقای ڕۆژهەلاتی‌و بەشی مۆسیقای ڕۆژئاوایی . تیپی مۆسیقای ڕۆژهەلاتی کە هونەرمەندێکی دلسۆز ڕاهێنەری ئـــەم تیپەیەو هەژدە لاوی مۆسیقا ژەنو گۆرانیبێژی لـــــە باوەش گرتووە . بەشـــی ڕۆژئاواییش کە هونەرمەنـد نوزاد گنجو ڕاهێنەری ئـــەم بەشەیەو پانزە لاوی مۆسیقا ژەنو دەنگ خۆشی لـــە دەوری خۆکۆکردۆتـــەوە . مەبەستی سەرەکی ئـــەم تیپانەش ئەوەیە بتوانیـــن لاوانی لێهاتوو لـــە دەووی خۆ کۆ بکەینەوەو ببینـــە پێشڕەوی هێنانـــــە دەی ئارەزووەکانیان ، هەروەهـــا پاراستنی ئاوازو گۆرانـــی فۆلکلۆری کوردی .

کاروباری رۆژانە

دووقسەو دوو هەڵوێست

گومان لەوەدا نیە کـــە پاسەکانی دەزگای گواستنەوە لە ناو شارەکاندا ئەرکێکـی گەورەیان لەسەر شانـــەو خزمەتی هاوولاتیان دەکـەنو پێ بە پێی ئەو خزمەتەش دەبێ هاوولاتیان یارمەتییان بدەنو کارێکی وا بکـــەن کە ئەرکەکەیان تـــۆزی سووك کەن ... ئەرك سووك کردنەکەشی ئەوەیە هەتـــا ئەگەرێ پارەی وردە بـــدەن بە پارەوەرگری پاسەکەو لـەســـواربوونی پاسەکـەو دابەزینیشدا تۆزی دەستوبرد بکەن ... هەروەهـــا ئەو کەسانەی لەســـــەرکورسی پاسەکان دادەنیشـن با ئەوە بزانن کە رۆژانـــی‌لەوەو دواشی خۆشـیان‌و هەزاران کەسی تر کـــــەرەنگە خزمو کەس‌و خـــۆی بن ... هەر چۆن بـــــێ هاوولاتیان لەو جێگایـــەدا دادەنیشن ... لەبەر ئـــەوەئەرکی سەرشانیانـــــە ئەو کورسییانە بپارێـــزنودەمە گوێزان بە موشـــەماو نایلۆنی کورسی‌یەکانـــدانەهێنن‌و ئەگەر لە لایەکـەوە هەڵتەقابو سەرانســـــەرهەڵینەتلیشینن . .. لـــە راستیدا ئەمەم بۆیـــــــەنووسیوە چوومەتە گەلـــێ ناوەوە کە تەماشـــبام کردووە کەم کورسی تیـــا ماوە سەرو گوێداکـــــیدا ئەپاچرا بێ ... با ئێمـــــە ئەوە بزانین کورسی ئـــەو پاسانە جێی رۆژانـــــەی خۆمان‌و هاوڕێ‌و هاوولاتیا- نمانەو دەبێ شەق‌پەق‌و گەل‌و گۆڵی نەکەین ...

هەروەها شتێکی تریشی ئەوەشی ئەوەیە ئەگـــەر هاتو بـــــە رێکـــــەوت هاوولاتییەك وردەی پـــێ ئەبو باشتر وایـــــە پارە وەرگری پاسەکە بە رووبەکی خۆشەوە قسەی لەگـــەلدا بکات‌و یەکسەر وەکـــــو دەڵێن بە رووبدا هەڵنـــە- شاخێ چۆن پاس بۆ خزمەتی هاوولاتیان دانراوەو بـــۆ ئەوە نیە هاوولاتیانـــــی تیار ووشکێتی بکرێ ... ئەم قسەیەش بۆیە دەکـــەم گەلێ جار بینیومە لەبـــەر ئەوەی ئەفەرێك پـــارەی وردەی پێ نەبوە ئاڕاوەیەکـی گەورە رووی داوە ...

حەز دەکەم لەم وتارەمندا باسێکی تریشی بخەمـــــە روو ئەویش ئەوەیە کـــــە دەبێ مرۆڤ هەست بـــەوە بکات‌و بزانێ کە ئـــــەو کارەی پێی سپیردراوە بـــۆ ئەوەیە کە بتوانێ لـــــەو رێگایەوە خزمەتـــــی هاوولاتییانی پێ بکات ...

بێگومان گەورەیی مرۆڤایەتی مرۆڤیش پەیوەندی هەیـــە بەرادەی دلسۆزی ئـــــەو مرۆڤەوە بەرامبەر کەسانی دی لە ئەنجام دان‌و داپەڕاندنـی کارەکەیدا ... ئەم بارەیەوە حەز دەکـــــەم دوو رووداو بگێڕمەوە ... یەکـــەمیان شایانی رێزەو پێویســـتە هەموو یەکێك لە ئێمـــــە هەوڵ بدات بەو جۆرە بێ‌و دووەمیشیان دیاردەیەکـــی ناشیرینەو دەبێ هەوڵـــــی ئەوە بدەیـــــن لێی دوور کەوینەوە .. یەکەمیـــــان ئەوەیە لەم رۆژانـــــــەدا بەیانیانێـــــك بـــۆ دەوام دەچووم پیاوێکی نابینـــــار پاسەوە کە تەماشـــبام کردووە کەم کورسی تیـــا ماوە سەرو گوێداکـــــیدا ئەپاچرا بێ ... با ئێمـــــە ئەوە بزانین کورسی ئـــــەو پاسانە جێی رۆژانـــــەی خۆمان‌و هاوڕێ‌و هاوولاتییا- نمانەو دەبێ شەق‌پەق‌و گەل‌و گۆڵی نەکەین ...

هەروەها شتێکی تریشی ئەوەشی ئەوەیە ئەگـــەر هاتو بـــــە رێکـــــەوت هاوولاتییەك وردەی پـــێ ئەبو باشتر وایـــــە پارە وەرگری پاسەکە بە رووبەکی خۆشەوە قسەی لەگـــەلدا بکات‌و یەکسەر وەکـــــو دەڵێن بە رووبدا هەڵنـــە- شاخێ چۆن پاس بۆ خزمەتی هاوولاتییان دانراوەو بـــۆ ئەوە نیە هاوولاتییانـــــی تیار ووشکێتی بکرێ ... ئەم قسەیەش بۆیە دەکـــەم گەلێ جار بینیومە لەبـــەر ئەوەی ئەفەرێك پـــارەی وردەی پێ نەبوە ئاڕاوەیەکـی گەورە رووی داوە ...

بێچاو لەو تیستگەیەکـــدا راوەستا بوو پاسەکـــەدا داوەستاو پارە وەرگرەکـــەدابەزی‌و لە پیاوە کوێرەکەی پرسی بۆ کوێ دەچـــێ‌پاش ئەوەی کە زانـــی بۆ جێگایەك دەچێ کـــــەخەتی پاسەکەی پیـــا دەڕوا دەستی گـــرت‌و وردە وردەسەری خست‌و لەســـــەر کورسی‌یەك لە ناو پاسەکەدادانیشانـــــد ... ... رووداوی دووەمیشی ئەوەیـــە ... پاسەکە لـــــە وێستگایەکدا وەستا ... ئەفەرەکانی وێستگاکـــە بەریز چوونە ناو پاسەکـەوە ئافرەتێك کۆرپەیەکـــی بە باوشەوە بوو دەستـــــی منالێکیشی گرتبوو ... گەیشتە ئاستی پاسەکـــەو پاسەکە لەو وەختـــــەدا دەرگاکەی داخست‌و بەجێی هێشت ... ئـــەم رووداوە رەنگە بە لای هەندێ کەسەوەشتێکی ئایایی یا یاســـایی بێ بەڵام ئەگەر ئێمە بـــاری ئافرەتی کۆمەڵگای خۆمـــان لێك بدەینەوە ئـــەم رووداوەشتێکی گرنگە ... کـــێ منالەکەی باوەشی ئەخۆش ئەبوەو کەسی تری نیـــە لە ماڵدا ببیـــات بـــۆ ئەخۆشخانەو پارەشی نیـــە ئەکســـی بگـــرێ ...!هەرچۆنێ‌بێ ئەگـــــەر سەعاتێك راوەستانی بـــرای‌شۆفێر بەدەم دۆســـــتو ڕرادەرانی‌یەوە لە هەنـــدێ وێستگـــادا زیان‌و زەرەری ئەبێ ئەواخۆ چوار بەکـــــی چرکەیەك بۆ دەرگـــــا کردنەوەی پاسێك بـــــۆ ئەوەی کە دایکێك بە یـــەك دوو منالەوە سوازبـــــــن‌هەرگیز زەرەرو زیانـــــی بۆ کەس نیە ... ئیتـــــر سەڵاو لەو شۆفێرو پـــارە وەرگری پاسانەی کە رێـــزی‌هاوولاتییان دەگرن‌و سەڵاو لەو هاوولاتییانەش کـــــەرێزی ئەو پارە وەرگـــرو شۆفێری پاسانە دەگرن ...!ڕەکنوخ مەڵەوو ـ گگگ

Institut kurde de Paris

زنجیرەی مێژووی

سەدەی بوژانەوە

د. کاک مظهر احمد
فراد مجید میسری کردویەتی بەکوردی

هەرچۆنێك بێ تابێ بە جەرگەکانی « کۆمیدیای خوداوەندانە » رەخنەیەکی ئاشکرایە لە کەنیسەو بانگهێشتنی خەڵکی‌یە بۆ ئەوەی پەیرەوی رەوشتی جوان‌و نەریتی بەرزی نیشتمانی‌ی بکەن ، چونکە هەر ئەو جۆرە کەسانە لە کۆمیدیاکەیدا بە بەهەشت شاد دەبن ، بێ‌ئەوەی حساب بۆ پلەو پایەی کۆمەڵایەتی ئەم دونیایان بکرێ ٠

هەموو ئەمانەی ووتران گرنگن‌و لە گرنگیش بەولاوەترن ٠ بەڵام «کۆمیدیای خوداوەندانە» یەکێکیشە لەو چیرۆکانەی ناوەرۆکێکی قوولی نیشتمانی‌ی هەیەو بە ناشکرا تەعبیر لە بوونی نەتەوەیی گەلی ئیتالیادەکا ٠ نووسەری «کۆمیدیا» خەو بە یەکێتی‌ی ئیتالیاو نەهێشتنی شەڕو ناکۆکی ناوخۆیی‌یەوە دەبینێ‌و دەیەوێ دەسەڵاتی دونیایی لەدەست پاپاکان وەربگێرێتەوە ٠ (٥) هەموو ئەمانەیش هەڵو مەرجی بنچینەیی بوون بۆ ئەوەی وولات لە رووی سیاسی‌یەوە نەش‌و نما بکا ٠

لە «کۆمیدیای خوداوەندانە»دا خوێنەر هەست بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای سەدەیەکی نوێ دەکا ٠ بێجگە لەمانەی باسکران ، «دانتێ» لە ناوەرۆکی ئەم شاکارەیداو بەهۆی ئەو دیالۆژەوە بە خەیال کەسانی جۆر بە جۆری ناو « کۆمیدیا »کەیدا سازی‌دەکا ، دەیەوێ ئادەمیزادی نوێ‌ی شارە پەرەسەندووەکانی ئیتالیا نیشان‌بداو پێ لە سەر خودی مرۆڤ‌و نرخی بنیادەم دابگرێ کە «هۆی هاتنە دونیای بۆ ئەوەیە بەرز بفرێ » ٠ «دانتێ» بە قوولی‌ی دەڕوانێتە جوانی‌ی سروشت‌و دیمەنە دڵفرێنەکانی بەهەشتیش هەر لەوێوە هەڵدەهێنجێ‌و دەیان‌نەخشێنێ

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سیمای هەرە دیاری «کۆمیدیای خوداوەندانە » ئەوەیە ، بە پەرۆشەوە تەعبیر لە بەرەپێشەوە چوونی کۆمەڵ دەکاو بە گەش‌بینی‌یەوە دەڕوانێتە پاشەڕۆژو بە باوەڕێکی پتەوەوە خەڵکی تێ‌دەگەیەنێ کە دەتوانرێ چارەسەری هەموو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای ئیتالیایی بکرێ ٠ هەر ئەم هۆیەیش بوو پاڵی بە «دانتێ» یەوە نا ، بەیتە شیعری‌یەکەی ناوبنێ «کۆمیدیا» ، چونکە نووسەرانی سەدەی ناوەڕاست بەو بەرهەمە هونەری‌یانەیان دەووت «کۆمیدیا» کە بەگەش‌بینی کۆتایی‌یان دەهات‌و موژدەی خێروخۆشی‌ی بە خەڵکی‌ی دەدا ٠ (٦) ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تریشەوە ناوەرۆکی بەیتەکە هەمان مەفهومی تری تری کۆمیدیای بە سەردا دەچەسپێ ، لەو رووەوە کە ئامانجی رەخنەگرتنە لە ناتەواوی‌یەکانی کۆمەڵ‌و نەریتی کۆن بە شێوەیەکی پێکەنیناوی ٠ هەرچی ووشەی « خوداوەندانە»یشە ، ئەوانە پێوەیان لکاند کە دوای «دانتێ» دڵبەستەی بەیتەکە بوون ٠ چونکە ناوەرۆکێکی چڕو پڕو ئامانجێکی بەرزو پیرۆزی دەبەخشی‌و تێیدا ئادەمیزادو سروشت بە جوانترین شێوەی هونەریی نیشان‌دەداو لەسەر ئاوازێکی مۆسیقایی رەوان‌و بێ گرێ‌و گۆڵ مشت‌ماڵی دەکا ٠ ئەمە جگە لەو ناووهەو؛ رۆحی‌یەی بەو شێوازە قەشەنگە پێکی دەهێنێ‌و بەسەرهاتەکانی تێدا هەڵدەسووڕێنێ ٠ پوختەی قسە ئەوەیە «کۆمیدیای خوداوەندانە » بە ڕاستگۆیی‌یەوە بووە « ئاوێنەیەك چی زانست‌و ئاوات‌و هەستی سەردەمەکەی هەبوون تێیدا رەنگیان دەدایەوە »٠(٧)

سەرەڕای ئەمانە ، دەبێ ئەوەیش لە یاد نەکرێ نەکرێ کە چ مەلوێستی رۆژانەی «دانتێ»و چ ناوەرۆکی بەرهەمەکانی ـ تەنانەت کۆمیدیای خوداوەندانەیش ـ لە ناکۆکی‌و کەم‌وکوڕی‌و چەند ناوچە بە ناوچەی ئیتالیای پشکنی‌و توانی لە هۆی تێشکانی سیاسی‌ی وولاتەکەی تێبگا ، بۆیە دەیووت :ـ لەمەیشدا لەسەر هەق بوو ـ پێویستە هاووڵاتیان لەناو خۆیاندا یەك بگرن‌و واز لە ناکۆکی بهێنن ٠ دواجار چەند بیروڕایەکی ئایدیالیزمی‌یانە دەردەبڕێ‌و لای وایە لەبەر رۆشنایی ئەوانە دەتوانرێ گیروگرفتە سیاسی‌یەکان چارەسەر بکرێن ، وەك ئەوەی هەرکەسە لای خۆیەوە گەشە بەجیهانی مەعنەوی ئادەمیزاد بداو هەول بدرێ خۆشەویستی‌ی زانست لە دەروونی خەڵکیدا بنچ‌بەست ببێ ٠ «دانتێ» لەم روانگەیەوە بیروڕا سیاسی‌یەکانی دەخاتە دووتوێی ئەو کتێبەوە کە ناوی «بانگهێشتن ـ الولیمه »ی لێ‌ناو بۆی تەواو نەکرا ٠ جا لەبەر ئەوەی لە سەردەمی «دانتێ»دا ئەو بارو زروفە نەرەخسا لە سایەیدا ناکۆکی‌و دووبەرەکی‌ی ناوخۆی نێوان دەرەبەگاتی گۆڕبکرێ ، دەبینین بیر لە سیستەمێکی پاشایەتی یەکگرتوو دەکاتەوە تاوەکو حوکمی سەرانسەری جیهان بکا ، بەمەرجێك مەلبەندی ئەو رژێمە وولاتی ئیتالیا بێ ، ئەوجا ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانی کە هەر بەناو مابوو دەکاتە «هیوای گەورەی جیهانی مەسیحی‌یەت»و باشترین رێگایش بۆ پێکهێنانی یەکێتی‌ی ئیتالیا ٠ ئا لەم تێڕوانینەوە بەزمانی لاتینی کتێبێکی سەبارەت بە پادشایان نووسی‌و تێیدا زۆر بەتوندی رەخنە لە رژێمی پاپایەتی دەگرێ ، لە هەمان کاتیشدا شێوەی دەسەڵاتو کرۆکی ئامانج‌و ئاواتەکانی ئیمپراتۆر بە چاوێکی ئەوەندە ئایدیالیزمی‌یەوە سەیردەکا زۆر لە واقیعی ژیانەوە دوورن ٠

لێرەدا پێویستە ئەو حەقیقەتەیش فەرامۆش نەکەین کە «دانتێ» رای وابوو ، دەبێ ئەو سیستەمە سیاسی‌یە لە کەڵ بەرژەوەندی هەموو جیهاندا بگونجێ‌و هەر ئەم گونجاندنەیش وا دەکا بنیاتنانی ئەو جۆرە رژێمە پێویست‌و ناچاریی بێ (٨) و تا دوا هەناسەیش بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە داوای دەکرد پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان لەسەر بنچینەی ئاشتی‌و ئاسایش دابمەزرێ ٠

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە «دانتێ» لێهاتووانە پەنجەی خستە سەر ئاتەواوی‌یەکانی کۆمەڵەکەی‌و بە قوولی‌ی دەست نیشانی هۆیەکانی کرد ٠ بەڵام لەگەڵ ئەم بیروڕا واقیعی‌یانەیدا کە بۆ رامالینی کەم‌وکوڕی کۆمەڵەکەی پێشنیازی دەکردن ، چەندین بیروڕای ئایدیالیزمی‌و تەنانەت دواکەوتووانەیش دەردەبڕێ‌و لای وابوو گەر بێ‌و پەیڕەوبکرێن دەی‌گەیەننە ئامانج‌و خەونەکانی دەهێننە دی ٠ ئەم شێوە لێکدانەوەیەیش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ بیری «دانتێ» لە ئاستێکدا نەبووە لە خەوش‌و ناتەواوی پاك بووبێتەوە ، هەر بە حوکمی ئەم هەڵوێستە فیکری‌یەیش دەبینین لە بیروڕایەکانیدا بەرژەوەندی توێژە کۆمەڵایەتی‌یە جیاوازەکان دەردەبڕێ ٠ هەرچەندە «دانتێ» لە دڵەوە دژی بیرو ئایدیای سەدەکانی ناوەڕاست بوو ، بەڵام بۆی نەلوا بە تەواوی لێیان پاك‌بێتەوە ٠ لەبەر ئەوە کە دێینە سەر هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی پێشەوای یەکەمی سەدەی بووژاندنەوە ، دەبێ حسابێکی ووردیان بۆ بکەین ، چونکە ناوبراو « یەکەم شاعیری سەدەی نوێ‌یە »و لە هەمان کاتیشدا « دوا شاعیری سەدەی ناوەڕاستە » ٠

بێ‌گومان هەموو ئەم خاڵانەی باسکران هیچ لە پلەو پایەی «دانتێ» کەم‌ناکەنەوە ٠ ئەو ، ئەوەندەی بەسە یەکەم کەس بوو لە سەدەیەکی تاریك‌و ئەنگوستەچاودا ، داوای دەکرد جێ‌و بۆ هەستی ئادەمیزاد بەرەڵلا بکرێ‌و دەیویست عەقڵ لە کۆت‌و

پرواته ل : ٧

لامارتین .. ژیان و بەرهەم

وە. بلوخان سندی

لامارتین هوزانڤانەکی فرەنسی‌یە ل سالا ١٧٩٠ی هاتە سەر دونیایێ ، ل سالا ١٨٦٩ی ئەمرێ خودێ‌کر ٠ لامارتین نەهەما هوزانڤانەك‌بی بەڵێ بێژەوەربی (خطیب)بی ، ئووی برێکا بێژەوەریاخو شیا گەلەك هنگافێن شورشانی درێکا چاك‌کرنا ژیانا کومەلایەتی وسیاسی لفرەنسایێ بهافێت ، نەخاسمە دەمێ کو لامارتین بویە ئەندامێ جڤاتا مللی (پەرلەمان) ٠

لامارتین لدەمێ پیراتی‌یێ کەتە ژیانەکا پەلەنگاز چونکی هەمی پارێن خو دریکا شورش گیرانی‌یدا ونازادی‌یێدا بەلاڤ‌کر ٠ ئەڤی هوزانڤانی حەژ وەلاتێن روژهەلات‌دکر ئو وی ومالاخو گەشتەك بربین سوریایێ ولوبنانێ وتورکیایێ تو بو دەمەکێ درێژ وحوشی لوارا مابین ٠

لامارتین ژ بلی تورەڤانەتی‌یێ میژوناس‌بی ، وی هندە کتێبین میژوی نڤیسی‌بین وەکی میژوا روسیایێ ومیژوا تورکیایێ ومیژوا شورشا ١٨٤٨ ومیژوا چاك‌کرنێ ومیژوا کتێب دانانا ٠

هەر وەسا وی هندە بەرهەمێن دی هەنە وگەلەك بدلێ خوینەرەوارابین ٠

لامارتینێ هوزانڤان وەکی هوزانڤانەکی تەصوفی دهێتە پێش ، لەو گەلەك ژ شعرێن لامارتینی سەر بژیانا پشتی‌مرنێ هەنە و لامارتینی دبەرهەمێن‌خودا بزاڤا هندی دکت کو ئەڤ ژیانامە یا نهو ژیانەکا چووی‌یە وژیانا پشتی مرنێ ژیانەکا ب مانە یان (أبدی)یە ٠

دبت ئوشتێن قی رەنگی ژ هوزانا لنك لامارتینی ئەڤەبن ، ئێك ، لامارتین مروڤەکی خودی‌ناس‌بی‌یە و دو لامارتین مروڤەك بی گەلەك هومێد دژیانێدا هەبین بەڵێ بەهرا پتر ژ هومێدێن وی بسەر نەکەتن ، وژیاناوی دپیری‌یێدا گەلەك نەخوشی‌بی ژبەر پەلەنگازی‌یێ پشتی ژیانەکا دەولەمەند ، هەر وەسا مرنا ژناوی کارەك مەزن لێ‌کر ، نو کەتە دەردێ تنەی‌یێ ٠٠ وبێ هەڤالینی‌یێ ، ئو وەلێ هات باژێری پاریسێ بێشەك بو خرکرن دا کو پێ‌بزیت ٠

شعرێن لامارتینی هاتن وەرگێران بوگەلەك ئەزمانا ، نو هەر وەسا کتێبێن‌وی تێن میژوی ، نو ئەڤە ژی پارچەکا کورتە ژ شعرەکا درێژ ژ شعرێن لامارتینی مە بو خویندەوارێ هێژا ژ ئەزمانێ ئینگلیزی وەرگێرا ئەزمانێ کوردی :

هەمی تشتێن دنێ هەبینێدا
ب پێنگاڤێن درێژ
بو نەمانێ دچن
طاڤ کو دبشکڤت
بەرەو ئافابونێ دچت
ل دەمەکی کورت
چاڤێن مە پێ رونا‌ك‌دبن
لێ پشتی هینگێ طاری‌یا شەڤان
مەو طاڤامە دادعویرت
گەر مروڤی هزراخو کربا
گەر بەرێ‌خو دابا
راستی‌یا هەبینی ٠٠ هەبیناخو
دا پاش پاشکی چت
داخو ژ دولا کویر
ژ کولکا مرنێ
کولکا دەڤ بەش ٠٠ بارێزت
لێ دەمێ سرودێن مرنێ
دکەڤنە بەر گوهێ‌مە
ئەرزانی‌یا ئێ ژیانێ
دهێتە پێش چاڤێ‌مە
دەمێ کو تورینەکا ئەڤیندار
ئومێدێن‌خو ئێن ڤەکوشتی
دبن گورا یارێ‌مری
ڤەدشیرت
یان دەیکەکا دل‌نازك
دەمێ ئومێدێن‌خو
دبن‌گورا کورێ‌مری
ڤەدشێرت
یان دەمێ زەنگلا
کوڤانی‌یێ دژنت
گەڤ ددت مروڤان
کو دەمێ بارکردنێ
نێزیکە
بارکرن وگەشت
ژ ژیانا نەخوش
بو واری خوش
هینگێ ئەرزانی‌یا ئێ‌ژیانێ
دهێتە پێش چاڤێ‌مە
مرن سلاڤ ل تەبن
توی چارەیەکا ئەسمانای
دەستێ‌خو بسەرێ‌مەڤە بینە
دا تو کوڤانێ‌مە
ئێشێن‌مە ٠٠ دەرمان‌بکی
هو ٠٠ مرن
تو هوسا نینی
وەکی خەلك بەحسێ‌تە دکن
تو وەکی ترسەکی
نامێ‌یە پێش چاڤێ‌من
تو وەکی پێڤەمبەرەکی
ژ ئاسمانا دادای
وهاتی‌خوار
نو جراین قورتاربونێ
ددەستی‌دا
دا کوڤانێن مروڤاتی‌یێ
بێ گێم‌بکی
تو هوسا
دهێ‌یە پێش چاڤێ‌من
دەمێ چاڤێن‌من
بێنەگرتن نو بمرین
مرن هینگێ
تو دێ بی روهنیامن
تو دێ بی روناهی‌یەکا گەش
ئێخیە چاڤێ‌من
چونکی هیڤی لەڤەتەیە
ئەگەر ئەو هیڤی لسەر باوەرێ
هاتبت ئاڤاکرن
دونیایەکا خوشتر
جوانتر
شادی‌تر
دێ مینت ل هیڤی‌یامن

شەنگە خاتونیا ئەڤینی

« محفوظ هایی »

شرینامن ٠٠
ئەڤینا تە ئارۆنکەکە
بەربووی جەرگ‌و هنافێت من
خوینێ ژ مێلاکا ڤە دخوتن
هەردوو چاڤێت تە خانمێ
کەلێ سینگێ من پاوان کر
سەرو ژ نویکا
« تەختێ سولطانێ ، ئەڤینێ دنافدا راکر
پەری ژ عەسمانا پەیا بوون
بۆ تە ئەی شاها ئەڤینێ
حەیرانوك‌و هۆزان گوتن
● × ●
پەری یا من ٠٠
شەڤێت ڤی گوندی درێژن
خەریبی یێت تە ژی داخن
خوینێ ژ مێلاکا درێژن
هزرو بیرێت من ژ ی شرین
بیرێت هەیا مێت من دمێژن
رۆژا ڤی گوندی یا زیزە
بەلێ بلا ٠٠٠
هندی شەڤێت من طاری بن
٠٠٠ ئەز دێ رویم ٠٠
چونکی شرین
ددارستانا شەڤێدا
ئەز رەشاتیا چاڤا دبینم
● × ●
ل هەر چار کنارێت ڤی گوندی
تێکدا بێ‌دەنگی‌و متی‌یە
پێژنا مروڤا نامێتن
لەو ما پەری
کە نی‌یێ ژ دلێ من کویڤی بووی
بەلێ بلا ٠٠٠
هەرو بێ‌دەنگی من بخوت
چونکی شرین ٠٠
دناف پێلێت بێ‌دەنگی یێ‌را
من جار جارا
گوهێ ل تەیە
گوتنێت تە دبنەستران
ئەز هۆزانا ژێ دڤەهینم
٠٠٠ دکەمە ستڤان
دا دگەردەنا تە وەرینم
خانما من ٠٠
وان دوو دەریا یێت‌رەش‌و کویر
ئەز ڤە خارم
٠٠٠ رەڤاندم دویر
وەلێ بلا ٠٠
هندی شەڤا ناری تر بیت
من پتر دڤێت
بلا تاریاتی من بمێت
بلا جیهان هەمی شەڤ بیت
٠٠٠ تاری بزێت
چنکو شرین
رەشە دەریا یێت چاڤێت تە
ئەز هوی کرم
تارستانا شەڤ بەحرا
نیشامن‌دا هندی‌هەمە
رەشاتیا خر شەڤ رەشا
هەر من بڤێت
چونکی پشتی هەمی شەڤا
رۆژئاوی دهەلێت

پاڵەوانە بچۆلەکە

هەڵبژاردە لە ئەدەبی جەنگ لای گەلان

لیف کاسیل
وەرگێڕ ـ جلال محمود

لە مۆڵە گەورەکەدا یاریەدەری سەرفەرمانده لیستەیەکی بەدەستەوە بوو ، بەو ناوانەدا دەچووەوە کە ئافەرینیان وەردەگرت ٠ ناوێکی بانگ کرد ، لە ڕیزێکی پشتەوە ، کورتە باڵایەك هەستایە سەرپێ ، کوڵم زەرد هەڵگەڕاو ، پێست‌تەنك ، وەك هەی کەسێك کە زۆر لەسەر جێگە کەوتبێت ، رووەو مێزەکە هەنگاوی نا ، قاچی چەپی شەل ٠ سەرفەرماندەکە هەنگاوێك لێی‌چووە پێشەوە ، ئافەرینەکەی دایە ، بە گەرم دەستی گوشی‌و پیرۆزبایی لێ‌کرد ٠ کابرا بە پەرۆشەوە ئافەرین و قوتوەکەی وەرگرت‌و بە دڵ سوپاسی‌کرد ٠ لەگەڵ ئەوەدا پێ زامدارەکەی نازاری دەدا، وەرچەرخانێکی توند وەرچەرخا ، هەروەك لە ریزێکی سوپاییدا بێت ، دوو دڵ ساتێك وەستا ، دەمێ دەیڕوانیە ئافەرینەکەی ناولەپێ ، تاوێکیش بەو هاوڕێیانەدا هەڵی دەڕوانی کە بۆ وەرگرتنی ئافەرین گردبوو بوونەوە ـ پاشان وەستانێکی وریا بوونی تری وەرگرت‌و هاتە گوفتار وتی :

ـ ڕێم دەدەن قسە بکەم ٠

ـ فەرموو ٠

ـ هاوڕێ سەرکردە ، ئێوەیش ئەی هاوڕێیان ٠

کابرا پچڕپچڕ بە شێوەیەك دەدوا ، وای لە هەموان کرد کە هەست بە هەڵچوونی دەروونی بکەن ٠

ـ ڕێم بدەن با یەك دوو قسە بکەم ٠ ئا لەم ساتەدا کە ساتێکی دیاری ژیانمەو ئەم ئافەرینە بەرزەی تێیدا وەردەگرم ، دەمەوێت باسی یەکێکتان بۆ بکەم کە دەبوو ئێستە شانی‌یەشانی من بوەستێت ، بگرە ، ئەو لە من لە پێشتر بوو بۆ وەرگرتنی ئەم ئافەرینە کەسێك بوو کە چاوی لە تەمەنی ناسك‌و جوانی خۆی نەبوو ، کردی بە قوربانی ئەم سەرکەوتنە سەربازانەیەی ئێمە ٠ ڕێم بدەن ئەی هاوڕێیان ، یان چاکەی کەسێك بدەمەوە کە ئێستە لەم مۆڵەدا لەگەڵمدا نییە ٠

سەرکردە وتی قسە بکە لە مۆڵەکەدا گەلێك دەنگی تر بەرزبووەوە قسە بکە ٠

ـ ئەی هاوڕێیان دەشێت دەربارەی ئەو پارەتان بیستبێت کە لە ناوچەکەی ئێمەدا پەیدا بوو بوو ٠ ئەو رۆژە دەبو پاشەوپاشی بکشاینایە دوواوە ، پۆشینی ئەو کشانەوەیەش بە پەلەکەی ئێمە سپێردرابوو ٠ ئەڵەمانەکان ئێمەیان لە تاقمەکەمان بڕی رووەمان لە هەر کوێیەك دەکرد ئاگربارانیان دەکردین، هاوەنیان ترەدەگرتین ، ئەو جەنگەڵەی خۆمان تێدا شاردبۆوە دەدرایە بەر تۆپی هویتزرو لێیواری دارستانەکەشیان بە شەستیر شانەدەکرد ٠ کات تێپەڕی و بە پێی کاتژمێر وامان دانا کە تاقمەکەمان خۆیان لە جێگە تازەکەیاندا قایم‌کردووە ٠ ئێمە لەبەر باری گرانی دوژمندا ئارامان گرتبوو بەڵام ئیتر کاتی ئەوەش هاتبوو کە بجمێین‌و بگەیینەوە

پرواته ل : ٧

Institut Kurde de Paris

پاڵەوانە پاشماوە

هێزەکانمان • بەڵام ڕێی پێدزکێمان دەست‌نەدەکەوت ، هەروەها لە جەنگەلەکەشدا لەوە زیاتر توانای مانەوەمان نەمابوو ، چونکە لەوانەبوو تووشمان ببن ، جەنگەلەکەش گەمارۆدراوەو هەمستدەکەن کە تەنیا چەند کە سێکیش ماوین‌و دەتوانن بە گەردن هەڵمانواسن • ڕێگەی ڕزگاریشمان ئاشکرایە دەبێت بە پێچو پەتابێت ، بەڵام ئەو ڕێگەبە پێچو پەنایە کامەیەو لە کام لاوە دەربازبین !؟ گەورەکەمان ئەندێ بیترۆفیتش بۆتۆرین دەڵێت : لێرەوە هیچ کەڵکی نییە ، تا سووسەیەك نەکەین پێویستە بگەڕێین کەلێنێك لە ریزەکانیاندا بدۆزینەوەو لەوێوە قەلەمبازێك بدەین‌و دەرچین » •

دەستوبرد منیش دیمەوەو بە گەورەکەم دەڵێم : هاوڕێ ملازم ڕێم دەدەیت من کۆششێك بکەم ، تاقی‌بکەمەوە •

گەورەکەم سەرنجێکی وردی لێدام ـ لێرەدا پێویستە لە چیرۆکەکەلا دەم‌ـ من‌و ئەندێ خەلکی دێیەکین ، جارەهای جارپێکەوە لە چەمی (ئیسیت) سدا ڕاوە ماسیمان کردووە ، دوای ئەوەش لە کارگەی مس لە (ریفدا)دا چەند بە چەند شان بەشانی یەك کارمان کردووە •

بە کورتی هاوڕێ‌و دۆستی یەکتری بووین •

گەورەکەم سەرنجێکی لێدام ، بڕۆێ هێنایەوە یەك‌و ناوچەوانی بەیەکدادا ، گرژبوو • وتی ! یاشە هاوڕێ زادۆختین ، دەرچۆ خۆ کارەکەت لا ڕوونە •

کەیاندمیە سەر ڕێگەکەو ئاورێکی بۆ ئەم لاو لای خۆی دایەوەو دەستی توند گوشیم وتی ! « کولیا با دۆعا خوازی لە یەك بکەین ، ئەوەك یەکتری نەبینینەوە ، خۆت دەزانیت ، ئەرکەکەت پڕ لە ئەندێشەو مردنە ، بەڵام لەسەر خواستی خۆتە ، بۆ منیش ناشێت دەست بهێنە بەرت ، بزانە ئومێدی گەورەشمان تۆ دەبیت ، کۆلیا چونکە دوو سەعاتی تر زیاتر ناتوانین لێرەدا ، بمێنینەوەو زیانیشمان بێشوماره • »

ـ چاکە ئەندرێ ، ئەمە یەکەم جاریش نییە کە مزو تۆ دەکەوینە هەڵوێستێکی وا داسکەوە• تەنها یەك سەعات چاوەڕێم‌ـ کەت ساغی دەکەمەوە چی هەیەو نییە ، خۆ ئەگەر ئەشهاتمەوە ئەوە لە ئۆرال سلاوم بە تاقمەکەمان بگەیەنن •

بە دزە دزەو لە پاڵ دارەکانەوە ڕووم‌کردە لایەك بەڵام هیچ دەرفەتیکم نەدی ، چونکە ئەڵمانەکان ئاگریا ڕانێکی‌پڕو تیژی ناوچەکەیان تیژی ناوچەکەیان دەکرد • لە لایەکی نزەوە دزەم‌کرد ، لە دامێنی دارستانە بچکۆلەکەدا کەندەڵانێکم بەدی‌کرد ، سەنگەرێکی نیمچە قووڵ لەو بەرچالەکەوە ، دەوەنێك بوو ، پشتی ئەوپیش ڕێگەیەك بوو لە زەوییەکی ڕووتەنرا • داپەڕیمە کەندەڵانەکەوە ، ویستم بۆ دەوەنەکە بکشێم‌و لەوێوە بڕوانمە ڕووتەنییەکە ، بزانم چی هەیە ، بەناو لیتەکەدا سەرکەوتم ، لە ناکاو دووپاژنەی ڕووتم هاتەبەرچاو ، ڕاست بە ژوور سەرمەوە ، لێی وردبوومەوە، دووقاچی بچکۆلەن ، قوڕ بە سنکیانەوە وشك بۆتەوەو هەڵوەریوە پەنجەکانی پێس‌و ڕووشاو ، پەنجە تۆتەی قاچی چەپیشی بە پەڕۆیەکی شین پێچرابوو ، وا دیار بوو لە هەر شوێنێك بوو بێت بریندارببووبوو • زۆر هەڵم ڕوانی بەپاژنەو پەنجەکانیدا کە بە دڵخوردییەکەوە بە ژوور سەرمەوە دەلەرزین • لە ناکاو نازانم بۆ چۆل بە دڵمدا هات کە ختووکەیان بدەم • ئێستەکەش ئەو ئارەزووی ختووکەدانەم بۆ لێك نادرێتەوە، ئارەزوویەکی ڕووت ، بەگەرم پاڵی‌پێوەتام• لاسکە پووشێکی دڕکاویم هەڵگرت‌و لەسەرخۆ هێنام بە پاژنەیەکیدا دەستبەجێ پێی شاردرایەوەو لە جێگەی سەرێك لە ناو لق‌و پۆپی دەوەنەکەوە هاتە دەرێ ، سەرێکی سەیری پێکەنیناوی دوو چاوی پڕ لە ترسی بێبڕۆ ، قژێکی ڕەنگ تێکچوو ، لووتێکی شل ، وتم : ئەوە لێرە چی دەکەیت •

ـ بە دوای مانگایەکدا دەگەڕێم ، مامەکە نەتدیوە؟، ماریشکای ناوە ، سپیە ، پەلەیەکیشی بە لا تەنشتەوەیە ، شاخێکی بۆ خوارەوەیەو شاخەکەی تری هەر نییە ••• مامەکە بڕوا مەکە ••• ئەمە هەمووی درۆیە ••• بۆ تاقیکردنەوەیە ••• مامەکە لە تاقمەکەی خۆمانیت ؟ هاتوویتە دەرێ ؟ •

لێم‌پرسی تاقمەکەتان کێیە ؟

ـ دیارە ـ ئەوان • • • سوپای • • ئەی خۆ پەرینەوە ئەوبەر •• ئۆ بۆچی لێرەیت ؟ مامەکە ئاخر ئەڵمانەکان دەتگرن •

وتم :ـ وەرە ئێرە ، قسەم بۆ بکە لە ناوچەکەتدا چی هەیە ؟ سەرەکە شاردرایەوە ، جارێکی تر قاچەدرکەوتەوە ، کوڕێکم هاتەبەرچاو سیازدە ساڵێك بۆ بنی کەندەڵانە گڵینەکە داپەرییە خوارەوە • منداڵەکە چرپاندی •

ـ مامەکە گورچ‌کە ئێرە بەجێبهێڵە ، ئەڵمانەکان لەم ناوەن چوار شەشیریان هەیە ، ئا لەو دارستانەدا دایان مەزراندووە • لێرەشدا ، هاوەنیان دامەزراندووە لەبەرئەوە لێرەوە بۆ ڕێگەکە دەربازبوون نییە •

پرسیم : ئەمانە لەکوێ دەزانیت ؟ •

ـ لەکوێ ؟ ئەی گوایە لە بەیانییەوە بۆچی چاودێری دەکەم ؟

ـ جا بۆچی چاودێری دەکەیت ؟

ـ ئاخر کەلکی بۆ ژیان هەیە •••• ئای کە ڕیکەوت هەیە •••• دەستم‌کرد بە پرسیار ، ئەویش کەوتە باسکردنی هەموو شوێنەکە، وام بۆ ڕوون‌بووەوە کە سەنگەرەکە دوور دەچێتە ناو دارستانەکەوەو دەتوانرێت بە ناویدا بەلەکەمان لە ئاگری دوژمن بپارێزرێت‌و دەرباز بکرێت• منداڵەکەش ئامادەبوو کە لەگەڵماندا بێت

هەر لە کەندەڵانەکە هاتینە دەرەوەو نەهاتینە دەرەوە بۆ دارستانەکە بچین ، هەوا وژەی کردو نالەی تەقینەوەیەکی ئەوتۆ هات هەروەك نیوەی دارستانەکە لە پرا بووبێتە هەزاران کەرتی وشکەوەبوو • تومەز لەغمێکی ئەڵمانەکان بوو لە نزیك ئێمەوە زەوییەکەی شی کردەوە • من دنیام لەبەر چاو تاریك بوو ، پاشان هەرچی چۆنێك بوو سەرم لە ژێر گڵەکەوە دەرهێنا کە لە سەرم کەلەکەبوو بوو • چاوم بۆ کوڕە بچکۆل گێڕا ، ڕوانیم لە سەرخۆ ئەویش سەرە بژەکەی لە ژێر گڵەکەوە دەردەهێنێت‌و بە پەنجەش خەریکە گڵ لە دەم‌و لووت‌و گوێی دەردەهێنێت •

ـ ئەها مامەکە چاوت لێیە چۆن هەردوکمان کەوتین ! ، ئای ڕاوەستە مامە تۆ بریندارییت •

ویستم ڕاست بمەوە ، بەڵام قاچم لە دووم نەهات‌و خوێن لە پێڵاوە دڕاوەکانمەوە فیچقەی دەکرد • بەڵام منداڵەکە کەوتە گوێ هەڵخستن ، بەرەو دەوەنەکان گل بووەوە و تەماشایەکی ڕێگەکەی کرد ، پاشان داپەرییە خوارێ‌و گەڕایەوەو چرپاندی : «مامەکە وا ئەڵمانەکان ڕوویان‌کردە ئێرە ، ئەفسەرێکیشیان لەگەڵدایە ، بە شەرف ، خێراکە ، ئای کە برینەکەت سەختە •

ویستم بیزوێم ، بەڵام هەستم‌کرد کە هەردوو پێم قورسن هەروەکو هەریەکەیان سەد کیلۆی پێوە بەسترابێت ، ئیتر نەتوانی لە سوپێرەکە دەرچم ، شتێك هەیە بەرەوخوار ، بەرەو دوا ڕامدەکێشێت •••

ـ « ئای مامەکە مامەکە »• بچکۆلەکەم بانگم دەکات••• هەروەکو خەریکی گریانیش بێت •

ـ کە وای‌لێهات تۆ لێرە بێدەنگ ڕاکشێ ، نەتبینن، من دەچم خەریکیان دەکەم ، دووریان دەخەمەوە لێیت ، پاشان دەگەڕێمەوە دوای ئەوەی کە •••

بە تەرحێك سبی هەڵگەڕا ، خاڵەکانی دەهوچاوی تەواو دەرکەوت شتێکیشی لە چاویدا دەبریسکایەوە • بیرم کردەوە : دەبێت بیری لە چی کردبێتەوە ؟ ویستم نەهێڵم بڕوات‌و وەك جاری پێشوو پەلاماری پاژنەی بدەم! بەڵام ئەم جارە قاچی بە ژوور سەرمەوە نەبوو ، ئەو قاچە پیسانەی کە ئێستەش لە بەرچاومە ، بە پەنجە تووتە پێچراوەکەیەوە کە بە پەڕۆیەکی شین بەستبووی • لە سەر گازی پشت کەوتبووم ، گوێم هەڵخستبوو لە پڕ هاتە بەر گوێم : « بوەستە •••• نەجووڵێتەوە » • تەپەی پۆستاڵێکی قورس بە ژوور سەرمەوە هات‌و گوێم لێبوو بە ئەڵمانی پرسیان : «لێرەچیت دەکرد • »

گوێم لە هاوڕێ بچکۆلەکەم بوو

ـ من مامەکە ، بە دوای مانگایەکدا دەگەڕێم ، مانگایەکی باشە سپییە ، پەلەیەکی ڕەشی بە لا تەنشتەوەیە ، شاخێکی بۆ خوارەوەو شاخەکەی تری هەر نییە ، ناوی ماریشکایە نەتدیوە ؟

ـ ئەوە چ مانگایەکە !؟ وادیارە دەتەوێ هەڵەوەڕیبی شتی هیچ‌و پورچ بکەیت ، وەرە ، نزیك بەرەوە ، وەرە ، نزیك بەرەوە ، دیمیت دادەپەریتە ئێرەو ماوەیەکی زۆر دەمایتەوەو ون دەبوویت ؟

ـ من ؟ بۆ مانگاکە دەگەڕێم مامەکە •

لە پر گوێم لە ترپەی پێ ڕووتە سووکەکانی بوو ، ئاشکرا بەسەر جادەکەدا • پاشان گوێم لە قیژەی ئەڵمانەکان بوو • ـ بووەستە ! بۆ کوێ ؟ بگەڕێرەوە ، تەقەت لێدەکەم!

تەپەی پۆستاڵێکی گران بە ژوور سەرمەوە دەنکی دایەوە پاشان تەقەیەك هات ، زانیم کە هاوڕێ بچکۆلەکەم بە ئارەزوو بە پێچەوانەی ئاراستەی سوپێرەکە هەڵات ، بۆئەوەی ئەڵمانەکانم لێ‌دوور بخاتەوە • هەناسەم لە خۆم بڕی گوێم‌گرت ، تەقەیەکی تر کراو زریکەیەکی دووری گزم هاتە بەرگوێ ، پاشان کش‌وکپ ، هیچ نەما •• •• وەك لێهاتوو کەوتمە لنگە فرێ ، قەپم بە زەوییەکەدا کردو کەوتمە گل کرۆشتن کە ئەگەڕیم • خۆم دایە سەر دەستمدا ئەوەك لەو ساتەدا پەلاماری چەکەکەم بدەم‌و ئاگربارانی فاشستەکان بکەم ، چونکە ئەدەبوو خۆم دەربخەم ، دەبوو فرمانەکەم بەجێبهێنم، هاوڕێکەم بەبێ من لەو تەنگ‌و چەڵەمەیە ڕزگاریان نابێت ، دەفەوتین • خۆم خستە سەر ئانیشکم‌و چنگم لە چڵەکان گیر کرد کەوتمە خۆکێش کردن ، ئیتر پاش ئەوە هیچم نایەتەوە یاد ، تەنها ئەوەم دێتەوە یاد کە کاتێك چاوم کردەوە ئەندرێم لە لاوە بوو ، تریك تێی دەڕوانیم • بەو جۆرە لە دارستانەکە ، بەناو ئەو سەنگەرەدا دەربازبووین‌و ڕزگارمان بوو •

قسەکەرەکە پشوویەکی دا ، هەناسەیەك وەرگرێت ، بە شێنەییش چاوێکی بە هەموو هۆڵەکەدا گێڕا •

ـ هاوڕێینە ئەوەبوو ئەو مرۆڤەی ژیانی منی کڕییەوەو توانی پەلەکەشمان لەو چورتومە ڕزگار بکات، شایانی ئەوەبوو ئێستە لێرەدا نزیك بەم مێزە بوەستێت ، بەڵام بە داخەوە کە ئەوە نەهاتەدی ، پاشان تکایەکی ترم هەیە هاوڕێیان با بۆ گەورەیی ئەو هاوڕێ ئەناسراوەم کە پیانەگەیشتم هەر ناوەکەیشی بزانم ، با بەرزە پێ بوەستین •

بێدەنگ لە هۆڵەکەدا ڕۆڵەی شەری دلێرانەو قارەمانانی قەوماوی سەختـ وگران هەموو بەرزە پێ هەستان بۆ ڕێز لێگرتنی بیرەوەریی منداڵێك ، بیرەوەریی پاڵەوانێکی ئەناس کە کەس ناوی ئەدەزانی •

هونەری پاشماوە

شایانی باسن بەڵکو ئەو هونەرمەندانە مەبەستمان کە بە ڕوونی پەلەکردن بە ئیشەکەیانەوە دیارە •

دیاردەی دووم ـ ئەم دیاردەیە پەیوەندی‌یەکی توندی هەیە بە دیاردەی یەکەمەوە یا ڕاستر دیاردەی دووەم لە ئەنجامی دیاردەی یەکەمەوە هاتۆتە دی ، ئەویش خەڵکێکی کەم ئالودەی بینینی ئەو پێشانگایانە یان هەیە کە دەکرێنەوە وەئەو کەسانەی کە دەچن زۆر بەیان لە تابلۆکان ناگەن‌و بێهیچ کاریگەرێك لە سەریان دێنە دەرەوە لە هۆڵەکە •

لە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی کەمی ئارەزوو بۆ بینینی پێشانگاکانی لە چاو لایەنەکانی دیدا دەپێت هێماش بۆ ڕۆشنبیریەتی جەماوەر بکەین کە ئەویش لە بارێکی ئەوتۆدا نییە هەموو ئەو ڕەمزو بەکارهێنانی لەغزانە جیا بکاتەوەو بتوانێ شوناس نامەیەکی سەر بە قوتابخانە هونەریەکان بداتە هونەرمەند •

هونەری تەشکیلی وەکو وتمان خاوەنی چەند چمك‌و زاراوەو خاوەنی میژوویەکی دوورو درێژەی تایبەت بەخۆیەتی کە هونەرمەند لە هەندێك حالەتدا شارەزایە بەڵام کەسانی تر پێویستیان بە خوێندنەوەو گوێگرتن هەیە لەو تویژینەوانەی کە پێویستە بکرێت لەسەر هەڵوێستی تەشکیلی بە چاو گێرانێکی خێرا بە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ئەگەینە ئەو ڕاستیەی کە هیچ تویژینەوەیەك ناپینرێت لەسەر هونەری تەشکیلی تا بێتە دروستبوونی سەرمایەیەکی ڕۆشنبیری لای خەڵکی کە هانی بدات چێژ لە پێشانگا وەربگرێت پێشانگاکان دێن‌و دەڕۆن بێ ئەوەی کەس لە سەری هەڵبداتی‌و ڕەخنەیەکی هونەری بنوسێ یا باری سەرنجی بە شێوەیەکی زانستیانە دەربڕێ ، ڕەنجی هونەرمەندەکەش بە فیڕۆ ئەڕوات‌و لە قوژبنێکی ڕۆژنامەیەکدا بۆ مێژوو شوێنی نابێتەوە • بەڕای من هونەرمەندەکان خۆیان لەم لایەنەوە کە متەرخەمیان هەیە ، کوایە کێکیان باسێکی دەربارەی هونەرمەندێکی جیهانی نووسی یا باسێکی دەربارەی قوتابخانەیەکی هونەری تەشکیلی تیا نووسی‌و مەبەستی سەرەکی ئێمە تەنها ئەوەندەیە کە ئەم لایەنە زیندووە کاریگەری خۆی هەبێت • واتە هەست کردن بە گرنگی هونەری تەشکیلی ئەم سەرنجانەی پێخستینە دوو توێی ئەم باسە بچوکەوە بە گوێی هونەرمەندو ڕۆشنبیرانیشدا بچرپێنین لەگەڵ هەموو پێشانگایەکدا تۆژینەوەو باسی‌و خواست دەربارەی هونەرو هونەرمەندانی جیهانی بکرێ‌و پاکژکردنی پێشانگاکان بۆ ئەوەی ڕەنجی فەرهادی هونەرمەندان بەبادا نەڕوات‌و کارێك بکەن لەگەڵ هەموو تابلویەکدا بژین‌و بچینە ناخی شتەکانەوە •

سەدەی پابماوە

پێوەند ڕزگار ببێ تاوەکو لە جیهان تێبگاو تاکەکەس لە کۆمەڵدا جێگای شیاوی خۆی بدرێتێ • لەم تێڕوانینەوە عەقڵی ئادەمیزادی لە خەوی دوورو درێژی سەدان ساڵە ڕاپەڕاندو بەتوندی دەستی لە یاساو نەریتی دەرەبەگایەتی‌و ڕێبازی کاتۆلیکی باو ، وەشاندو لایەقی ئەوەیە بە یەکەم موژدەدەری بیروڕای سەدەی بووژاندنەوە ناوبنرێ • سەرەنجام بەرهەمەکانی بە ڕادەیەك کاریان لە ئەدەب‌و هونەری جیهانی‌ی و بیروباوەڕی سیاسی ئەوروپا کرد ، ژمارەیەکی زۆر نووسەرو شاعیرو پەیکەرتاش‌و نیگارکێش‌و مۆسیقاژەنی گەلان ئیلهامیان لێ وەرگرتن ، بە تایبەتی لە «کۆمیدیا»کەی • ڕاستی‌یەکەی هەموو ئەو نووسەرە ئەوروپایی‌یانەی خۆیان لە یاساو نەریتی کەنیسە دەرباز کردبوو ، «دانتێ» بە شاعیرێکی داهێنەرو زانایەکی مەزن لە قەڵەم دەدەن • لە وولاتەکەی خۆیشیداو لە سەدەی چواردەمەمەوە بەرهەمەکانی ڕاستەو خۆ بوونە هێزی پاڵپێوەنەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەو نیشتمانی‌ی گەلی ئیتالیا ، ئەمەیش بە تەواوی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا دەردەکەوێ کە خەباتکردن لە پێناوی یەکێتی‌ی ئیتالیادا گەیشتە لوتکە • ئەمە جگە لەوەی بیروڕای «دانتێ» لەناو ئەو بزووتنەوە میللی‌یانەدا خۆیان نواند کە لە دواییدا بەرپا بوونو کەنیسە مۆری کفرو ڕەفی نا بە تەختی تەوێلیانەوە •

٥ ـ بەرلەوەی «لۆرینزۆ ڤالا » بی‌سەلێنێ کە «خەڵاتی کۆنستانتین » بەلگەنامەیەکی ساختەیە ، «دانتێ» زۆر بەتوندی ڕەختەی لێگرت بێ ئەوەی بزانێ ئەم بەلگەنامەیە شتێکی دروستکراوە • بڕوانە •

٦ ـ ووشەی کۆمیدیا لە بنەڕەتدا لە Komodia ی گریکی کۆنەوە وەرگیراوە کە لە سەرەتادا مانای « گۆڕانی پێکەنینناوی »دەگەیاند •

ـ ٧

A. J. Grant, op. cit., 464

٨ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە :
The Renaissance and the Reformation, 1300 - 1600, pp. 39-40.

هوزانەکا پاشماوە

هادری من دیت ژ ویڤە
قامەتا نازك ژ پێرڤە
دل لمن کەرکر ژ ویڤە
کەس بحالێ من نزانی

● ●

(١) کاك وصفی نفیسی‌بو (طالب ویصالم)
بەلێ د فێرەدا یا نفیسی (طالب دارم)

پەخشانی/پاشماوە

سەرزشت بەستنیدایە لەگەڵ ڕێبازی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ناکۆکی‌یەکانیدا » •

مەبەسمان لە وەرگرتنی ئەم چەند دێڕە هەر بۆ سەماندنی ئەوە بوو کە لە وولاتێکی بە تەکنیك‌و پیشەسازی پێشکەوتوودا ، لە وولاتێکدا کە هەر لە هونەری ڕۆماندا سامانی قووڵ‌و بەپێت‌و جێگەداری کەسانی وەك:(تۆلستۆی)یان‌و دەستیۆفسکی‌و تورکێنیف‌و گۆرکی‌و شۆلۆخۆڤ‌و فادییف • هتد ، هەیە ، تازە باسی ژیانی‌لادێ وای لێدێت ، چەشنە بابەتێکی تازەی ئەدەبیاتی بۆ بێتە کایەوە• لێکدانەوەی بنەڕەتی نایدیۆلۆژیی ئەم بابەتە هەرچی‌یەك بێت ، ئەوا ئەنجام هەر ئەوەیەکە بابەتێك‌و دیاردەیەکی تازەی لە مەیدانی بەرهەمی ئەدەبیدا دروست‌کردووە ئەمەش دەرسێکی ئیستانیکی‌و خولقاندنە بۆ ئێمە کە لایەنی ناوەڕۆك‌و ڕوخسار دەگرێتەوە •

بۆ ناوەڕۆك ، ئەوە دەسەلێنێت کە هێشتا ژیانی چەند سەدەی ڕابوردووی لادێمان ، بە دیمەنی کۆمەڵایەتی‌و بە پێوەندی‌و ئەنجامی ڕەنجکێشان‌و بە خەباتی نیشتمانی‌ی جەماوەری فەللاحەوە ، هەر کەرەسەی نووسین‌و کانی سوودبینین‌و ئواندن‌و ڕەنگدانەوەیەو هێشتا هەر زەوی‌یەکی بە پێتی نەکێڵراوە کە پێویستی بە لایەنی ڕوخسارو حامەی بە توانا‌و بەهرەی لێهاتووان هەیە •

بۆ ئەمەش دێینەوە سەر باسی زرووفی خۆیی‌و کۆنایی باسی بۆ دەبەستینەوە بە سەرەنای باسکردنەکەی ڕۆمانەوە

نوێلە پاشماوە

وەهەروەها (نازا) کە مەلبەندیکی ئەمریکی (فضائی)ە گرنکی‌یەکی زۆری دا بەم فیمە وە کاربەدەستانی ئەمریکی ئاگادار کردەوە کە (ڤەلیوت) ئەو کورەی کە بۆیەکەم جار (ئەی•تی) دیوە و شاردویەتەوە لە مالی خویاندا (لە فلیمەکەدا) تاوانیکی گەورەی کردەوەو بیوستە سزا بدرێ بەپێی یاسا •

بەم جۆرە دەبینین لەوولاتە پێش‌کەتوەکاندا گرنگی‌یەکی زۆر دەدەن بەمندالان وەجیهانەکەیان فراوان دەکەن چونکە هیوای دوا ڕۆژن •

سوپاس

بەبۆنەی کۆچی دوایی خوا لێخۆش‌بوو شێخ علی شێخ محمد صدیق بارزانیەوە سوپاسی هەموو ئەودلسۆزانە دەکەین هاتنە پرسەیی یان بەنامە پرسەیان پرسی خوا لە ناخۆشی بە دووریان بکات •

فاخر شیخ نوری شیخ صدیق بارزانی

Institut kurde de Paris

هەندێ بیرۆرا

لەوەندی رۆشنبیری و رۆشنبیرکردن بلاوکردنەوەی کوردی‌دا

دەربارەی بنەڕەتە مێژوویەکانی زمانی کوردی

ئێوارەی ٢٨ ئەم مانگە ،رۆشنبیرانو ئەدەب، دۆستان،جارێکی کەو لە چوارچێوەی بەرنامەی وەرزی رۆشنبیری‌دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردیدا ئێوارە کۆرێکی رۆشنبیری‌یەکەلکی تریان بەسەر برد •

ناونیشانی « هەندێ بیرورا دەربارەی بنەڕەتە مێژوویەکانی زمانی کوردی» پێشکەش کرد •

هۆلی کۆمەڵەی رۆشنبیری سەرزمان بە وردی ڕوونکردەوە •

دوکتور جمال ، لە باسە زانستی‌یەکەیدا لێکۆلینەوەیەکی وردی لەسەر پەیدابوونی میژوویی و شەی کوردی‌و ئەو گۆرانانەی بەسەریا هاتووەو ئەو بنچینە میژوویانەی لە سەری دروستبووە پێشکەش کرد • هەروەها لایەنی شارستانیەتی‌و گۆرانەکانی‌و کارلێکردنی بۆ قوتابیاندا جمەی دەهات‌و

لەو کۆڕەدا ، دوکتور جمال رشید باسێکی تیرو تەسەلی زانستی بە کوردی لە بەغدا ، لە رۆشنبیرو ئەدەبدۆست‌و گۆرانەکانی‌و کارلێکردنی بۆ

دوکتور جمال ، لە باسەکەی بووە ، دەرگای گفتوگۆ بۆ ئامادەبوونی کۆڕەکە کرایەوە ، جا لەبەر ئەوەی ، باسی کۆڕەکە باسێکی میژوویی تایبەت‌و شارەزایانە بوو ، لە قسە لە سەرکردنیا زیاتر

پرسیاروو داوای ڕووتکردنەوەی هەندێ لایەنی باسەکە کراو بە دەیان پرسیار دەربارەی لایەنەکانی ئەو باسە لە لایەن ئامادەبووانەوە کراو ••• مامۆستا د• جمال بە وردی وەلامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە هەروەها مامۆستایان د• وریا عمرو ئەریمان مستەفا گفتوگۆیان دەربارەی باسەکە کرد •

ئەوەی شایانی باسە، ئەمە پێنجەم کۆڕ بوو ، لەو کۆڕانەی دەزگاکەمان ،دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ، لە وەرزی یەکەمی رۆشنبیریدا بەجێی هێناوەو بەم هەنگاوەی دەزگاکەمان ، ڕێگایەکی تری بەرەو پەرەپێدانی زیاتری چالاکی رۆشنبیری کردەوەو بەم هەنگاوەش زیاتر رۆشنبیران‌و ئەدەب دۆستان لە دەوری ئەو چالاکیانە کۆبوونەتەوە •

ئۆپێک ئەر

«جیرینگاکە» بیفامۆ

: سەلام صالح ئەورۆز

(گۆرنیکا) تابلۆی هونەر مەندی ئیسپانی (پابلۆ پێکاسۆ) (١٨٨١ – ١٩٧٣) ئەو تابلۆیەی کە تا ئێستاش مەداری ووت و وێژی هونەرمەندەکان و رەخنەگرە هونەری‌یەکانە ، مێژووی دروست کردنی ئەو تابلۆیە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٧)دوای ئەوەی لە ڕۆژی (٢٨)ی نیسانی ساڵی (١٩٢٧) فرۆکەکانی هیتلەر و فرانکۆ هێرشیان بردە سەر شارۆچکەی (گۆرنیکا) لە ناوچەی (بسکای)و بۆردمانیان کرد• تابلۆی (گۆرنیکا) لەسەر پارچە قوماشێك دروست کراوە بە درێژی (٨٠و٧) مەتر پانی (٥٠و٣) مەتر ، ئیش کردنی هونەرمەند لەو تابلۆیە بە مەشست قۆناغ تێپەڕیوە بەدرێژایی دوو مانگ • (پێکاسۆ)ی هونەرمەند لەو تابلۆیەیدا پەنای بردوەتەبەر بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش و سپی ، زۆر کارمەندانە توانیویەتی ئەو تەقینەوە عاتفی‌یە دەربڕێت کە لەدەم وچاوی کەسانی تابلۆکە بەدیار ئەکەوێت •

منالێکی مردووی لە باوەشی گرتووە ، گریانی ئەو ئافرەتە گریانی دایکێکی دیاری‌کراو نی‌یە بەڵکو دەنگی ئازارەکانی مرۆڤە ، هەروەها ئەو کەلەپچەیەی کە لە مەچەکی جەنگاوەرەکەدایە هێزو خۆراگرتن دەرئەبڕێت بەرەو سەرکەوتنێکی مسۆگەر ، دیسان ئەو دەستەی کەلە پەنجەرەیەك هاتووەتە ژوورەوەو چرایەکی هەڵگرتووە ، یا وێنەی ئەو ئەسپو مانگایەی کە بەشێوەیەکی زەق لەسەر ڕووی تابلۆکە بەدیار ئەکەون ئەمانە هەموو هەواوکەشێکی تراژیدی ئەدەن بەتابلۆکە ، دەربارەی نرخی ئەو تابلۆیە دەستەیەك لە ڕەخنەگرە هونەری‌یەکان بە تابلۆی سەدەی بیستەم یان داناوە ، کەچی دەستەیەکی تر لەسەر ئەو رایەن کە تابلۆی (گۆرنیکا) بەنرخترین تابلۆیە لە مێژووی هونەر دا•

نوێ لە دنیای سینەمادا

«ئۆم» ئەی تی • بوو بە هاوڕێی منداڵانی سەرزەوی

(ئەی / تی) دانیشتووی یەکێ لەئەستێرەکانی ئاسمانە • لە کاتێکدا کەکەشتیەکی ئاسمانی ڕوو دەکاتە سەرزەوی وە لەگەڵ ئەوەیدا یەکێ لە ئەندامەکان بەجێ دەهێنێ کە ئەویش (ئەی•تی)ە ، کە سەروهەیکەلی گەلیك جیاوازە لە مرۆڤی سەرزەوی •

ئەلیوت منداڵیکە و لەتەمەنی ١٢ ساڵاندایە (ئەی•تی) بەرچاو دەکەوێت‌و سۆزی بۆی دەچولێ و دەبێ بە هاوڕێی ویارمەتی دەدات‌و دەیشارێتەوە لە مالی خۆیاندا لەکاتێکدا کەکاربەدەستانی میری بەدوای (ئەی•تی) دەگەڕێن بۆ ئەوەی چەندناقی کردنەوەیەکی زانستی‌لەسەربکەن ، وەلەوماوەیەی کە (ئەی•تی) دەمێنێتەوەلەلای ئەلیوت هاورێیەکەیان بەنین دەبێ لەکۆتایی‌دا(ئەی•تی) دەگەڕێنەوە بۆ نیشتەجێکەکەی خۆی • ئەمەش بەیارمەتی ئەلیوت دەبێ •

ئەمە بابەتی ئەو فلیمەبوو کە دەرهێنەر ستیفن سپیلبرگ لە ساڵی ١٩٨١ دادەریهێنا لەژێر ناونیشانی

(ئەی•تی) دا کەدەنگدانەوەیەکی گەورەی پەیدا کرد لەمەیدانی سینەماوجیهانی منداڵاندا وە بوو بە داستانیك بۆ منداڵانی‌ئەو وڵاتانەی کەئەم فیلمەیان تیدا پێشن‌کەشن‌کرا • ئەندازیاری ئیتالی کارلو رامباردی هەستابەدروست کردنی ئەو بەرگ‌و دەماڵکەی کە شێوەی(ئەی•تی) دروست بکەسات وەبەنرخیکی گران کە نزیکەی‌دەگەیشتە ملیون ونیوێك دۆلار

بەکەم شێوە کەوەکوولەمیستۆك «دمیە» دابوو درێژی ٧٠سم بوو کەلەچەند مادەیەکی وەك پلاستیك‌و شووشە دروست‌کرابوو وەلە جوڵانەوەیدا شیوە ئامێرد (الانسان الالی)وەرگرت بوو

شێوەی دوەم کەهەو لەهەمان‌ماده درەست کرابوو وە بەچەند ئامێریکی ئەلکترۆنی ئیشی‌ی دەکرد وەلەتوانایدا بوو کە بەئاسانی ٨٥ جولە(حرکە)ی جیاواز بکات لەگەل کردنەوەو داخستنی‌چاوی •

بەڵام ئەندازیار کارلۆلەم دووشیوەیەی (ئەی•تی)دا سەرکەووتوو نەبوو چونکەهیچ کام لەم دوو لەیستۆکە توانای گونتنیان نەبووئەمە وای لە کارلو رامباردی کرد کە شیوەی سێهەم بهێنێتە کایەوەکە لە قەبارەدا گەورەتر بوو لەدووشیوەکەی تر • درێژی ئەمیان نزیکەی مەترێك‌دەبوو ، وەئەکتەریکی قزم دەچوە ناو ئەم بەرگ‌ودەماڵکە (قناع) کەشیوەی (ئەی•تی) لێ‌پێك‌هاتبوو ، سێ‌ئەکتەری قزم دەوریان دەبینی (واتە دەچوونە ناوو بەرگەکەوە) بات بیلون بوو کەتەمەنی٣٤ ساڵ بوو درێژی ٩٢سم• دوەمیان ئافرەتیکی قزم‌بوو کەدرێژی ٨٣سم بوو کە ناوی (تیمارادی تروسك)بوو وە لەهەندێ کاتدا واتە لەکاتی گرتنی چەندەمەشهەدیکی تر منداڵیکی بۆقاچ کەناوی ماشیو دی میرت بوو لەتەمەنی ١٢ ساڵاندا وە بۆجۆڵانەوە لە شێوەیکەوە بۆ شوینکی‌تر دەستی بەکار دەهێنا •

گومانی تیدانی‌یە کە تەمسیل کردن لەناو بەرگیکی پلاستیکی ئا بەوجۆرە کاریکی ئاسان‌نی‌یە ئەکتەر تووشی گرانی دەبێ لە جوڵانەوەیدا ، لەم بارە یەوە ئەکتەری یەکەم کەلە چەند مەشهەدیکدا ئەم دەچوە ناو بەرگەکەی (ئەی•تی) بەوە دەلیت (زۆر جار لەکاتی گرتنی فلیمە کەدا وای پیوست دەکرد بۆماوەی زیاد لەچوار سەعات بمێنەوە لەناو ئەم بەرگە پلاستیکیەدا وام هەست دەکرد لەناو ئەرماویکی پر هەلمدام) •

پاش ماوەیەك لەدوای گرتنی فلیمەکە ورۆژنامە نووسەکان دەگەڕان بەدوای ئەم سێ‌ئەکتەردەدا چونکە بوو بوونە بابەتی سەرەکی ڕۆژنامەو گۆفارەکانی ئەمەریکا ، بەڵام دەرهێنەر ستیفن بە ئەکتەرەکانی راگەیاندبوو کە زۆر نەدوێن لەبارەی گرتنی فلیمەکە •

ئەوەی شیاوی باسە ئەم فلیمە بێ‌ی خوی داگیر کرد لە ناو هەستی بینەراندا وە بەزۆری منداڵان ئەم راستیەشی لەوکاتەدا بەدی کراکە لەماوەیەکی کەمتر لە هەشت مانگ پاشس بڵاوبوونەوە وبێشن‌کەشن کردنی فلیمەکە لەزۆر ولاتاندا زیاد لە ٣٠٫٠٠٠ نامە گەیشتە هولیود کەتیدا داوای نمرەی تلفۆن و ئەدریس (ئەی ، تی)یان دەکرد وە زۆری نامەکان لە منداڵانە دەبوو •

هەرپاش ناوبەنگ دەرکردنی ئەم فلیمە لەجیهانی منداڵاندا ئەو دەزگایانەی کە تایبەتن بە منداڵ یانەیەکیان کردەوە بۆ هاوریتانی (ئەی•تی)، ئەوەی ئارەزووی‌بێ بەشداری بکات لەم یانەیەدا دەبێ شوناسنامەیەك وەربگرێت لەم بانەیە کە نرخەکەی شەش دۆلارە پاشان ئەو کەسەبە هاوڕێی باوەڕپیکراوی (ئەی•تی) دەژمێرێ •

وە « ئەی•تی » نەبوو بەهاوریکەی منداڵان تەنها لەریگە سینەماوە بەڵکو چوە ناو منداڵانەوە تێ‌کەلاوی دەکرد لە ناویاندا ئەمەش بەوەی کە زۆر شێو بچوك دروست‌کرا لە پلاستیك وشووشە لە شیوەی(ئەی•تی) وەکو لەیستۆك (دمیە) لەناوبازار دا دەیان کڕی‌و دەیان‌برد بۆناو ماڵەو پێشەنگا کاتەوە ، وەزیاد لە (٣٠) کومپانیای ئەمریکی پێش برکیان دەکەوت بۆوەرگرتنی ناوی (ئەی•تی) بۆ ئەوەی بیدەنە لەبەرهەمەکانیان •

ئەوەی جێی سەرنجە پرۆفیسۆری ئەدەبی ئنگلیزی ئەلبرت میلار هەستا بە لیکۆلینەوەیەك دەربارەی سیناریۆی فلیمەکە وە بەراوردیکی ووردی کرد لەگەل ئەم سیناریۆیە و کتێب ی پیرۆزی (ئنجیل) وە (٣٢) خالی هاوبەشی تیدا بەدی کرد لەنیوانیاندا

حمە شوان

بروانە ل : ٧

فلیمی نوێی شارلوت رامبلنگ

ئەستێرەی سینەمایی ناسراو شارلوت رامبلنگ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەقەللای ئەوە دەدا جێ‌پێی خۆی لەسەر زەوی دنیای هونەری سینەما زیاتر چەسپ بکات• لەبەر ئەوە بریاری داوە هەرگیز لە فلیمی سینەمایی وادا بەشداری نەکات کە ئەکتەری ئافرەت تەنیا بۆ پروپاگەندەی جوانیەکەی بەکاربێ •

دوافلیم کە ئەم‌ئەکتەر کاری تیا دەکا بەناونیشانی « ناوبژی‌کار » لەدەرهێنانی هونەرمەند سدنی لۆمبە •

دلی ناتەواو

پزیشکێکی دل لە ئەمەریکا نمونەیەکی دەستکردی دلی پیشانی‌ڕۆژنامەنووسان دا• وتی لەگەل دەستەیە پزیشکدا توانیویانە چارەی ئەو ناتەواوی‌یە زکماکە بکەن کە لە سکوڵەی چەپی دلی هەندێ منداڵدا هەیەو دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێ بە باشی خوێن بنێری بۆ لەش •



دۆزینەوەی ئەم چارەیە بە سەرکەوتنێکی مێژوویی دادەنرێ بۆ ئەو منداڵانەی دووچاری ئەم ناتەواوی‌یە بوونو ئەوسا بە ناتەواوی – یەکی کوشندە دادەنرا •

شێعر بۆ منداڵان

داری بەردار

داری‌بەردار مەشکێنە
بەروبومی مەومرێنە
ئاوی بدە گشت کاتێ
میوەی خۆشت دەداتێ
داری‌بەردار هاوڕێ‌یە
جوانی شارو لادێ‌یە
داری بەردار براتە
دەستی پر لە خەڵاتە
داری بەردا زۆر جوانە
برینەوەی تاوانە
ئاوی بدە گشت کاتێ
میوەی خۆشت دەداتێ

لەتیف حلمەت

هاوکاری

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی »

تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥

پینج حەت

Institut kurde de Paris

ئالای هەرەبەرزو مەزن ئالای عیراقی وعیراقییە تە

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بە ڕێوەبەری گشتی وسەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

• هەینی ١١/٣/١٩٨٣ ژمارە ٦٧٨ • ١٢ لاپەڕە • بە ٥٠ فلسە • الجمعه ١١/٣/١٩٨٣ العدد ٦٧٨ •

لەم ژمارەیەدا

• لەگەڵ سەرەکی نەنجومەنی ڕاپەڕاندنو نەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانو چەندان لێکولینەوە دەربارەی دەستکەوتەکانی شۆڕش لە کوردستاندا •

سەرەکی فەرماندە صدام حسین:

تینی نوێ بە وشەی پیرۆزی کوردی دەبەخشێ

لە سایەی بیروباوەڕی پێشەوای شۆڕشدا پێنوسە کوردی یە شەرەقمەندەکان سڵ لە کەس ناکەنەوە

شانازیمان بەعیراقیەت ... کوردایەتیمان دەرازێنێتەوە

سەرەکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی ئەوەی کردەوە کە باسکردنی کوردیەتمان بێهیزمان ناکات مادەم لە چوارچێوەی باسکردنماندایە دەربارەی عیراقیەتمانو شانازی کردنمان پێوەیەو لە چوارچێوەی ئەرگماندا بەرامبەر عیراقی مەزن بەتێکڕا جا لە چوارچێوەی بەرپرسیاریدا وەك بەفیکری دەیبینین یان لە چوارچێوەی هەڵسوراندنی بە کردەوە وەك ڕۆژانە رایدەپەڕێنین •

سەرەکی فەرماندە ئەمەی لەو ووتە بەنرخەدا ووت کە لەکاتی ئامادەبوونیا بۆ گفتوگۆ دەربارەی بەرنامەی کاری دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی پێری لەکۆشکی ڕۆشنبیری سازکراو دەقی ووتەکە لە (ل ٢ ، ٣ ، ٤ ،) دا بڵاوکراوەتەوە •

ئەمەو ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیرانو کارگیرانی دەزگاکە بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسینیان دووپات کردەوە کە لەسایەی بیروباوەڕی پێشەوای شۆڕشدا پێنوسە کوردیەیە شەرەقمەندەکانی لەکەس سڵ ناکەنەوە هەروەها دووپاتیان کردەوە کە شانازیمان بە عیراقیەت کوردایەتیمان دەرازێنێتەوە ، ئەم ناوردانەوە دڵسۆزانەیەی سەرەکی فەرماندە ڕۆڵەی گشت گەلی عیراق تینی نوێی بە وشەی کوردی بەخشی لەسەر ڕێگای پەمو نردنی یەکێتی عیراقی مەزن بەرابەری فەرماندە صدام حسین •

دووەم نامەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین بۆ گەلانی ئێران

لەم ژمارەیەداو لە لاپەڕەکانی ٥ ، ٦ ، ٧ دا دەقی دووەم نامەی سەرەکی فەرماندە ، بەڕێز صدام حسین کە ئاراستەی گەلانی ئێرانی کردوە بڵاوکراوەتەوە •

٩ ساڵە ناوچەی کوردستان لەسایەی تۆتۆنومیدا پێشدەکەوێ

ئەمڕۆ نۆ ساڵ ڕادەبووری ، بەسەر ڕاپەڕاندنی یەکێك لە هەرەدەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی مەزن کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بەرپای کرد • ئەویش دەرچوونو جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانە، کە لە سایەیدا گەلی کوردمان لە عیراقی شۆڕشدا ، بە مافی نەتەوەیی ڕەوای خۆی شادبوو •

لەم یادە پیرۆزەدا ، سڵاوو ڕێزو خۆشەویستی بۆ ڕابەری کاروانی شۆڕشی عیراقی سەر فرازو پیرۆزبایی لە گەلی کوردمان دەکەینو ئەم ژمارەیەی هاوکاری بە هەوڵی ڕۆژنامەنووسیانەی بە شداریە کەلەم یادە پیرۆزەدا •

لەیادی ١١ی ئادارەوا

گەلی کورد دڵسۆزی ڕێبازی شۆڕش و ڕابەرەکەیەتی

١١ی ئاداری هەموو ساڵی ، دیارترینو گرنگترین دەستکەوتەی نیشتمانیمان بەپیردێنێتەوە کە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ دوای ڕابوردنی بیستمانگ بەسەر بەرپابوونیا بەدیهینا ، ئەوەبوو لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا بەیاننامە میزوویەکەی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو ، کە بەوەهەنگاوی قۆناخێکی نوێ لە کاروانی یەکێتی نیشتمانی هاتە کایەوە بۆ بیناکاری سەربەرزی عیراق •

ئەوەندەی ئاداری ١٩٧٠و دوایی چەسپاندنی دافی نەتەوەیی گەلی کوردمان لە ئاداری ١٩٧٤دا وێنەی جوانو بەختەوەریو بەهێزبوونی کاروانی یەکێتی نیشتمانیمان دەهێنتەوە یاد ، ئەمساڵ کە یادی ئەم بەدیهاتووە مەزنە دەکەینەوەو نزیکەی سێ ساڵ دەبێ گەلەکەمان لە جەنگێکی دادوەری گەورەدایە دژی چاوچنۆکیو دەستدرێژی ئارەوای ڕژێمی ئێران ، ئەم یادە ، زیاتر بەختەوەرمان دەکات چونکە سەرەڕای هەموو کۆسپو تەگەرەیەکی هەموو لایەنە دژوارەکان کاروانی ئێمە هەر لە بیناکاری گەورەی نەوەستا •

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستیو شۆڕشە مەزنەکەی بەرابەری سەرکردەی گەل صدام حسین هەمیشە بەوەفابوە بەرامبەر بەڵێنە مەبدەئیەکانی لە بەردەم گەلدا • ئەوەندەیشی پەیوەندی بە مافەکانی گەلی کوردمانەوە هەبووە حزب ، لەبەر ئەوەی حیزبێکی پێشڕەوی جەماوەریە ، خۆی بەرابەری هەموو ئەو جەماوەرە دادەنێ کە لە نیشتماندا دەژینو بەرگری کاری دڵسۆزیانە بەبێ گوێدان بە زمانو شێوازی نەتەوەییو هەر نەویشە دەتوانێ بەرگری لە خواستەکانیان بکاتو بەرەو سەربەستی یان بەرێ ، لەبەر ڕووناکی ئەم هەڵویستە بەباوەڕەدا ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست هەمیشە وا سەیری بزوتنەوەی ئەتەوەیی گەلی کوردی لە عیراقدا کردوە کە سەرەڕای هەموو ئەو ئالۆزیەی دەوری داوە بەڵام لەناوەڕۆکدا بزوتنەوەیەکی نەتەوەییەو سنووری داواکاری نەتەوەیی هەیە بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عیراقداو لە سەرەوەی ئەو خواستە ڕەوایانە نۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان،

بڕوانە ل : ١١

ستایشی هەڵوێستی سەرەك صدام حسین بەرامبەر بزوتنەوەی بێلایەن

نیودیلهی : سەرەکی کوبا فیدل کاسترۆ سەرەکی شەشەمی بزووتنەوەی بێلایەن ستایشی سەرەك صدام حسینی کرد لەسەرئەو هەڵوێستە بەنرخەی لە ڕاژی بوونیا بە بەستنی کۆنگرەی حەوتەم لە نیودیلهیداو بەمە کارێکی وای کرد جووڵانەوەکە یەکێتیو هاوکاری خۆی بەجیهان بگەیەنێ •

لەو ڕاپۆرتەیدا کە لە کۆنگرەکەدا خوێندیەوە وتی پێویستە سوپاسی عیراقو سەرەك صدام حسین بکەین بۆ ئەو ئامادەبوونە نایابەیان بۆ کۆنگرەی حەوتەم لەبەر ئەوە سەیر نیە کە لە سوپاسگوزاریا داوای ئەوەمان کردوە بۆ کۆنگرەی هەشتەم بیر لە بەغدا بکرێتەوە ڕێش هەموو شوێنێکی ترو ئەمەیش لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری لەسەر دەدرێ •

ئەو سەرۆکانەی کە قسەیان کرد ستایشی هەڵوێستی سەرەك صدام حسینیان کرد لە پشتگرتنی بزووتنەوەکەو کاریگەری یاو •

ستایشی ئەو بڕیارەیان کرد کە عیراق دای بە گوێزانەوەی جێگای بەستنی کۆنگرەی حەوتەم لە بەغداوە بۆ نیودیلهی •

هەروەها ئەوەیان دووپات کردەوە کە ئەگەر ئەم بڕیارە نەبوایە بزووتنەوەکە نەیدەتوانی ڕەوتو هاوکاریو یەکێتی خۆی بپارێزێ وەك هێزێکی یەکگرتوو لە نیودیلهیدا کۆببێتەوە •

بێجگە لەمەیش وەفدەکان ستایشی ئامادەبی یەکانی عیراقیان کرد بۆ میوانداری کردنی کۆنگرەی حەوتەمو وتیان لەبەر ئەوە پێویستە جێگای بەستنی کۆنگرەی هەشتەم بەغدا بێ •

یاسر عرفاتی سەرۆکی ڕێکخراوەی ئازادکەری فەلەستینیش وتی ئەو هەڵوێستە بنیاتنەرەی کە عیراقو بە تایبەتی سەرەك صدام حسین بوویان بەرامبەر گوێزانەوەی کۆنگرەی حەوتەمی بزووتنەوەی بێلایەن لە بەغداوە بۆ نیودیلهی جێگای سوپاسە لەلایەن بزووتنەوەکەوە چونکە هەستی بەرپرسیاری دەردەخاو بەلگەبوو لەسەر یەکێتی ڕیزی بزووتنەوەکە •

هەروەها لەو وتارەیدا کە لە کۆنگرەکەدا خوێندیەوە وتی پێویستە سوپاسی عیراقو سەرەکی عیراق بکەین لەسەر باش ئامادەبوونیان بۆ کۆنگرەی حەوتەم • دوای ئەمەیش وتی لەبەر ئەمە هیچ جێگای سەرسووڕمان نیە سەرۆکەکانی دەوڵەتو حکوومەتە بێلایەنەکانی لە سوپاسگوزاری عیراقدا بڕیاری ئەوە بدەن کە کۆنگرەی هەشتەم لە بەغدادا بێو ئەمەیش لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری لەسەر دەدەن •

لە هەمان وتاردا یاسر عرفات وتی شەڕی نێوان عیراقو ئێران مەترسی یەکی زۆر زۆری هەیە نەك هەر لەسەر گەلانی هەردوولا بەڵکو بەهۆی پەرەسەندنی دەستەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبداو هەروەها وتی هەر ئەوەندە بەسە بە ئامادەبوانی بەڕێز بگەیەنم « ئیسرائیل »و ئەوانەی لە پشتیەوەن نەیانەتوانی ئەو دەستدرێژیە بکەنە سەر گەلانی لوبنانو فەلەستین ئەگەر ئەم شەڕە زوو کۆتایی پێبهاتابە یا هەرنەبوایە بە تایبەتی پاش ئەوەی وەك ڕێکخراوەی ئازادکەری فەلەستین داوای کردبوو عیراق هێزەکانی لە خاکی ئێران کێشایەوە هەروەها ئەگەر «ئیسرائیل» و ئەوانەی لەپشتیەوەن بەرەی خوارووی ڕۆژاوایان لە سینا مسۆگەر نەکردایە ، لەبەر ئەوە جارێکی تر داوا لە برایان دەکەم لە ئێرانو عیراقدا کە خێرا خێرا خێرا ئەم شەڕە ماندووکەرە بوەستێنن •

ئەمەو کۆنگرەی حەوتەمی وڵاتانی بێ لایەن بەردەوامەو مەسەلەی شەرەی نێوان عیراقو ئێران لە هەرە مەسەلە سەرەکیەکانی

بڕوانە ل : ١١

هێزە دڵێرەکانمان دەستی مەردانە لە دوژمن دەوەشێنن

لە ماوەی هەفتەیەی ڕابوردوودا ، هێزە مەردەکانی سوپای عیراق ،چەندان دەستی مەردانەیان لە بنکەو مولگاکانی دوژمنی داخ لەدڵ وەشاندو زیانی سەروو ماڵی زۆری پێگەیاندن •

بەپێی ئەو بەیاننامانەی لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە دەرچوون لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ، هێزی ئاسمانی دڵێرمان چەندان جار بنکەکانی هێزەکانی دوژمنی ئاگرتێ بەرداوەو هەموویان بە سەلامەتی گەڕاونەتەوە بنکەکانی خۆیان •

هەروەها ، جەنگاوەرەکانی سوپامان لەسەر سنوور ، مەردانە سەری هەموو جموجوڵێکی هێزەکانی دوژمنیان "کوتاوەتەوەو ئەم هەفتە ژمارەی کوژراو بریندارو بەدیل گیراو لە هێزەکانی دوژمن سەدان بووەو لە ڕووی دەست وەشاندنی تری مەردانەی هێزەکانمانەوە ، لە هێزەکانی دوژمن ، هەفتەی ڕابوردو بە هاوکاری هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانیمان ، بنکە نەوتیەکانی دوژمن لە کارگەی « نەورۆز »ی نەوت لە نزیك دورگەی خەرج ئاگری تێ بەردراو زیانێکی زۆری پێگەیەنرا •

ئەم دەست وەشاندنەمان لە دوژمن دەستەڵاتداریەتی دوژمنی هێنایە لەرزەو لە دنیای ڕاگەیاندنی جیهانیشدا دەنگ دانەوەیەکی گەورەی هەبوو •

بانگکردنی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ

کوێت : ڕاشد الراشد جێگری وەزارەتی دەرەوەی کوێت داوایی لە ئێران کرد ڕوو بکاتە ئاشتیو گوێ شل کا بۆ ئەو داخوازیانەی کە ئاراستەی دەکرێن بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکی لەگەڵ عیراقداو بە گوێی ئەو لایەنە ئیسلامیو جیهانیانە بکا کە کەوتوونەتە بەینەوە •

ئەم کاربەدەستە کوێتیە لە هەمان کاتدا ستایشی هەڵوێستی عیراقو کۆششە ئاشتیخوازانەکانی کرد لەم بارەیەوە •

بەڕێز ڕاشد الراشد بە داخەوە باسی دەوری ئەوروپای کرد لە بارەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەو بە سستی لەناوبرد •

● وەزیری نەوت

● عیراق هەوڵی بڕیاری دەدا لەسەر ڕادەی بەرهەم و نرخ •

لەندەن : ئادع : بەڕێز قاسم احمد نقی وەزیری نەوت وتی عیراق حەز دەکا بڕیاری بدرێ لەبارەی ڕادەی بالای بەرهەمو کەمکردنەوەی نرخەوە لەناو ئۆپێکدا •

هەروەها لەو گفتوگۆیەیدا کە لەگەڵ نووسینگای ئاژانسی دەنگوباسی عیراقدا لە لەندەن کردی وتی عیراق داوای ئەوە دەکا ئەندامانی ئۆپێك بەپێی ئەم بڕیارانە بجووڵێنەوەو هیچ لایەنە بە تەنیا بڕیار دەرنەکاو هیچ لایەن لە بڕیارەکان لانەداو وتی عیراق هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا یەکێتی ڕێکخراوەکە بەپتەوی بمێنێتەوە •

لە بارەی ئەو پرسیارەیشەوە کە ئادع لێی پرسی کە ئایا نەخشەیەکی وا هەیە کە ڕژێمی ئێران لە پشتیەوەیەتیو دەیەوێ ڕێکخراوەکە تێکدا وەلامی دایەوەو وتی هیچ سەیر نیە ڕژێمی ئێران هەڵوێستی وای هەبێ •• جیهان هەمووی دەزانێ کە ئەوان یەکەم کەس بوون نرخی ڕەسمی نەوتیان شکاندو یەکەم کەس بوون پێکەوە لەگەڵ ڕژێمی لیبیادا نەوتیان بە نرخێکی هەرزانتر فرۆشت لەو نرخەی بڕیاری لەسەر درابوو لەبەر ئەوە هەرچی یەك کە لەبارەی نرخی ڕەسمی یەوە دەیڵێن هیچ نرخێکی نیە چونکە هەرگیز

بڕوانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

ووتە بە نرخەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە ماوەی بەشدار بوونیا لە لیکۆڵینەوەی بەرنامەی کاری دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردیدا

عیراقیەکان ... رۆڵەی میژوویەکی ناسراون

شادمانم بەوەی لەم شوینەدا چاوم بە دەستەیەك خێرخوازی گەلی کوردی عیراقیمان بکەوێ . ئەوانەی نوێنەرایەتی رۆشنبیرانی کورد دەکەن ، جا لە خودی خۆیاندا یان لە ماوەی ئەوئەرکانەوە بە هەرجۆرێ لە جیاتی ئەوان بە جێ دەهێنن و ئالێم نوێنەرایەتی سەرجەم رۆشنبیرانی کورد دەکەن هەتا هەندێ رۆشنبیری کوردی بەرهەلستکار ، ئەگەر هەبن ((زیورنەبن)) .

● دەواری عیراقیەت :

گوێم لە لایەنێکی گفتوگوکان بوو ، هەروەك ناسایی وایە نامەوێ قسە لەسەر گفتوگوکان بەمانای تەکنیکی بکەم ، بەڵکو بەمانای گشتی و سەرتاپاگیر ، دەڵێم ، ئێمە لە عیراق ، کاتێ باسی کوردیەتیمان دەکەین ، شتێ نیە بۆمان عەیبێ یان نیشتمان پەروەریەتی عیراقیمان لەنگبکا ، بەڵام ئەوەی لەنگی دەکا ئەوەیە کە باسی کوردیەتمان بەدابراو لە دەواری

با رۆژنامەوگۆڤارەکان پر بن لە باسی کوردو ورۆشنبیری و ئەدەب کورد

گەورەی عیراقیەتمان بکەین و بەدابراو لە ئەرکەکانمان بەرامبەر تێکرای عیراقی مەزن ، چی لە چوارچێوەی بەرپرسیاریماندا وەك فیکری یان لە چوارچێوەی هەڵس و کەوتی کاری رۆژانەماندا دەیبینین ، هەر بەو جۆرەش کە باس لە تورکمانیەت و تورکمان دەکەین و کاتێ باسی هەموو خاسیەتە عیراقیەکان لە وڵاتە ئازیزەکەماندا دەکەین .

ئەمەیە عیراق و تاقە وڵاتیش نیە لە جیهاندا خاسیەتی نەتەوەیی و ئاینی و تیپ و تایفەی لە چوارچێوەی ئاینەکاندا تیایێ .

ئەگەر وڵاتانی ئەورووپا وەربگرین کە لە شارستانیەت و مەدەنیەتی نوێدا پێشمان کەوتوون ، دەبینین ، هیچ وڵاتێ نیە بێ ئەم خاسیەتە نەتەوەیە هەمەچەشنانە ... ئاینی هەمەچەشنەو ... تایفە لە چوارچێوەی یەك ئایینداو ... ئەمە حاڵی دنیایە ... هەندێ وڵات ئەم خاسیەتانە تیایاندا دەگاتە دەیان خاسیەت ، بەجۆرێ عیراق بە حاڵەتێکی بچوك دادەنرێ لە خاسیەتەکاندا .. بە پێوانەی ئەو خاسیەتانە ... ئەگەر خاسیەتەکانی عیراق تا ئەو رادەیەی دەستمان بۆ کێشا لە هی تر کەمتربێ و واقعیش وایەو ... ئەگەر عیراقیەك بەرگەی ئەم خاسیەتانە نەگرێ و لەناویا بە شێوەیەکی راست هەڵس و کەوت نەکا ، ئەوە ئەو عیراقیە نیە شانازی پێوە دەکەین دەربارەی دەخوێنینەوەو کە ئالاو مانای پەیامی مرۆڤایەتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەڵگرت کاتێ یەکەم شارستانیەتی بیناکرد ... ئەگەر عیراقی مەزن بەم خاسیەتانەوە بنالێنێ کە کەمترە لەوەی وڵاتانی تر دەبێ حاڵەتی وڵاتەکانی تر چۆن ببینین ... ئەگەر وامان بینی چارەسەری کاروباری دەکات و مامەلەکەل ژیاندا بەبێ هەست کردن بە هیلاکی دەکا ... بەبێ هەست کردن بە خاوو خلیچکی ... بەبێ ئەوەی ئەم خاسیەتانە لە هەڵسو کەوتی دەوری نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی دووربخاتەوە ... چۆن دەبێ عیراقی لەم خاسیەتانە وا بکەن نەیەڵێ مامەڵەی لەگەڵ ژیان و لەگەڵ یەکێتی گەل لە چوارچێوەی راستەقینەیدا بکات .

● گەل و حزب :

کەواتە ، بەیەقین ، عیراقی .. رۆڵەی ئەم میژوو ناسراوەی درێژایی رۆژگار لە کەسانی تر بەتوانا ترە لە مامەڵەکردندا لەگەڵ ئەم خاسیەتانەدا ... ئەگەر لەگەڵ کەسانی ترا یەکسانێ ، ناکرێ لە هەموو حاڵێکدا رادەی لەم کەمتربێ ، بەڵام قسەکردن لەسەر خاسیەتەکان تا رادەی نوقم بوون ، ئەوە هەستکردنە بە سڵەمێنەوەو حەساسیەت و هەندێ جاریش هەست بە بچوکی تیایە .

وە ، رێگام پەدەن ، من هەمیشە راستگۆم لەگەڵ عیراقیەکاندا ، من دەڵێم ، نیستا ئەوەی بەردەوام ، زۆر قسە لەسەر حزبی دەکا ، مانای ئەوەیە ، یان هەست بە بچوکی دەکا ، یان هوشیاری کەمەو لەوانەیە ئەم قسەیەم هەزاران بەعسی (زیور) بکا ، مەبەستم لەوە ، کاربەدەستانی گەورەیە لە دەوڵەت و لە حزبدا ... چونکە ئەگەر صدام حسین لە باسکردنی و قسەکردن لەسەر حزبی بەعس و بەعسیەکاندا نوقم بوو ، کێ وتویەتی هەموو عیراقیەکان حزبی و رێکخراون ... وەڵام نەء ... گەلی عیراق ، ئەو لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست گەورەترە ، و .. حزب حاڵەتێکی کەمە لەناو گەلداو کاتێ ژمارەی بەعسیە رێکخراوەکان دەپێوین بە مانای نیسبەتی کەمی ، کەم نیە بە پێوانە بۆ نیسبەتی گەل ... چونکە نیسبەتی حزب بە پێوانە بۆ گەل بێویستە کەمتربێ ... چونکە قسەکردنی لەسەر نیسبەتی حزب لە نێوان ژمارەی هاونیشتمانیە عیراقیەکاندا زیاترە لە نیسبەتی وەرگیراو ..

● پاڵەوانیەتی مەزن

لەبەرئەوە دەبێ نیسبەتی رێکخراوەکان کەم بکەینەوە بۆ ئەوەی کار هاوسەنگ بێت ، ئەگەر بەرامبەر بە حزبی شیوعی سۆفیەت بۆ گەلی سۆفیەت پێوانەمان کرد یان ئەگەر حزبی شیوعی چین بۆ گەلی چینی یان کۆمەڵەی شیوعیەکان یۆگۆسلاف بۆ گەلانی یۆگۆسلافیا . وە فلانە حزب بۆ ژمارەی دانیشتوان ، بەڵکو ئەڵێم هەر حزبێك یان هەر سەرکردایەتیەك یان هەر لایەنێك لە کاتێکا رابەری گەل دەکات پێویستە هەست بەوە بکات کە گەل لەو گەورە ترەو ئەو خزمەتگوزاری گەلە ، بەبێ ئەم هەستە بۆچوونەکان هەڵدەڕێنەوەو لەرێ لادان رودەدا ، یا لەبەرئەوە بۆ نمونە ناگونجێ بۆ ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کە قسەکانی وەردەگرین لە سەرەتاوە تا دوای بریتی یە لە حزبی بەعس ، ئەمەی وت وە حزبی بەعس وا کاری کرد وە حزبی بەعس وای کردوە حزبی بەعس پاڵەوانە ، لە سەرمانە پاڵەوانێتی حزبی بەعسمان لە بیر نەچێ ، بەڵام لە هەمان کاتا لە سەرمانە ئەم پاڵەوانیتیە بخەینە چوارچێوەی پاڵەوانیتی میژووی گەورەترەوە کە پاڵەوانیتی عیراقیەکان و گەلی عیراقە ، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە هەڵس و کەوتمان کرد لە رادەی بەر پرسیاری سەرکردایەتی بالادا ئەوەیان بچوکین بەیێی بۆچوونی کورت بینیمان لە مامەڵە کردنماندا لەگەڵ ژیان و حەقیقەتەکانیاو رۆژگارو پێداویستیەکانی یان ئەوەتە ئالۆزی یەکی نەفسیمان هەیە پێویستە وازی لێ بهێنین هەتا بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ ژیاندا مامەڵە بکەین .

● خاسیەتیەکانی عیراقی :

هاوولاتیانی عیراقی لە عیراقدا چاویان پێمدەکەوێ هەندێ جار لە عیراقیەك دەپرسم ئێوە دەڵێم تۆ خەڵکی کوێی . ئەڵێ قورمان من کوردم ، پێدەکەنم و یێی دەڵێم چاکە بەڵام من لە نەتەوەکەتم نەپرسی من لێم پرسیت و وتم تۆ خەڵکی کوێی دەڵێیت من خەڵکی سلێمانیم چونکە ئەم جۆرە بەرچاو خستنانە من وای دادەنێم نوقوم بونە لە خاسیەتەکاندا بەهۆی بارێکی نەفسی تایبەتەوە کە لەسەرمانە وازی لێ بهێنین بەڵام لەهەمان کاتدا من لەو بارە نەفسیە دەگەم و بەرێگایەك چیاری رۆڵەیەکی بەصرەی بێ دەکەم کە لێی دەپرسم تۆ خەڵکی کوێیت و وەدەڵێ من عەرەبم ... بەصرم ئەمە بەکفر دەزانم بەڵام کاتێك پرسیار لە عیراقیەك دەکەم وە دەڵێ من کوردم بە کفری نازانم چونکە لە دایك بوونی میژووی و نەفسی ئەم حاڵەتەو بەستراوەیی بە رۆژگارەکەیەوە لەبەرچاو دەگرم بەو جۆرە هەڵسوکەوتی بەرامبەر دەکەم بەڵام لە هەمان کاتدا وەك بەرپرسیار لە عیراقیەکان وە لە شوێن خۆمەوە وا کاردەکەم کە ئەم خاسیەتە حاڵەتێکی زیادەرۆی نەبێ لە کاروبارو لە روانینا لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێم قسەکردن لەسەر کوردیەتمان بێ مێزمان ناکات مادام باس لە چوارچێوەی عیراقیەتیماندا دەبێ و شانازی کردن .

● دەوری میژووی :

جادەبێ ئەم حاڵەنە وا لێبکەین باو بێت هەتا لە راگەیاندنی ئاراسمەکراو بۆ گەلی کوردمان تێر دەبێ ، باوی بکەین و وابکە رۆژنامەکە لە سەرەتاوە تا دوایی پر بێت لە باس کردن دەربارەی کوردو میژوری کوردو ئەدەبی کوردو رۆشنبیری کورد ، هەرگیز ، هەرچیمان بۆ یەت بڵاوی دەکەینەوە دوای ئەوە گەل کوردمان تێر دەبێ و روشنبیری کوردی و هونەری کوردی .. مند دەبینێ .. هەمووی باسی دەکرێ حاڵەتیکی بریقەدار نامێنێ بۆ مەبەستی بەرهەڵست کاران بەڵکو حاڵەتەکە وای لێدێت ئەو وەختە کوردێك لە سلێمانیەوە دێت پێت دەڵێ (بەس) باسی ئەدەبمان بۆ بکە لە کوبا ، ئەدەب لە جزائر ، ئەدەب لە ئەندەلوس لە قۆناغی ئەندەلوسیا با سەرنجی حاڵەتەکانی ژیان بدەین بە هەموو وێنە گشتی یەکانیەوە تەنیا لە گۆشەیەکدا گیرمان مەکە ، بەڵام ئەگەر وا مامەلە لەگەڵ ئەدەبی کوردی و رۆشنبیری کوردیا بکەن ، بە ئەدەب و هونەرەوە ، هونەر ، رەسم ، ئەحت ، مۆسیقاو گۆرانی لە ئێستەوە مامەلەی وا لە گەڵا بکەن لە چوارچێوەیەکی هاوسەنگدا حاڵەنەکە هەروا ئەمێنێتەوە وەك ئەوەی خەڵکی تر هەبێ یاسی زۆرتریان بوێت ، چاکە ، باس کردنەکە باوبکەن گۆڤارو رۆژنامەکان زیاتر پر بکەنەوە بە نوسین لەسەر ئەدەبی کوردی رۆشنبیری کوردی هونەرو شیعری کوردی هەتا گەلی کوردمان تێر دەبێ ، دوای ئەوەی تێر دەبێ بە رۆژن بە رەو هاوسەنگی وە باسی عیراقیەتتان بکەن بە هەموو شتەکانیەوە چونکە دەوڵەمەند ترو لایەق ترە بۆ کوردی عیراقی لەوەی تەنیا لە گۆشەیەکدا گیری بکەن چونکە ئەگەر پێمان ووت مێژوەکەت تەنیا کوردیە وەك ئەوە وایە جێو بە کوردی عیراقی بدەی چونکە مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵی شارستانیەت دەگەڕێتەوە کە شارستانیەتی عیراقە وە بۆ تەقەللایەکی نمونەیی لە بیناکردنی شارستانیەتی ئیسلامی عەرەبیدا ، ئەگەر تەنیا لە گۆشەیەکدا گیرمان کرد ئەوا لە دەوری مێژووی مەزنی لە دروست کردنی ئەو شارستانیەتە بێبەش دەکەین ئایا ئەمە دەبێت ، وەڵام .. ، نەء ، چونکە ئەوسا بەبێ ئینصاف هەقی خۆی گەلی کوردمان نەداوە ، مەڵە لە تێگەیشتنی هەندێ ناو لێنانداا هەیە بۆ نمونە ، وا بزانم وێنەیەکم لایە لە ژێریا نوسراوە پاڵەوانی رزگاری نەتەوەیی صدام حسین کە ئەبیستم هەست بە رەزامەندی ناکەم بۆچی ، چونکە نەتەوەیی بە بۆچونی گشتی حاڵەتی هەموو گەلی عیراقە بەڵام بەیێی بەکارهێنانی بێگانە وەك یەك بەکاری ئەهێنن نیشتمانی یان نەتەوەیی لە یەك نزیکن ، بەڵام وا هەست دەکەم کوردێك لە گەلەکەمان کە پاڵەوانی رزگاری نەتەوەیی دەخوێنێتەوە وا دەزانێ مەبەست لە نەتەوەی عەرەبیە نەك عیراقی ئەگەر لە رۆژێکا هێزێکی گەورە ترمان هەبو وە ویستمان یارمەتی عەرەب بدەین لە دەرەوەی سنورمان ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ هەموومان وەك عیراقی وە لە ناو عیراقیەکانا صدام حسین واتە چی رووئەدا ئەگەر بڵێن پاڵەوانی رزگاری بەبێ نەتەوەیی ئەوسا کە عیراقی دەیخوێنێتەوە هەموویان هەستدەکەن لەمەدا بەشیان هەیە .

● یەك گەل :

کەواتە پێویستە ئاگاداری دەربڕین بین لە لایەنە دەروونیەکەیەوە .. کاتێ صدام حسین ، بۆ نموونە ، زۆر باسی برایەتی کوردو عەرەب ، عەرەبو کورد ، برایەتی عەرەبو کورد برایەتی کوردو عەرەب دەکا ، وا دەردەکەوێ وەکو لەگەڵ رۆژگاردا دیوارێکی جیاکردنەوە دروست کاتێ نەك پردی تێکەڵ بوون .

زاراوەیەکی دیکەش هەیە ... برا کوردەکانمان ، ئەمە مانای چیە . وەکو کوردەکان لە دەرەوەی سنووری عیراقن یان دراوسێی عیراقن .. برامانن وەکو چۆن دەڵێین برا ئوردونیەکانمان ، بە سرا

هاوولاتیە کوردەکانی گەلەمان نابێ دەوریان لە دەوری عەرەبی گەلەکەمان کەمتربێ لە مەیدانی بەرگری کردندا لە عیراق

سوریەکانمان ، برا کوردەکانمان .. مەبەستم ئەوەیە هەندێ جار خەڵکی هەندی وشەو زاراوە بەکاردەهێنن بەڵام ئاگاداری کارتێکردنە دەروونیەکەی نین و لە هەمان کاتدا نازانن کە چەند لە مێشکدا جێگەیەکی دەروونی خراپ بەجێدەهێڵێ .. کەواتە من دەڵێم نابێ بڵێین برا کوردەکانمان .. ئەوان بێگومان برامانن چونکە هەموو عیراقیەك برای عیراقیەکەی ترە .. وا هەست دەکەم کە رستەی (برا کوردەکانمان) مانای جیاکردنەوەی تیادا هەیە ، هەروەها برا تورکماکانمان .. واتە ئێمە کە کاتێ باسی یەك میللەت دەکەین کە ئەویش میللەتی عیراقە سنوورێك لە نێوانیاندا دادەنێین .. ئەم میللەتەمان وەکو چەند جارێکی تر وتومانە چەندین ئاین و نەتەوەو نایەفەی تیایە .. تایەفە لە ناو ئاینەکانداو تیپی هەمە جۆر لە ناو نایەفەکاندا .. هند کە هەندێ رواڵەتی نایبەسی زانراون .

● بەرگری کردن لە عیراق

ئەوی کە ئومێدی دەکەم و هەروەکو بە جەنگاوەرەکانم وت .. کە هاوولاتیە کوردەکانی گەلەکەمان نابێ دەوریان لە دەوری عەرەبی گەلەکەمان کەمتر بێ لە مەیدانی بەرگری کردن لە عیراق .. چونکە ئەم ماوە مێژوویە لەبەرچاو دەبێ و ئەنجام و کارکردن و هۆیەکانی و تا سەدان ساڵی ئایندەش دەخوێندرێ ،

Institut Kurde de Paris

دەق وەتە بە نوخەکەی سەرەکی فەرمانڕەوە صدام حسین لە ماوەی بەشدار بوونیدا لە لیکۆڵینەوەی بەرنامەی کاری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیدا "پاشماوە"

ئەو حاڵەتەی عیراقییەکان تیایدەژین هەموو ئەو حاڵەتانە کە وتوە پیاوی پەپیون و ئەگەر وانەبوایە ئێرانیەکان دەگەشتنە ئەنبار

ئێستا ناو ، لە سەردەمی صدام حسینیشدا نا ، بەڵکو پاش صدام حسین ، یەکسەر پاشی نا ، بەڵکو پاشیش بەنجا لە ئەو لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە زیاتر سەرنج رادەکێشێ و فولترو شمومولی تر دەبێ چونکە بەشێکی گرنگی مێژووی نوێی عیراقە ، ئەگەر لێکۆڵەرەوەکان هاتن و تەماشایان کرد هەموو میللەتی عیراق شەڕی نەکردوە ، ئەگەر ئەم حاڵەتە رووی‌دا ئەوا دڵم دەگوشرێ و بێم ناخۆش دەبێ هەرچەندە من لە ژیاندا نابم پاش دوو سەد سالی لە ئێستاوە کە بێگومان کەسمان تا ئەو وەختە نامێنین ... بێم ناخۆش دەبێ کە ئەم حاڵەتە بچێتە پێش مێژوونوس و لێکۆڵەرەوە ئەوانەی سوود لە دەرسەکانی ئەم ماوە مێژووییە دەبینن .

کەواتە نامەوێ چیرۆك و رۆمان و هونەرە بە نیگارکێشان و مۆسیقی و گۆرانی و پەیکەرتاشینەوە تەنها لە چوارچێوەی عەرەب یان تەنها تورکمان ، یان تەنها کورددا بکەشێتەوە ، بەڵام دەڵێم گەشانەوەی ئەو مەفهومانە لە سایەی ئەم قۆناخەداو بە قەڵەمی کوردی و عەقڵی کوردی کەمتر بە حیسابی نیسبەت و تەناسوب .. کەواتە ئەمە نیشانەیەکی ئەوەیە کە گەلی کوردمان بە گوێرەی پێویست لەگەڵ ڕێرەودا تەفاعولی نەکردوە .. ئەو ڕێرەوەی ئەگەر هەموو مونسیفی و بێگرێیەك هەرچی شتێ هەیە بیخانە لایەکەوە .. ڕێرەوێکەبەهەموو شتێکەوە شانازی پێوە دەکرێ .. بۆیە هیوادارم کە بەشداری‌کردن بە واتای تەفاعول و داهێنان بێ و ماوەیەکی فراوانی هەبێ و لە دڵەوە بێ .

● بیناکردنی ڕێدەو

راستەوخۆ ، یان بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ گوێم لێبوە ، کە لەناو بەعسییەکان و لە ناو عیراقییەکاندا خەڵك هەیە دەڵێن نامانەوێ قە سیدەیەك دابنێین کە بە ئیجابی دەربارەی شۆڕش و ڕێرەوو سەرکردەکانی بدرێ ، کە پێیان دەڵێن : بۆچی . دەڵێن چونکە ئەوانەی لەم بارەیەوە شت دەنووسن زۆرن .. من ئەم قسەیە بەوە تێدەگەم یان لە کورت بینیەوە هەڵێنجراوە ، یان ئەوی دەیکا ناڕێکی‌یەکی گەورە لە دەروونیدا هەیە ، واتە ناڕێکی‌یەکی وای تیایە کە ناهێڵێ دەوری مرۆڤ لە ڕێرەودا لە چوارچێوە مێژوویە راستەکەدا ببینێ ... ئایا ئەمە ئەوە ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە ئەوەندە گرێمان تیایە کە دەمانەوێ بە شێوەکی تاکە کەسی و هەر بۆخۆمان دەربارەی شتێك بدوێین .. باشە بۆچی دڵخوش نابین بەوەی کە کاتی دەبینین هەموو میللەتەکەمان قسەدەکا ، هەزیەکەو لە مەوقیعی خۆیەوەو بەپێی ئەوبەشەی پێی براوەو بەپێی ئارەزوو زەوقو ڕۆشنبیری خۆی .. قسە دەکا دەربارەی پەیوەندی خۆی بەم ڕێرەوەوە بەو ئیعتیبارەی کە بەشێکە لێی .. نەك وەکو بزوتنەوەیەکی میکانیکی بەڵکو بەشێکە لێی بە بەخشش . واتە ئەو بەشێکە لە ئیشی دروست‌کردندا .. ئایا ئەم ڕێرەوە تەنها فلان شاعیر و فلان شاعیر دروستیان کردوە ... ئایا هەموو عیراقی‌یەکان لە دروست‌کردنی ئەم ڕێرەوەدا بەشدارییان نەکرد .. بۆچی ڕێگە لە عیراقی‌یەکان بگرین و نەهێڵین ئەوی بروایان پێی هەیە بیڵێن و مومارەسەی مافی خۆیان نەکەن ، کاتێکیش کە ئەوی بروایان پێی هەیە دەیڵێن .. کە پێشتر ئێمە خۆمان بە تەنها زامان دەگەیاند .. هەستدەکەین کە نابێ هەر بەو ئینتیجاهە بڵێین ئەمە حاڵەتێکی باش نیە ، واتە ئەو کەسانەی وا بیردەکەنەوە پێویستە ئاگادار ببنەوە چونکە کەمو کوڕیان تیایە ... ئینجا یان لە بیرکردنەوەدا یان لە حاڵەتی دەروونیداو پێویستە خۆیان چارەسەرکەن .

● باریکی جاکتر

کەواتە دێم و دەڵێم من نامەوێ باسی شۆڕش بکەم لە کاتێکا کە بڕوام پێی هەیە ..

لە عیراقی‌یەك ئەپرسین کاکە بیرورات چیە .. دەڵێ من بڕوام بە شۆڕش هەیەو خاوەنی ڕێرەوێکی راستەو ڕەخنەشم هەیە ، بەڵام وەکو حاڵەتێك ئێمە لە پێشتردا نەمانبینیوە ... بێگومان ئەم بارە لە هەموو باروزروفەکانی تر کە بەسەرماندا تێپەڕیوە باشترە .. وا ئەڵێ .. لە هەر کوردێ ، یان هەر یەکێ لە خەڵکی هەولێر یان خەڵکی میسان ئێمە شتێکمان لە فیکردا هەیە .. بەخوا نازانین چونکە ئەوانەی پێش ئێمە هاتن .. بە قسەو پیر زمان‌لووس و تەواو بوون ، بەڵام هەموویان بەزین .. خۆ ئەگەر وا بە ئێمەش بوترێ .. دەڵێین باشە ، وەرە ئەی ئەو برایەی لە میسانەوە ئەم قسەیە دەکەی ئەو حوکمو باروزرفێکی چاکترمان بۆ بخولقێنە .. کێ دەڵێ ئەو باروزرووێکی تر دینێکەکایەوە .. ئەو باروزروفەی ئەو باروزروفێکی تر دێنێتەکایەوە .. ئەو باروزروفەی عیراق ، لە کایەدابەو خەڵکی لە گەلیا ژیاوەو بەرامبەر هەموو ئەو باروزروفانەی کە پێشتر عیراقی‌یەکان تیا ژیان ، واز لە تەفاصیل ببینین ، ئایا ئەم باروزروفەی ئێستای عیراق بە چەندین هەنگاو لە هەموو بارو زروفەکانی پێشوو پێشکەوتوو تر نیە .. من لەو بڕوایەدام هەموو مرۆڤێکی مونسیفو بێگرێ ئەگەر بە ئاشکراش نەیڵێ لە دڵی خۆیدا دان بەوەدا دەنێ کە ئەم باروزروفەی ئێستای عیراق پێشکەوتوو ترە .. خۆ ئەگەر هیچ پێوانەیەکیشی نیە ، با بەرەی جەنگ بکاتە پێوانە .. بەو خوایە ئەگەر عیراق وا نەبوایە ئێستا ئێرانیەکان گەیشتبوونە ئەنبار .

ئایا ئەو عیراقی‌یەی کە بەرگری لە عیراق دەکا تەنها بەرگری لە وشەی وڵات دەکا .. واتە لە عیراقی ئەرزو بەس ، وەڵام : نەخێر عیراقی بەرگری لەو خاکەی دەکا کە خەرمانەی دەسکەوتی گەورەی لەسەر بیناکراو دەبینێ و دەیخوێنێتەوەو لەگەڵیا دەژی ، ئەگەر دەسکەوتەکانی چواردە ساڵی رابوردوو نەبوایە .. عیراقی‌یەکان بەو شێوەی ئێستا دەجەنگن نەدەجەنگان و ئێرانیەکان دەگەیشتنە ئەنبار ، .. ئەمە یەکێکە لەو پێوانانەی کە لەبەردەستایە ئەگەر چاو هیچ پێوانەیەکی تر نەبینێ .. بە بەڵگەی مەنتیق و عەقڵ دەڵێین ئەم ڕژێمە لە هەموو ڕژێمەکانی رابوردوو جیاواز ترەو پێشی‌کەوتوە لە مەیدانی بەخشش و پەیوەندی بە گەلەوە ، کەواتە بۆچی شەرم بکەین کاتێ کە دەڵێین ئێمە بەشێکین لەم ڕژێمەو بەشێکین لەم ڕێرەوە ، بۆچی نەبوونمان بە بەشێکی موتەفاعیل لەگەڵ ئەم ڕژێمە بەشەرم تێ‌نەگەین .

خۆشەویستی‌ی عیراق

ئایا دەبێ ڕۆڵەی میسان شەرمەزاربێ کە باسی صلاح‌الدین بکا کە عیراقی‌یەو کوردەو لە تکریت لە دایك بووە .. یانی دەبێ ڕۆڵەی میسان شەرمەزاربێ ئەگەر ستایشی صلاح‌الدین بکا لەبەر ئەوەی صلاح‌الدین کوردە .. یانی کە ستایشی کرد لەوە دەترسێ بێ‌ی بڵێین ئەم هەڵویستە هەڵوێستێکی هەڵپەرستانەیە .. ئایا ئەمە دروستە .. ئێمەی خەڵکی عیراق دەبێ پێوەندیمان هەبێ بە هەموو شتێکی باشی عیراقو هەموو شتێکی ناباشی عیراقەوە و مەبەستم بەم قسەیەی دوایی ئەوەیە بەرپرسیاربین لە چاککردنی هەموو شتێکی ناباش بەڵام ئەگەر هەر تەماشا بکەین ئەوە خەڵکی عیراق نین و من هیچ تەماشاکەرێك بە عیراقی نازانم .. یانی ئەوە نا کە جنسیەی عیراقی نیە .. نا لە جنسیەدا عیراقی‌یە بەڵام بە مانای هەست‌کردن بە بەرپرسیاری و ڕەفتار-کردن بەم پێیەو هەست‌کردن بە گوێرەی‌و لە کردەوەی‌و ڕەوشتیا وەك ئەو مرۆڤەی کە تا دایکی لاوەو سەرپەرشتی دەکا بە شێوەیەکی باش لە کاتی منالی‌یا خۆشی دەوێ .. چاودێری‌دەکاو خۆراکی دەداتێ و دەیشوا بەڵام ئەگەر تووشی نەخۆشی‌یەك بوو وازی لێ دێنێ و بەجێی دەهێڵێ .. ئێمە عیراقمان لەبەر ئەوە خۆش‌ناوێ چونکە گەشەی‌کردووەو چونکەو .. چونکەو .. چونکە .. ئێمە لەو کاتەوە عیراقمان خۆش‌ویستوە کە دواکەوتوو بووەو دەوری لە پلەی دووهەمدا بووە .

لە هەمان کاتدا کاتێ کە ناوی عیراقیان دەهێنا بێگانەکان سەریان لێ تێك‌دەچوو و دەیانوت .. ئێران .. چونکە عیراق لە لیستەی ئەو شتانەدا سرابوەوە کە هەموو ڕۆژێ دەیانبیست لای ئەوانە ئەبێ کە مێژووی کۆنیان ئەهێنایەوە یاد .. مێژووی بابل و بەغدا .. بەڵام ئیستە بۆ هەر شوێنێك بڕۆی و بڵێی عیراق دەڵێن بەڵێ عیراق ئێوە وڵاتی فلان‌شت و فلان شتن و هند ..

ئێمە لەوکاتەوە عیراقمان خۆش ویستوە کە دواکەوتو بوو

وڵاتەکەتان ئوبالی بەسەر کانەوەیە ، ئێوە بنیاتی دەنێن و ئێوە شیعری بۆدەنووسن

Institut Kurde de Paris

دەقی ووتە بە نوخەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین لە ماوەی بەشدار بوونیدا لە لێکۆڵینەوەی بەرنامەی کاری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیدا „پاشماوە"

ئەو کەسانەو ڕاستگۆبوونە تەنیا لە ڕەخنەگرتنداو ڕاستگو نەبوون لە وتنی شتی ڕاستدا ئەوە بارەکە لەنگ دەبێ

ئێمە لەو کاتەوە عیراقمان خۆش دەوێ .. کە دواکەوتوو دەوری پلەی دووهەمو سەرشۆڕکراوو چەوساوە بوو .. خۆشمان دەوێو بۆ ئەم ڕۆژە تێکۆشاین .. بۆ ئەوەی خزمەتی بکەین و بنیاتی بنێین و بیپارێزین .

ئۆباڵی وڵاتتان بە سەرەوەیە

چۆن دروستە عیراقی بیەوێ هەموو شتێکی بۆ ڕێك وپێك کرابێ ئەنجا عیراقی خۆش بوێ چونکە ئەمە هیچ شانازیەکی تیا نیە ئەو کەسە دەتوانێ شانازی بکا کە ئافرەتێکی لادێیی وای خۆش بوێ خوێندن و نووسین نەزانێ و نەزانێ چۆن لەگەڵ خەڵکدا بجووڵێتەوەو بێ جل وبەرگی باشی لەبەرکا و باش فێری بکاو .. هتدو ئەنجا بڵێ ئەم ئافرەتە خەڵکی فلان دێیە لە دێی هەولێر بۆ وێنەو ئەبینن ئیستە چیم لێ کردوە .. بەڵام یەکێ بێت ئافرەتێکی شارستانی و ڕێك وپێك بێنێ دەبێ هیچ شانازیەك بەوەوە بکا کە شارستانیە .. وەڵام .. ناء .

وڵاتی ئێوەیەو ئۆباڵی بە سەرتانەوەیە .. ئێوە بنیاتی دەنێن و .. ئێوە شیعری بۆ دەنووسن و ئێوە مۆسیقای بۆ دادەنێن و ئێوە گۆرانی بۆ هەڵدەبەستن و گۆرانی پێوە دەڵێن و .. ئێوە شیر هەڵدەگرن بۆ پاراستن و بنیاتنانی شارستانی تازەی بە هەمان گیانەوە .

قسەی ڕاست

بەڵام یەکێ بێ هەندێ پارەی پێ بێ چەند تفەنگ و گوللەیەکی لە فلان دەوڵەتەوە وەرگرتبێ بۆ ئەوەی دوو تەقە بکا لە شاخدا .. ئەمانە یەکێ داخیان بۆ دەخوا چونکە لە دەرەوەی ڕەوتن و یەکێ داخ بۆ پلەی ئەقڵیان دەخوا چونکە لە دەرەوەی

دەبێ هەموان لەم ڕۆژگارەدا وەك فەرمانبەرێکی باری ناوەخت ئیش بکەن و لە هەمان کاتیشدا وەك عیراقییەك ئیش بکەن

گردەوەی ڕاست

باسی پێداویستەکان و گوشاردنی پێداویستەکانتان کرد بەهۆی باری شەڕەوە .. با بیرێ لەم پێداویستانە بکەینەوە ئەگەر حزبێکی نهێنی بین ئایا بەشمان دەکا یا بەشمان ناکا لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا بەو پەڕ فراوانیەوە .. من دەڵێم دەجار یا بیست جار بەشمان دەکا .. پێش شۆڕش ئێمە لە حزبدا تەنها سێ ئۆتۆمۆبیلمان هەبوو میژووەوە ڕەفتاردەکەن .. جۆرە شتی وا چوار یا پێنج یا دە یا سەد یا دووسەد پاش پانزە یا دە ساڵی تریش دەیانبینن لە شاخ .. بەڵام یەکێ بەزەیی بە حاڵی ئەمانەو ئەم هەڵوێستەیان و ئەم جێگایەیاندا دێتەوە کە تیایان چونکە لە شەرەفی بەشداری کردن لەو ڕەوتە مەزنە بێبەشن لە بارەی شانازی و هاوبەشیدا .

چ لەناو حزبی بەعس چ لە ناو گەلدا کەسی وامان بینیوە کە پێش ئەوەی دەستبکەنە قسەکەیان دەڵێن هەمیشە ئێوە دەزانن برایان و هاوڕێیان دەڵێ من بە سەراحەت قسە دەکەم .. باشە برا بڵێ بە سەراحەت قسە دەکەم .. بەڵام لای وایە سەراحەت هەر لە ڕەخنەگرتنایەو .. ئەوە نازانێ سەراحەت ئەوەیە قسەی ڕاستبکەی ئەگەر ڕەخنە بێ یا ڕەزابوون و لە هەموو ڕواڵەتەکانی نازایی گرنگتر ئەوەیە یەکێ ڕاست بڵێ و لەگەڵیا بژی ئیتر چ نەویستن بێ یا ویستن و قایل بوون و لەگەڵا ژیان .. ئادەمیزادی سەریح ئەوە نیە هەر ڕەخنە بگرێ .. سەریح ئەوەیشە هەڵدەگرێ و بەرگریشی لێ دەکاو .. شیریشی بۆ هەڵدەکێشی لەپێناویا .. ئەگەر سەریحیش بین لە وەرگرتنی شتی ڕاست و ناسەریح بین لە چاککردنی هەڵەدا دەکەوێنە بارێکی لەنگەوە و ئەگەر هاتو سەراحەتی ڕەخنەگرتنمان وەرگرت و سەریح نەبووین لە وەرگرتنی شتی ڕاستدا دیسانەوە بار لەنگ دەبێ لە بیرو دەروون و کەسایەتی و ڕەوشتمانا .

.. لایشم وایە تەنها چوار مەڵبەندی نهێنی یشمان هەبوو بۆ هەمووی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .. ئایا دەتوانین بە دەیەکێکی ئەم توانایە ڕۆژنامەی هاوکاری بگەیەنینە دوورترین شوێن .. دەیگەیەنین .. کە وابوو با وەك خەباتکەران لەباری ئیستای وڵاتماندا کە ئاشکرایە واتا با هەر وا بیر نەکەینەوە کە مرۆڤی بەکار ئەوە نیە کە کاری ڕاستدەکا لە چوارچێوەی بوونی ئەو توانایەدا کە دەیەوێ بەڵکو چوارچێوەی بوونی ئەو توانایەدا کە دەیەوێ بەڵکو وردی یەی کە بە پێی بارودۆخ بۆی دەلوێ .

کە وابوو تێبکۆشن و خۆتان وەك ئەوانە تەماشابکەن کە لە بەرەدا شەردەکەن .. یا دەبێ خۆتان لە بارێکی دووقاتدا دابنێن چونکە داواکراوە لێتان .. مەبەستم ئەوەیە هەریەکێ لە بەرەدا چەکی هەڵنەگرتبێ لێی داوادەکرێ ئەگەر لە پشتەوە بێ لە بەغدا یا لە سلێمانی بێ یا لە کەرکووك بێ ئەگەر دەوری ئەوەی نەهاتبێ چەك هەڵگرێ بە ژن و پیاوەوە دەبێ وەك فەرمانبەرێکی باری ناوەخت ئیش بکاو لە هەمان کاتیشدا وەك عیراقیەکی داوالێکراو ئیش بکا چونکە نەچوە بۆ بەرەو وەك براکانی چەکی هەڵنەگرتووە .. ئەگەر بەم گیانەوە ئیشمان کرد دەبینن ئەو توانایەی ئیستە هەمانە لە پێویست زیاترە .

دەبێ هەموو عیراقییەکان تێبکۆشن و وەك ئەو عیراقییانە خۆیان تەماشا بکەن کە لە بەرەکانی جەنگدا شەڕ دەکەن

ئابێ ئاڵای بەرزو گەورەتمان لە بیر بچێ کە ئاڵای عیراقە

لە هەموو بارێکدا داوا لە براکانم دەکەم لەم کۆڕەدا کە پێوەندیان بە سەرپەرشتیکردنی ڕۆشنبیری کوردیەوە هەیە کە حەساسیەتیان نەبێ بەرامبەر بە ڕۆشنبیری کوردی و داوا لەوانی تریش دەکەم زۆر نوقمی تایبەتی یەکانی کوردی نەبن بە جۆرێکی وا ئاڵای بەرزترو گەورەتریان لە بیر بچێ کە ئاڵای عیراق و عیراقی یەتەو دەوریانە لە بنیاتنانی شارستانی مەزندا .. کاتێ کە بەغدا ئاڵایەکی باڵای هەموو مرۆڤایەتی بوو کاتێ کە بابل ئاڵایەکی باڵاو ناشوور ئاڵایەکی باڵای هەموو مرۆڤایەتی بوون .

داوای سەرکەوتنتان دەکەم .. سوپاس .

پێش ئەمە سەرەکی فەرمانە گوێی لە پیاچوونێکی ئەو بەرنامەیە گرت کە دەزگا ئامادەی کردبوو بۆ چالاکی و جم وجووڵەکانی ڕاگەیاندن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا کە پار دەزگاکە تەواوی کردبوو لەگەڵ نەخشی ئەمسالیا بۆ بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و چالاکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی .

پاش ئەمەیش ئامادەبووانی کۆڕەکە موناقەشەی بەرنامەکەیان کردو دکتۆر سعدون حمادی ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست وەزیری دەوڵەت لە سەرکردایەتی کۆمارداو بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هەردوو جێگرەکانی وەزارەت و هەندێ لە کاربەدەستەکانی ئامادەی موناقەشەکە بوون .

ئەو عیراقییەی وای بوێ هەموو شتێکی بۆ ڕێك وپێك کرابێ ئەوسا عیراقی خۆش بوێ هیچ شانازیەکی تیا نیە

Institut Kurde de Paris

دەقی دووەم نامەی بەریز سەرەکی فەرماندە صدام حسین کە ئاراستەی گەلانی ئێرانی کردوە

بەڕێزان .. جارێکیتر لە زێر هەستی بەرپرسیاری نیشتمانیو مرۆڤایەتیدا رووتان تێدەکەم ، پاش ئەوەی گەیشتینە ئەو قەناعەتە تەواوەی کە فەرمانڕەواکانتان هیچ جۆرە هەستێکی بەرپرسیاریان نیە نەبەرامبەرتانو نە بەرامبەر مرۆڤایەتیو بەرامبەر گەلانی ناوچەکە ، خوا چاوی فەرمانڕەواکانتانی کوێر کردوە لەو ڕۆژەوە کە شەیتان وەسوەسەی خستە دڵیانەوە بە جۆرێکی وا لایان وابوو دەتوانن خەیاڵ پلاوەکانیان بێننە دی لە داگیرکردنی خاکی عیراقو لکاندنی عیراقدا بەو ئیمپەراتووریەیانا کە لایان وابوو دەتوانن دایبمەزرێنن ، ئا بەم جۆرە لە بێهوشیاندا مانەوە .

بەڕێزان دەڵێین دەگەڕێینەوە بۆ ئەوە راستەوخۆ لە زێر هەستی بەرپرسیاریدا ڕووی گفتوگۆتان تێبکەینەوە لەم چوارچێوەو لە زێر هەستێکی گومانلێنەکراوی وادا کە فەرمانڕەواکانتان سوود لەوە وەردەگرن کە هەندێکتان زوو ئاگای لە راستی نابێو سوود لە بلاوبوونەوەی نەخۆێندەواری وەردەگرن بەشێوەیەکی فراوان لە ناو گەلانی ئێراندا ، بەڵام ئێمە هیوامان بە وردبینی گەلان نابڕین هەتاکو ئەگەر متمانەیش بە وردبینی فەرمانڕەواکانیان نەکەین ، لەبەرئەوە ئێمە دڵنیاین لەوەی کە هەندێ فەرمانڕەوا ڕەنگە بتوانن هەندێ لای گەلەکەیان بۆ ماوەیەك هەڵخەڵەتێنن بەڵام توانای ئەوەیان نیە لە هەموو کاتو ساتێکدا راستی داپۆشن .

بانگەوازی دوژمنانە

بەڕێزان .. لە بیرتانە فەرمانڕەواکانتان یا ئەوانەی تووشتان بوە بە تووشیانەوە خەریکی پێشبڕکێ کردن بوون لەگەڵ یەکتریدا لە قسەی دوژمنانەو بەربڵاویدا ئەو کاتەی کە فەرمانی تێپەڕبوونی سنووری نێو دەوڵەتانیاندا بە دەستو دایەرەکانیان لە ڕۆژەڵاتی بەسرەوە ، بە جۆرێ خومەینی ئەوەندە لە خۆی بایی‌بووبوو خەڵکی بەسرەی بانگ دەکرد بۆ پێشوازیکردنی سوپای داگیرکردنو دەستدرێژی ، بەڵام خەڵکی بەسرە وەك هەمیشە ناسیومانن وابوون ، وەك هەموو گەلێکی ڕەسەنی دەستدرێژی لەسەرکراو ، ئەوانو پاڵەوانانی سوپای دلێری عیراق سوپای خومەینی تەڵەکەبازیان شکاند ، کە لای خومەینی ویارمەتیدەرانی ئاشکرابوو کە نەیانتوانی سەنگەرەکانی بەسرە ببڕن راستی ئەم شتەیش بە شێوەیەکی فراوان لای گەلانی ئێرانو سوپای ئێران زانرا ئیتر لە توانایا نەما پاڵیان پێوەبنێ بۆ دەستدرێژی لەم لایەوە پاش ئەوەی هەموو لێشاوەکانی لە پێنج هێرشی گەورەدا شکا .

دەڵێین پاش ئەوەی دەرکەوت کە ناتوانێ ئەم راستیانەو زیانە گەورەکان بشارێتەوە بە جۆرێکی وا لەم کەرتەوە دووبارە دەستدرێژی بکا بەیتو بالۆرەیەکی تازەی پیشانی ئێوەو ئێمەو رای گشتی جیهان دا ئەویش بڕێتیە لەوەی ئەوان دەیانەوێ رژێمی عیراق بڕووخێنن نەك خاك داگیربکەن چونکە بەسرەیش لە ناوەندێ ڕژێمو مەڵبەندی سەرکردایەتیەوە دوورە بڕیاری ئەوەیاندا ئەمجارە بەرەو بەغدا هێرش بەرن لە هێڵێکی راستەو خۆوە لە مەندەلیەوە بۆ بەغدا ، بەم جۆرە کۆبوونەوەکەیان خستە ڕۆژەڵاتی مەندەلی ، بەڵام وەك دەزانن لەم کارە دەستدرێژیکەرانەیانا نەیانتوانی تا مەندەلیش بکەن هەرچەندە لە دە کیلۆمەتر زیاتر لە سنوورەوە دوور نیە ئەنجا پاش ئەوەی بە ئاشکرا دەرکەوت کە ناتوانن ئامانجە شەڕانیەکانیان لە ڕۆژەڵاتی مەندەلیدا بهێننەدی و خۆیان و یارمەتیدەرەکانیان هەستیان بە لایەکی گرنگی ئائومێدیان کرد لەوەی کە بگەنە بەغدا پاشئەوەی نەیانتوانی دە کیلۆمەتر بێنە ژوورەوە بۆ داگیرکردنی مەندەلی ئەنجارە دەستیانکردە قسەو بانگەوازکردن لە ئێرانو دەرەوەی ئێراندا بۆئەوەی باشترین کەرت بۆ هێرش کەرتی میسانەو نزیکترین شوێن بەرەو پردی غزێلەو ئەنجا بەرەو ڕێی گشتی کە بەغداو میسانو میسانو بەسرە دەبەستی بەیەکەوە بەرەی شیب یا کەرتی شیبە ، لەبەرئەوە جارێکی تر رووبانکردە کەرتی شەڕگای فەیلەقی چوار لە ڕۆژەڵاتی میساندا پاش ئەوەی لە هێرشی پێشوویانا نەیانتوانی بکەنە شارۆلکەی تیب کە دەکەوێتە ئەم کەرتە هەرچەندە ئەم شارۆلکەیە چەند کیلۆمەترێ زیاتر دوور نیە لە سنوورەوەو ئەمجارە ناوچەی شیبیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی بەرەو پردی غزێلە هەڵمەت بەرنو دوابەدوای ئەمەیش قۆناغی تریش هەبێ لە ڕۆژەڵاتی میساندا ، بەم جۆرە ئەو قەسابخانە سامناکە ڕوویدا کە ئاگادارن لێیو هەزارەها ئێرانیی تیا بوو بە قوربانی لە قەسابخانەیەکدا کە بە دەگمەن شتی وا لە مێژوودا ڕوویدابێ بە جۆرێکی وا دڵی هەندێ بێگانەی پڕکرد لە خوێن بۆ ئەم سەرئەنجامە ، بەڵام دڵی فەرمانڕەواکانی تارانی نە پڕکرد لە خوێن نە خەفەتباری کردن ، لەگەڵ هەموو ئەم راستیە تاڵانەدا کە جیهان بە هۆی مانگی دەستکردو پەردەی تەلەفزیۆنەوە ئاگاداره لێیان ، فەرمانڕەواکانتان هەر بەردەوامبوون لەسەر درۆکردن لەگەڵتان بە خەیاڵی ئەوەی دەتوانن راستی لە گەلانی ئێرانو سوپای ئێران بشارنەوە بەڵام کە لە دواییدا هەستیان بەوەکرد کە ناتوانن ئەمە بکەن ڕەفسەنجانی کە ڕێگای قسەکردنی پێدراوە لە جیاتیان دەستیکرد بە بڵاوکردنە راستی تازە بێجگە لەوەی کە ئەو کاتە بڵاویکردەوە کە داوای لەو ئێرانیانە کرد کە بە شێوەیەکی کاتی ئەوسا لە عیراقدا نیشتەجێ بوونو ئیستا لە ئێرانان ، دەڵێین داوای لێیانکرد کە کۆڵیان بپێچنەوەو ئامادەبن بۆچوونە ناو عیراق بە داگیرکەرو سەربەرز کاتێ کە هێزەکانیان کە تووشیان بوە هەوڵی تێپەڕبوونی سنوورمانی دا لە ناوچەی شیبدا . بەڵام فەرمانڕەوایانی ئێران وەك پیشەیانە لە جیاتی ئەوەی دان بە راستیدا بنێنو ڕێز لە راستیو لە گەلەکانیان بنێن دەستیان کرد بە باسی ئەو ناخۆشیانەی کە تووشیان بوو بە هۆی ئەو کۆسپو تەگەرانەی عیراقیەکان دایانمەزراندوەو خۆیان نوقمی تەڵەکەبازی کرد بەوەی کە وتیان ئەوان مەبەستیان لە هێرشە دووبارەکراوو کوشندەکەیان هەر ئەوەبوو بچنە قوولایی‌یەکی دیاری‌کراوی عیراقەوە بۆ ئەوەی بە عیراقی‌یەکان بڵێن ئێمە هەین‌و بە توانابن !!؟

زیاد لەسەر فێڵو تەڵەکەبازی ڕۆیشتن

ئێرانی‌یە بەڕێزەکان سەیر دەکەن چۆن فەرمانڕەواکانتان بەردەوامن لەسەر فێڵو تەڵەکەبازی بەو خەیاڵەی دەتوانن هەڵتان بفریوێنن‌و راستیتان لێ ون بکەن بە دووبارەکردنەوەی فێڵو تەڵەکەبازی‌و ئەملاو ئەولا کردنو درۆ ؟

بەم جۆرە لەمە زیاتریش ڕۆیشتن بەوەی ئەوە بە خەیاڵیانا دێ شەڕێکی مەودا درێژ بکەن لەگەڵ عیراقدا بۆ ماندووکردنی‌و ، ئەمە ئەو ستراتیژی‌یەیە کە توانای ڕووخاندنی ڕژێمی هەیە لە عیراقداو بەم جۆرە دەتوانن عیراق بەسەرشۆڕی‌و داگیرکراوی ببەستن بە ئیمپەراتووری‌یەتە چەپەڵە فراوانکاری‌یەکەیانەوەو دەستیانکرد بە ژماردنی ئەو هۆیانەی دەبنە هۆی ئەوەی ئەم ستراتیژی‌یە تازەیان بگا بە ئەنجام .. لێرەدا لەسەر ئەم باسە ڕادەوەستین‌و لە شوێنێکی تری ئەم نامەبەمانا دێینەوە سەری بە درێژی‌و دەڵێین چی‌بوو هۆی ئەوەی فەرمانڕەوایانی ئێران هێرشە فراوانە سەرنەکەوتووە کەیان لە کەرتی بەسرەوە بگوێزنەوە بۆ کەرتی میسان‌و مەندەلی‌و ئەنجا جارێکی تر بۆ کەرتی میسان پاش ئەوەیش ئیستە وا بڵاوی‌دەکەنەوە کە لەمەولا لە سەر شەڕی مەودا درێژی ماندووکەر دەڕۆن چونکە ئەمە ڕێگای گەیاندنیانە بە ئامانجەکانیان‌و ئەو هێزانە کێن کە لە پشت ئەمەوەن‌و نیازیان چیە ؟

ئەو هۆ سەرەکی‌یانەی کە پاڵیان بە فەرمانڕەوایانی ئێرانەوە نا بۆ دەستدرێژی‌کردنە سەر ئێران‌و بەردەوامبوون لەسەر دەستدرێژی‌و بەردەوامبوونی شەڕ تێکەڵاوە لە لووت بەرزی تاکایەتی خومەینی‌و دەستەکەکانی‌و هەندێ ئەلقەی گومان لێکراوی بە بێگانەوە بەستراو لە ناو ڕژێمی حوکم‌و ئەو مەودایانەی کە کاریگەرن تیایا ، بەم جۆرە ئەم هۆو لایانە هەموو بەشێوەیەکی ناپیرۆز تێکەڵ بە یەك بوون بۆ ئەوەی وا ببەنە مێشکی فەرمانڕەوایانی ئێران‌و ئەوانی ترو ئەوانەی لەم کاروانەدا دەڕۆن کەوا دەتوانن عیراق ڕامالن‌و ڕژێمە میللی‌یەکەی بڕووخێنن‌و عیراق ببەستن بەو ئیمپەراتووری‌یەی خومەینی‌یەوە کە بێجگە عیراق دەڵەکانی تر بگرێتەوە دوورگەی عەرەبیش دەگرێتەوە چونکە لە هەموو ئامانجەکان ئاسانترن ، فەرمانڕەوایانی سووریاو یارمەتیدەکانیان‌و ئەوانی لە عەرەبی جنسیە بە گەرمەوە لەم ڕێگایەوە ڕۆیشتن بۆ ئەوەی پانتایی خەیاڵ لە مێشکی فەرمانڕەوایانی ئێراندا فراوانتر بکەن ، ئێمە کە باسی ئەلقە گومان لێکراوەکانی ناو ڕژێمی ئێران دەکەین هەر لە خۆمانەوە قسە ناکەین‌و نامانەوێ شیی‌کردنەوەو زانیاری‌یەکانمان لێرەدا بەکاربێنین هەر ئەوەندەمان بەسە بگەڕێینەوە سەر ئەو قسانەی کاربەدەستانی ئیستای ئێران کردوویانە لە بارەی کەسانی ترەوە کە ئەوسا لە ڕیزبانا بوون‌و ئیستە لە دەستەڵاتدا نەماون کە وەزیر پێشووی دەرەوەبانی تیابوو ، دەڵێین ئەوەندەمان بەسە بگەڕێینەوە بۆ سەر قسەکانی فەرمانڕەوایانی ئیستای ئێران لە بارەی بەکرێ‌گیراوی ئەوانەی کە لە ڕیزیان دەرچوون بۆ ئەوەی بزانین ئەبێ چەند بەکرێ گیراو هێشتا لە ڕیزیانا مابێ ...

بێ ئەوەی بیروڕای فەرمانڕەوایانی ئێران‌و تۆمەتەکانیان بکەین بە ڕای خۆمان بەرامبەر بە وانەی تا دوێنێ بەشێك بوون لە ڕژێمەکەیان دەڵێین ئەم دیاردەی سەرلێشێوانە کە لە ڕژێمی ئێراندا هەیەو فراوانبوونی لە ناوبردن‌و تۆمەت تێگرتن لە ناو ڕیزی فەرمانڕەواکانا بەسن بۆ ئەوەی پەنابردنە بەر هیچ جۆرە زانیاری‌یەك بمانگەیەنێتە ئەنجامەی کە دەستەی فەرمانڕەوایانی ئێران پڕیەتی لە ڕەگەزو کاری گومانلێکراو ، ئەم ڕەگەزو کارانە بێجگە لە هۆکانی تر کە باسمان کردن دەوری سەرەکی‌یان بوو لە دەستدرێژی‌و شەڕی خومەینیداو لە درێژە پێدان‌و گوێنەدانە ئەو بانگانەی کە عیراق لە ١٩٨٠/٩/٢٨ وە ئاراستەی کردن‌و بۆ ئەو بانگەوازانەی کە لە ناوەندە جیهانی‌یەکانەوە دەرچوون ، چونکە مەبەستی ناوەندە دوژمنەکان لە لایەکی ترەوە ئەوەیە لەبەر هۆی زانراو شەڕ بەردەوامبێ ، هەر کە هەستیان کرد هێزی شەڕانی‌ی فەرمانڕەوایانی ئێران لە کزبوونایە لە بەرنامە شەڕانی‌یەکانیانا دێن هیوایەکی تازەیان بۆ دەچنن تا کارێکی وا بکەن دەستدرێژی بەردەوام بێ ، بەم جۆرە ناوەندەکانی زایۆنی‌و سووریاو هەندێ ناوەندی گومانلێکراو لە ڕۆژاواداو ناوەندە گومانلێکراوو کاربەدەستەکانی ناو ئێران خەریکی ئەوەدەبن بە فەرمانڕەواکانی تری ئێران بسەلێنن کە سەرنەکەوتن لە داگیرکردنی بەسرەدا ئەوە ناگەیەنێ ناتوانن شوێنی گرنگترو کاریگەرتر داگیربکەن بۆ ئەوەی ئەو تەرتیباتە سوپایی‌یانەی عیراق لە بارەی ستراتیژی‌یەوە کردوونی لەقی بکەن‌و ، سەرنەکەوتن لە داگیرکردنی بەسرە دەگەڕێتەوە بۆ کۆسپو تەگەرە تازە داهێنراوانەی کە عیراق لەم کەرتەدا کردوونی‌و بۆ ئەو گۆبەندەی کە هێرشەکەی ئێران بوو بە هۆی پەیدابوونی چونکە ئاراستەی نزیکترین شوێن کرابوو لە کەنداوی عەرەب‌و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەب بە شێوەیەکی وا ئەم دەوڵەتانە هاوکاری‌یان لەگەڵ عیراقدا کرد ، لەبەرئەوە کاربەدەستانی سووریاو هەندێکی تر بە فەرمانڕەوایانی تارانیان سەلماند کە باشترین ڕێگا ئەوەیە عیراق بڕووخێ‌و پاش ئەمیش کەنداو بڕووخێ بەوەی لە مەندەلی‌یەوە ڕووەو بەغدا لێی بدرێ یا لە میسانەوە بۆ بڕینی ڕێگای بەغداو بەسرە !!

ئەم هەڵبژاردەیە ، بەپێی بۆچوونی ناوەندە گومان لێکراوەکانی ئێران‌و دەرەوەی ئێران کارێکی وا دەکا دەستدرێژی‌یەکە بێ هەراو هوریای ڕاگەیاندن‌و بێزاری دەربڕینی سیاسی تێپەڕێ لەبەر نزیکبوونە لە نەوتی کەنداوەوە بە داگیرکردنی بەسرەو ، وا لە کەنداوی‌یەکان دەکا گوێ نەدەنە شەڕ ، ئەگەر کاری ڕژێمی ئێرانیش ئاسان نەکەن لە گەیشتنیا بە ئامانجەکانی .

خۆیان خستە داوی نەخشە گومانلێکراوەکانەوە

بەم جۆرە ، بەڕێزەکان ، فەرمانڕەواکانتان برانە ناو یا چوونە ناو داوی نەخشە گومانلێکراوەکانی دەرەوەوەو دەستیانکرد بە تاقیکردنەوە لە ڕۆژەڵاتی مەندەلی‌و تاقیکردنەوەکەیان لە ڕۆژەڵاتی میساندا دووبارەکردەوەو بەم شێوەیە ئێوەو ڕۆڵەکانتان بوون بە قوربانی یاری‌یەکی نێو دەوڵەتان کە هێشتا فەرمانڕەواکانتان لە چەرخیا دەسووڕێنەوە بزانن بەمە یا نەزانن‌و خەوو گرێ‌و بێمێشکی‌و بێهۆشی‌یان پاڵیان پێوەدەنێ بەڕێگایەکدا کە کۆتایی نابێ تاوەکو ئەگەڕێنەوە بۆ ڕێگای هەق‌و ئەقڵ‌و ئاشتی .

ئەگەر زانیاری‌و شیکردنەوەمان پەسەند ناکرێ ئەبێ بە چ ئەقڵێکی سیاسی‌و سوپایی ئەوە لێکبدەینەوە بۆ ئەتوانرا بەسرەیە داگیربکرێ کە لە ٢٥ کیلۆمەتر زیاتر دوور نیە لە سنوورەوە ، کارێکی وا ناکا فەرمانڕەواکانتان چاو بگەڕێننەوە بە خەیاڵی شەڕانەیان‌و بەردەوامبوونی شەڕداو ڕووبکەنە ناوچەیەکی تازە لە ڕۆژەڵاتی مەندەلیدا کە بە هێڵێکی ڕاست نزیکەی (١٢٠) کیلۆمەتر دووربێ لە بەغدا ؟ بڵاوی‌بکەنەوە کەوا دەتوانرێ بەغدا داگیربکرێ ، ئایا هیچ ئاقڵێك بە مێشکیا دەچێ کە یەکێ لە توانایا نەبوو شاری بەسرە داگیر بکا کە زیاتر لە بیست‌وپێنج کیلۆمەتر دوور نیە لە سنوورەوە دەتوانێ بەغدا داگیربکا کە بە هێڵێکی ڕاست نزیکەی سەدو بیست کیلۆمەتر دوورە هەرچەندە ڕێگای بەسرە زەوی‌یەکی ڕێکەو ، بەسرە لە بەغدا بچووکترە لە بارەی پانتایی‌و دانیشتوانەوە یا دەتوانن میسان داگیربکەن کە (٨٠)کم لە سنوورەوە دوورە !!

نائومێدی زیاتر هیچیان دەستنەکەوت

بەڵێ ، بەڕێزان ، مەبەست درێژەدانە بەشەڕو سەلماندنە بەوەی سوورە لە سەری کە هیوای ڕامالینی عیراق هێشتا لە ئاستۆی نزیکدایەو هۆی سەرنەکەوتنی هێرشەکەی ڕۆژەڵاتی بەسرە تەنیا ئەو کۆسپو تەگەرەو سەنگەرانەی بەرگری‌یە کە لەم کەرتەدا هەبوون بەم جۆرە وەك وتمان ڕۆژەڵاتی میسانو ڕۆژەڵاتی مەندەلی‌یان تاقی‌کردەوە بەڵام نائومێدی زیاتر هیچیان دەستگیر نەبوو و ئێوەو ڕۆڵەکانتان بوون بە داری سووتەمەنی‌ی ، ئەگەر فەرمانڕەواکانتان لای کەمی هەستی بەرپرسیاری‌و نیشتمانپەروەری‌یان هەبوایا بە ئاشتی سەرسنووریان قایل دەبوون ، بۆ ئەوەی خۆیان‌و گەلەکانیان بە سەربەستی لە خاکی خۆیانا دەژیان بەو شێوەیەی بڕیاری لەسەر دەدەن‌و وازیان لە کەلی عیراق دەهێنا کە بەو شێوەیەی دەیەوێ بژی ، بەڵام لە جیاتی ئەوەی دان بە راستیدا بنێن لەبەر خاتری گەلەکانیان ، هەرچەندە ئەم راستی‌یانە تالن ، هاتن « ستراتیژی‌یەتێکی تازە » یان بۆ دەرهێناین ناویان ناوە « ماندووکردن » ، ئەگەر مەبەست لەم قسەیە فێڵێك نەبێ بۆ داپۆشینی هێرشێکی چاوەڕێکراو کە نەخشەی بۆ دەکێشن‌و ئەو بەیارمەتی خوا ئۆردەگرێ وەك چۆن هێرشەکانی تر گۆڕکران ، دەڵێین ئەگەر هەر بۆ قسە ئەوە بخەینە لاوە کە ئەم قسانەیان بۆ فریودانە ، هەر لە چوارچێوەی درێژەپێدانی شەڕدا دەمێنێتەوە بۆ بەکوێ‌نەردن‌و جێ‌بەجێ‌نەردنی ئارەزوو و نەخشەو زۆری ئەو لایانەی کە باسمان کردن‌و لە بەردەوامبوونی شەڕ سوود وەردەگرن‌و ترنجاندنی شەڕ ، هەرچەندە خوێنی زۆری تیا دەڕژێ ، لە یاری ناوەندەکانی هێزو ئێشەی توڕسی حوکمڕانی‌و دواوژۆی ئێرانا چ لە پێش یا پاش مردنی خومەینیدا ، بەم جۆرە گومانلێ‌نراوان‌و نینە لە دڵان‌و بێمێشکان ئەم هێزە دەستدرێژی‌کەرەیان پاڵ پێوەنا بەرەو تەنووری سووتاندن لە ناوچەی شیبدا هەرچەندە چەندەها جار ئاگادارمان کردبوونەوەو ، سەرکردایەتی ئەم هێرشەیش بە ستایشێکی ئاشکراوە درابوە دەست ئەوەی پێ‌ی دەوترێ سەرکردایەتی پاسەوانی شۆڕش بۆ ئەوەی « دەستکەوتی !! » ئەنجامی دەستدرێژی‌یەکە هەر بۆ خۆیان‌بێ بەڵام هێزی خوای گەورەو پتەوی کەلی عیراق بۆیان ڕاوەستابوو بەری تاوانیان چنیەوەو بە خراپترین شێوە شکان . بەپێی دوا زانیاری کە پێمان گەیشتوە هەندێ ناوەندی گومانلێکراوو سەرەڕۆ لە سوپادا دەوری ئەوەیان هاتوە بە خەیاڵ لایان وابێ دەتوانن جۆرە سەرکەوتنێکیان دەسگیربێ هەرچەندە تاکتیکی‌و بچووکیش بێ بۆ ئەوەی خۆیان بخەنە جێگایەکی بالاترەوە لە جێگای پاسەوانی خومەینیداو هەلی خۆیان لە یاری دەستەڵاتبازیدا بەهێز بکەن‌و لەو دەورە سیاسی‌یەدا کە چاوەڕێی سوپا دەنا چ لە پێش یا لە پاش مردنی خومەینیدا ئێمەیش دەڵێین بیرکردنەوەی وا لە باشترین باریا ئەو ڕاستی‌یانەی نەخستوەتە بەرچاو کە دژی ئەم ئارەزووانەن‌و زانایانەو ئاقلانە نیە ئەگەر گومانلێکراویش نەبێ ، چونکە هەر هێرشێك زۆربەی سوپا بێ یا پاسەوانەکان لە کەرتی شیبدا رووبدا یا لە کەرتەکانی تری فەیلەقی چوار یا لە کەرتەکانی فەیلەقەکانی تردا سەرنەکەوتن زیاتر هیچ ئەنجامێکی تریان نابێ‌و ئەنجامی هێزە دەستدرێژی‌کەرەکان هەر وێران بوون‌و تەفروتونا کردن دەبێ بە یارمەتی خوا ، ئەوەی دەوری سوپا پتەو دەکا لە بڕیاری سیاسیدا ئەوەیە کە لای ئەقڵ‌و رای راست بگرێ نەك بکشێ بە لای بێ ئەقڵیداو ڕێگای کارتێکردنی سوپا لە سیاسەتی ئێراندا ئەوەیە هێز بەخۆیە بهێڵێتەوە نەك بەفیڕۆ لە دەستی خۆیی بدا وەك چۆن ڕەگەزە سیاتی‌یە گومان لێکراوەکان‌و سەرپەرشتیکەرانی پاسەوانانی خومەینی دەیانەوێ‌و پێویستە لەسەر سوپاکە لە هێزە ڕێکخراوەکانەو کە بەپێی سروشتی ڕێك‌وپێکی‌یەکەی پشتی داوە بە زنجیرەکی ئەقڵەوە لە ئیش‌وکاریا لە کاتی ئاشتی‌و شەڕدا کە ئەقڵی لە کیس نەچێ‌و ئەو دەورە ئاقڵانەیەی لێون نەبێ کە ڕەنگە بتوانێ بیگێڕی پاش ئەوەی ئەقڵ‌و فام لای فەرمانڕەوا سیاسی‌یەکانی ئێران نەماوە .

فەرمانڕەوایانی ئێران مانای پێشەوایەتی دەوریان تێکدا کە لە ئەقڵ‌و ڕێبازەکانی دوورکەوتنەوە ، ئەو ئەقڵەی کە پێویستە یەکەم شتبێ لای فەرمانڕەواو پێشەواکان ، کە بڕێتی‌یە لە چاودێری کردنی بەرژەوەندی‌و گیانی گەلەکانیان ، بەم جۆرە سووچی سەرەکی‌ی ڕەوایی پێشەوایەتی‌و کاربەدەستی‌یان لا نەما . لەبەر ڕۆشنایی ئەم راستی‌یەدا ئەرکی هەموان لە ناو ئێران‌و دەرەوەیدا گەورەتر بوە بۆ هاوکاری‌کردن لە پێناوی ڕزگارکردنی ئێران لەو نەگبەتی‌یەی کە تێ‌ی‌کەوتوە ، ئێمە دڵنیاین لەوەی ئەگەر فەرمانڕەوایانی ئێران بتوانن سێ بەش لە چوار بەشی گەلانی ئێران لەم شەڕەدا بهێڵن بۆ ئەوەی خەوەکانیان یابەشێکیان بێتە دی لە فراوانبوونا دەیکەن بۆئەوەی لە پاشا وەك قەلەڕەش لە لەشیان

Institut kurde de Paris

دەقی دووەم نامەی بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین کە ئاراستەی گەلانی ئێران کردوە «پاشماوە»

بخۆن ، بەڵام بە زۆر شتێکی تریان پێدەکرێ چونکە خەوو خەیاڵی فراوانبوون گۆڕکراوە لەبەرامبەر زیادبوونی هۆشیاریو ئاگاداری گەلانی ئێراندا لە ڕاستیو لەبەردەم بەرگری عیراقیە پاڵەوانەکانا کە بڕیاری ئەوەیان داوە وەك یەك هاووڵاتی دەستبوەشێنو ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر نیشتمانو شەرەفو کارە موبارەکەکانیان بە یەك دڵو یەك ئەقڵەوە جێبەجێ بکەن ، سوپاو گەلی بەرێزی ئێران بەرەو تەنووری سوتاندن پاڵتان پێوە دەنێنو خۆیانو کوڕەکانیانو دەستو دایەرەی خویانیانی لە دەرەوەیەوە دەهێڵنەوەو هیچ هەستێکی بەرپرسیاریان نەماوە بەرامبەر بەزەیی هاتنەوە بە چارەنووستانا ئەگەر وەك پێشەواکانی عیراق لەگەڵتانا لە شەڕا بوونایە ئەوەیان کە تێگەیشتنی کەمە زۆر شتیان لە بارەی شەڕو دەردو مەینەتیەوە فێر دەبوو کە نایزانن هەر ئەوەندە بەس نیە بۆ بەشداری کردنی پێشەواکان لە شەڕداو لە هاوبەشیکردنی جەنگاوەرەکان لە ژیانی ئادەمیزادانەو ویژدانیدا هەندێ تەڵەکەباز لە هەندێ شوێنی کۆبوونەوەدا ئامادەبن بۆ ئەوەی چەند وشەیەکی تەڵەکەبازی بڵێنو نووشتەو وشەو بیری کینە بەسەر ساویلکەنا بخوێننەوە بۆ ئەوەی بەرەو کووڕەی سووتاندن پاڵیان پێوەبنێن هەروەك چۆن هەندێکیان لە بارەگا پارێزراوەکانیانەوە لە کاتی هێرشە سەرنەکەوتووەکەی شیبدا دەیانکرد کە لە تەلەفزیۆنی ئێراندا دەرکەوتن ... دەڵێین ئەگەر ئەمەبێ باری فەرمانڕەواکانی ئێران پێویستە لەسەر هەموان لە سوپاو گەلانی ئێران ڕێگای ئارامیو ئاشتیو ئەقڵ بەدی بکەنو دووربکەونەوە لەو مردنە تاڵەی کە ئەوانە پاڵیان پێوە دەنێن بۆی کە لە تاران‌و قومدا لێی کەوتوون .

● **خواستی قایمی شەڕکردن :**

بەرێزان .. گەلێك باسی هونەرنواندنی عیراقی کراوە لە دامەزراندنی بەرگریو بەربەستی بەردەم سەنگەرەکانی شەڕکردن ، کە بوونەتە هۆی بنەڕەتی تێکشکانی پەلامارە دەستدرێژیە پەلهاوێژیەکانی دوژمن بۆ خاکی ئێمە ، بەبێ ئەوەی لە نرخی ئەمەدا کەم‌بکەینەوە کە پێویستە هەر کەسێ کەمێك ژیریو وریایی هەبێت درێغیان لێنەکات ، بەڵام ئەمەش تاقە هۆی سەرنەکەوتنی هێرشەکە نیە ، بەڵکو خواستی قایمی شەرکردنی عیراقیەکانو خۆگرتنی سەرسوڕمێنیان لە سەنگەرەکانداو دەستوەشاندنەوەی خێراو حیساب بۆکراویان لە بارەی بەکارهێنانی هێزی یەدگ بۆ هێرشی دژ بە هێرشی ئەوانو بۆ بەهێزکردن ، ئەمانەن هۆی بنەڕەتی . بەڵام ئاخر بۆچی عیراقیەکان بەم شێوەیە بەرامبەر دەستدرێژیەکە دەجەنگن ؟ ئێمە بەم جۆرە وەڵامی ئەمە دەدەینەوە :

دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمڕۆ دەوری گەلان لە بڕیار دانی سیاسیو سوپاییو لە ئەنجامی ڕەوتی سیاسەتو کێشەی سوپاییدا پەرەی سەندووەو زۆرتربووە ، ئەمڕۆ وای لێهاتووە هیچ ناوانێکی کۆمەڵایەتی یان دەروونیان ژیانی ناکەوێتە نێوان سوپاکانو گەلەکانەوە هەروەکو جاران کە ئەمە لە سوپا پیشەیی‌یەکاندا دەبینرا ، تا وای‌لێهات ئەمڕۆ سوپاکان دەکەونە ژێر کارتێکردنی گەلان لە ئاشتیو لە شەڕدا ، ڕاستی‌یەکی‌تر ئەوەیە کە هۆشیاریی گەلانو کارکردنی ڕێبازو هۆیە مرۆڤایەتی‌یەکانو ڕاگەیاندنی دەرەوەی وڵاتەکانیان لەو گەلانە ئێستا لە سەردەمی شەڕی یەکەمو شەڕی دووەمی جیهانی‌دا زیاتر بووە . ئیتر بزواندنی گەلان یان سوپاکان بۆ ئامانجی سیاسی دەستدرێژی یان بۆ ئامانجی سوپایی هەر ئەوەندەی بەس نی‌یە فەرمانێکی بۆ دەربکرێت وەکو جاران ، بەڵکو ئێستا پێویستی بەوەیە لە بڕیارەکە بکەنو بڕوا بە هەڵوێستی ڕاستی‌ی بڕیارەکە یان کرداری سوپاییەکە بکەن ، جا ئەمە دەبێتە بنەڕەتی یەکەمی چاك بەجێهێنانی ئەرکی سەرشان لە بارەی کێشەی سوپاییەوە لە لایەن گەلانو سوپاکانەوە ، بەم پێیە هەرئەوەندە بەس نییە سەرکردەی سیاسیو سوپایی زیرەکو ئازایێت بۆ ئەوەی بتوانێ بۆچوونو نەخشە جەنگی‌یەکانی خۆی کە پێویست بە خوێنو ئارام‌گرتنی سوپاکەیو گەلەکەی دەکەن ، جێبەجێبکات ، بەڵکو بۆئەوەی سەرکردەکان بتوانن بە چاکی جەنگاوەران بەرەو ئامانجەکانیان ببزوێنن پێویستە ڕادەیەکی تەواو ژێریو بەزەییو دڵنەرمیو دڵنەوازیی جەنگاوەرانیان هەبێتو لەگەڵ ژیانو یاساکانو پێداویستەکانی ژیان‌دا بە بەرپرسیاریی باوو برای جەنگاوەران ڕەفتار بکەن ، سەرکردە دەبێ وەکو چۆن خۆیو ڕۆڵەکانیو چاوی خۆی دەپارێزێ ئاواش ئەوان بپارێزێت ، دەشبێ جەنگاوەران بەکردەوەو بە لێکدانەوە ئەمە بەدی بکەن ... جگە لە هۆی ئازایەتیو توانای لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریو زیرەکیو ئارامیشیان . ئیتر بەم جۆرە جەنگاوەران کاتێ ئەو هۆیانەی باسمان‌کردو پێداویستی‌یەکانی تریان بۆ ڕێك‌بخرێت بە شێوەیەکی چاك شەڕ دەکەن ، بەڵام ئەگەر ئەمەیان بۆ نەکراو هۆیەکان تێك‌چوون خۆکوتانە ناوجەنگی نامێنێ .

لەسەر ئەم بنچینەیە ، کاتێ ئێرانی‌یەکان لایان وابوو ئەم هۆیانە لای ئەوان ڕەخساوە بەشێوەیەکی چاك شەڕیان کرد ، بەڵام کە بۆیان دەرکەوت کە ئەم هۆیانە لای ئەوان ڕێك‌نەکەوتووەو سەرکردەکانیان ئەو سیفەتە چاکانەیان لێنایەتەدی ئارەزووی شەڕکردنیان نەما ، هەر لەسەر بنچینەیەش عیراقی‌یەکان سەرباری هەندێ هۆی‌تر لە هەموو جەنگە سەرکەوتوو و نایابەکاندا شەڕیان کرد بۆ بەرگری کردن لە عیراق چ بە بەگژداچوون یان خۆپاراستن ، وە هەر بەم شێوەیەش لە بەجێگەیاندنی فەرمانی پیرۆزیان بۆ بەرگری لە عیراقی مەزن ، بە هەمان گیانو بەهەمان بیرو تێگەیشتنەوە بەردەوام دەبن ، بۆ ئەوەی جەنگاوەر چالاکیو کاری سەربازانەی خۆی بە چاکی جێبەجێبکات‌و ئامانج بپێکێت هەرئەوەندە بەس نییە کاربەدەست فەرمانی شەڕکردنی بۆ دەربکات‌و هەرئەوەندەش بەس نییە ، سەرکردەو فەرماندەکانی ئازابن‌و تا ڕادەیەکی زۆر بە جەرگ بن ، بەڵکو سەرباری ئەمەش جەنگاوەر پێویستی بەوە هەیە پشتی بە ڕاستی بەستووبێتو یاساکانی ژیان لە چوارچێوەی قۆناغی خۆیدا پشتیوانی بن یان لای وابێ کە ئەمە وەهایە ، هەروەها سەرکردەو فەرماندەکانی ژیرو خاوەن هەستی مرۆڤایەتی بن ، بە جۆرێك هیچ گومان لەوە پەیدا نەکات کە سەرکردەکانی کاتێك بۆ بەجێگەیاندنی ئامانج ، بڕیاری شەڕ دەکەن بە شێوازێك‌و کە خوێنی ڕژاوی عیراقیەکان لە کۆڕی شەڕدا دەبینن لەبەرئەوەیە چونکە ناچارن‌و هیچ ڕێگەیەکی تریان نییە بۆ بەرگری‌کردن لە نیشتمان‌و ئامانجە بەرزەکان ، بەڵام کاتێك کە لە ژێر سەرکردایەتیی هەندێ کەس‌دا شەڕ بکەن مرۆڤایەتی‌و بەزەیی لە دڵیان‌دا باری‌کردبێ‌و ژیری لە مێشکیان‌دا نەمابێ‌و هەموو ڕێگەیەکی ئاسان‌و کراوە نەگرن بۆ پارێزگاریی مافی ڕەوایان‌و ڕێگەی شەڕو وێرانی هەڵبژێرن هەروەکو حوکمڕانەکانیان دەیکەن ، ئەوسا هەردەبێ گەلانی ئێران‌و سوپای ئێران ڕاستی‌یەکە بزانن با حوکمڕانەکان هەر درۆ دەلەسەیەك بەکاربهێنن ، وە هەردەشبێ ئەمە لە وەرەو گیانی شەڕکردنیان‌دا ڕەنگ بداتەوە ، ئەمەش مانێکی مرۆڤانەو فەرمانێکی مرۆڤانەیە مادام عیراق ڕێگەی ئاسایشی کردووەتەوەو حوکمڕانی ئێران ڕێگەی شەڕ دەگرن‌و عیراقی دەستدرێژی لێ‌کراوەو حوکمڕانی ئێران دەستدرێژکەرو پەلهاوێژن .

بەڵگەیەکی تازەی گێلیان

دێینەوە سەر لێکۆڵینەوەی نەخشە نوێیەکەی حوکمڕانی ئێران کەوا دەڵێن ئەوان لەسەر سنوور ستراتیجیەتی داچۆڕاندن بەکاردەهێنن ، بەبێ‌ئەوەش خەڕیك‌کردن‌و سمینی بەرەی عیراقی لە کەرتی باکوورەوە تا شەتتولعەرەب بە دوور بگرن ، ئەگەر وا دەزانن ئەوان بەم قسە ساکارە لە خشتەمان دەبەن ئەوا بەڵگەیەکی تری گێلی‌و نەزانیان دەدەنە دەست ئەو کەسانەی گەرەکیانە ، دەنا ئێمە ئەوەندە کەڵێن‌و ڕێگەمان هەیە بۆ ئەوەی لە ئاستی لەشکرکێشی یان لە ئاستی کرداری سوپاییەوە هەر جووڵانەوەیەك ببێ بەر لە ڕوودانی پێی بزانین ، ئەوەندە تێگەیشتنەشمان هەیە کە بۆ لێکۆڵینەوەی هەر ڕایەك یان بیرێك ژیری‌و زانست بەکاربهێنین ، لە مانەش قسەکانی حوکمڕانانی تاران ، لەبەرئەوە بەسە بێژین ئەو کەسەی نەبتوانی بەرەیەك بسمێ کە تووڵایی‌یەکەی لە ڕۆژهەڵاتی بەصرە لە ٣٠ کیلۆ مەتر زیاتر نییەو نەیتوانی بەرەی مەندەلی بسمێ کە لە ٢٥ کیلۆمەتر زیاتر نییەو هەروەها بەرەی (شیب)یش کە درێژایی‌یەکەی لە ٢٥کم تێناپەڕێ ، سەرەڕای ئەو ماوە درێژەی خۆیان ئامادەکرد بە نەخشەدانان‌و ڕاهێنان‌و مەشق پێکردنی پێویست‌و هێنان‌وبردنی پارچەکانی سوپاو تۆپخانە ، دیارە هەربەجارێ ناتوانێ بە هێرشێکی دەستدرێژی‌کەرانە بەرەیەك خەریك بکات کە درێژایی‌یەکەی ١١٨٠ کیلۆمەتر دەبێ ، هەرچی هەڵبژاردنی ستراتیجیەتی داچۆڕاندنی سەر هێڵی سنوورئیشە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەروەکو کاربەدەستانی ئێران خۆیان دەڵێن ، ئەوا ئێمە هۆیەکانی دەزانین ، هۆیە بنچینەییەکانی بۆ خاتری درێژە پێدانی شەڕە دوای ئەوەی گەلانی ئێران لە نیازی پەل هاوێژی‌و دەستدرێژکەریی ڕژێمی خومەینی گەیشتن ، دوای ئەویش بۆ هەموان دەرکەوت ئیتر ئەمانە ڕقیان لە عیراق بێت یان نا ، کەوا داگیرکردنی عیراق کارێکە لە کردن نایە ، جا مادام بەردەوامیی شەڕ وەکو باسمان‌کرد گەلێ ئامانجی دەرەوەو ناوخۆیی هەیە ، بۆیە چار نییە دەبێ بیرێکی وا بێننە مەیدان بەڵکو ئەمەو خوایە هیوای هێنانەدیی ئامانجەکانی دەستدرێژیی ببەخشێت ، یان هەر هیچ نەبێ بەلای کەمەوە پەردەیەك بەسەر بەردەوامیی شەڕو بەردەوامیی سوپاو بەردەوامیی بەناو پاسەوانانی شۆڕش لە مانەوەیان لە خەتی پێشەوەی شەڕدا بدات ، تاکو حوکمڕانانی ئێران‌و ئەوانەی چاویان لە هاتنە سەر حوکم بڕیوە دەستیان بپەرژێ بۆ ڕێك‌خستنی هەڵویست‌و شوێنە سیاسی‌یەکانیان دوور لە دەستتی‌خستنی سوپا یان پاسەوانانی خومەینی‌و هەر تیپێکیش لە تیپە سیاسی‌یەکان ، چ نهێنی‌و بە پێی تێڕامانی خۆیان یان لەسەر ئەو ئامانجانەی کە لەگەڵ سوپا یان پاسەوانادا بەیەك دەگەنەوە .

لەگەڵ ئەمەشدا با وەڵامی پرسیارێك بدەینەوە کە دەڵێ ئەگەر حال هەروەکو خۆی مایەوەو شەڕ بە پێی ئەو نەخشە نوێیە بەردەوام بوو کە قسەکەری ئەنجوومەنی بەرگری ئێرانی باسی کردووە ئایا کێ دادەچۆڕێ ؟ ئایا عیراق لە ئێران زیاتر دادەچۆڕێت یان ئێران خۆی دادەچۆڕێت ؟

بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ، ئایا گەلانی ئێران‌و سوپای ئێران مافی ئەوەیان نی‌یە لە کاربەدەستانی ئێران بپرسن ئێوە بە ڕووخانی ڕژێمی حوکمی عیراق لە ڕێگەی شەڕەوە ئێمەتان ئومێدەوار کرد لە دواییشدا خۆبەدەستەوەدانی عیراق ، ئا بەم جۆرە شەڕمان کردو لە ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٤وە هەوڵمان‌دا لە عیراق بچینە ژوورێ چۆن شایانە ئەم جۆرە حیسابانە بکەنو بەخۆتان نازانن کە هەڵەن هەتا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ ساڵ نەبێت بەسەر شەڕێکی قورسی وەهادا کە هەزاران کوژراو بوونە قوربانی ، سەرباری وێرانی‌ی ئابووری‌و بە فیڕۆچوونی دەرفەتی مرۆڤانەو شارستانانەو زانستانەی گەشەکردن ؟ پاشان ئەگەر حوکمڕانانی ئێران هەر ئێستاو پاشی تێپەڕبوونی نزیکەی سێ ساڵی شەڕ کەوا ئامانجی چاوچنوکانەیان بە بەرەنگاری ڕاستەوخۆو بە دەستدرێژی کردنی قووڵی خاکی عیراق نایەتە دی ، ئایا چەند ساڵی تریان دەوێ بۆ ئەوەی بۆیان دەربکەوێ کە داچۆڕاندن ئەویش ئەو ئامانجانەیان بۆ بەدی‌ناهێنێ ؟ ئایا زیانی ئێران لەمەدا چەند دەبێ لە ئاستی زیانی مرۆڤان‌و ئابووری‌یەوەو لە ئاستی دەرفەتی شارستانەتی‌و زانستی‌یەوە ، ئایا لەمەدا هەمووی گەلانی ئێران چ قازانج دەکات . ئێمە ئەمە بە گەلانی ئێران دەڵێین‌و با خۆشبیان لەبەر ڕووناکیی ژیریی گەلان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە ، و داوا لە کاربەدەستانیان بکەن وەڵامی ڕوون‌و ڕەوانی ئەمە بدەنەوە .

● **کێ کێ دادەچۆڕێنێ ؟** ●

دێننەوە سەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کێ کێ دادەچۆڕێنێ ؟ کاربەدەستانی ئێران دەڵێن ئەوان عیراق دادەچۆڕێنن چونکە دوارۆژی ئابووریی ئێران لە هی عیراق باشترە ، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنانی نەوتیان لە هی پێش شەڕەکە زیاتربووەو بەرهەم هێنانی عیراقیش لە هی پێش شەڕەکەو پاش شەڕەکەش کەمتر بووە بەهۆی بڕینی لوولە نەوتی عیراقی کە بە سووریادا دەڕۆیی‌و بە هۆی بڕانی ناردنی لە ڕێگەی کەنداوەوە ، هۆیەکی تریش چونکە ژمارەی دانیشتوانی ئێران لە هی عیراق زیاترە ، دەربارەی هۆی یەکەم دەڵێین‌و بۆ ئەوەی حوکمڕانانی ئێران هوشیار بکەینەوە کە سامان‌و ئابووری ، دەشزانین سامان لە ئابووری جیایە ، خۆ تەنیا نەوت‌و غاز نین بەڵکو زۆر لەمانە زۆرترن چ لە ڕاستەو خۆکانیان یان ناڕاستەو خۆکانیان‌دا ، لە هەموو بارێکیشدا دامەزرایی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ڕەونەکردنی میشکە زانا گەشەکردووەکان‌و بایەخی نێو دەوڵەتی‌و دامەزراویی سیاسی لە دەوڵەتداو ئاستی ڕۆشنبیری‌و گەشەکردنی زانستی‌ی گەل‌و ئەو بەرنامانەی بۆ ئەم مەبەستە داندراون ، سەرباری کشتوکاڵو پیشەسازی بە هەموو شێوەو قۆناغەکانیانەوە لە مانیش چەندیی دەرهێنانی نەوت ، هەروەها قەناعەتی گەل بە کاربەدەستانی‌و توانای گەل‌و حوکمڕانان بۆ سەوداکردن لەگەڵ ژیان‌و یاساکانی ژیان‌و گەشەپێدانی بە کارێکی هۆشیارانەو وورد .. ئەمانە ڕەگەزی پێکهێنەرو کارتێکەرن لە ئابووری‌و سامان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ، ئەگەرنا یاباتێك کە هیچ کەرەستەی سەرەتایی پیشەسازی نییە ، بە ئاسن‌و ووزەشەوە ، دەڵێین یابان نەیدەتوانی ببێتە دەوڵەتێکی پیشەسازیی ڕادە بەرز . کەوابێت بناغەی سامان‌و ئابووری‌ی گەشاوە گەلە بەو ماناو لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە باسمان‌کرد ، ئەگەرنا ئەو گەلی عیراقەی کە لەدەستیاو لە ناو زەویدا ئەو هەموو بنەمایەی سامانە بەنرخە هەبوو ، ئاوا هەژار نەدەبوو وەکو لەپێش شۆڕشی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ دا بڕسێتی‌و ڕووتی‌و پێخاوسی‌و نەخۆشی بڕستی لە بەر بڕی بوو هەڕەشەی لە مانی دەکردو لە دەورگێڕانی نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و مرۆڤانەی خۆی دوور دەکردەوە . گەلی عیراق بەر لە شۆڕش ئا بەم جۆرە وابوو چونکە لە لایەنی ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌و دواکەوتبوو ، بەم جۆرە لە دەوری خۆی دواکەوت‌و سامان‌و ئابووریش دواکەوتن‌و لە مەیدان‌و ڕیبازی ڕاستی خۆیان‌دا بەکارنەهێنران .

بەڵام کاتێ کە ڕۆڵەکانی عیراق خواستی خۆیان خستەوە دەست‌و هۆشیاری‌و توانایان زیادبوو ، سامان‌و توانا ئابووری‌یەکانیشیان زیادی‌کردو وڵاتەکەیان لە هەموو مەیدانێکی ژیاندا گەشایەوەو لەم پەڕی عیراق تا ئەوپەری ئەگەر خەم‌و کەسەری تاقمە پەل هاوێژەکەی خومەینی نەبووایە هەر لە ناو بەختیاریدا دەژیان . جا لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنە گشتی‌یەی لە سامان‌و ئابووری ئەوا عیراق لە هەموو بوارەکاندا بەسەر ئێراندا زاڵە ، هەرچی بواری نەوتیشە ئەوا بەم جۆرە لێی دەکۆڵینەوە ..

● **بەرهەمهێنانێکی کەمتر** ●

بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران هەرچۆنێك بێت ئێستا لەو ئاستەی پێش هاتنە سەر حوکمی خومەینی کەمترە ، ئەگەر زانیمان ئەم ئاستەش بەحاڵ بەشی ئێران دەکا لە بارودۆخی ئاشتی‌دا ، سەرەڕای ئەوەش کە دەزانین سیاسەتی شا لە مەیدانی ئابووریدا هەروەکو مەیدانەکانی تریش لە ڕێڵادەر بوو ، کەوابێ دەبێ بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران بەو تێکڕاییەی ئێستا تێرایی هێنانەدیی گفتەکانی ئێرانی ناکات لە بارودۆخی شەڕدا ، لەمانەش چاکردنی ئاستی ژین‌و کۆمەڵایەتی‌و تەندروستی‌و ڕۆشنبیریی گەل ، ئەگەر ئەوەشمان لێکدایەوە کە ئەم ئاستە بەرهەمهێنانەش بۆی هەیە تووشی گەلێ مەترسی بێت ، لەوانە ناتەبایی هەڵوێستی ئێرانی دووبەرەکی نەرەوە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتانی ئۆپیك‌و کە لە گوێندایە نرخی نەوت کەم ببێتەوە ئەوسا بازاڕی نەوتی ئێرانی بێهێز دەکات ، هەروەها ئەگەر حیساب بۆ پەلاماری چەکی دەریایی‌و هێزی ئاسمانیمان بکەین بۆ سەرچاوەکانی بۆ دەرەوە ناردنی نەوت ، کە ئێمە لەم دوو مەیدانەدا بەسەریدا زاڵین ، هەروەکو ئەو دەستەوەشاندنانەی دوایی لە داموودەزگا نەوتی‌یەکان‌و نەوت‌بەرە ئێرانی‌یەکان ، بۆیە دەبێ هەر هۆشمەندێك ئەوە دابنێ کە نەوتی ئێران ئامادەی تووش‌بوونی مەترسی‌و کەم‌بوونەو تاکە ڕێگای بەردەمی بۆ کردنەوەی دوارۆژ باری ئاشتی‌یەو نەك باری شەڕ .

● **دوارۆژی نەوتی عیراق** ●

بەڵام ئەگەر لە بەرامبەر ئەمەدا دوارۆژی نەوتی عیراق وەربگرین لە لایەن بەرهەمهێنان‌و هۆیەکانی ترەوە ، ئەگەر وامان دانا کە لوولەکانی هێڵی سووریا هەر دەبەسترێ دەڵێین ئەگەر بابەتی نەوتی عیراقمان لە چوارچێوەی بەراوورد لەگەڵ نەوتی ئێرانی‌دا وەرگرت دەبینین ئەو چەندە نەوتەی کە لە ڕێگەی تورکیاوە دەنێرینە دەرەوە لە زیادی‌دایە ، لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتننامەیەکمان مۆرکردو خەریکی مۆرکردنی ڕێککەوتنێکی ترین بۆ زیادکردنی دوو چەندانەی نەوت بردنە دەرەوە بەرێگای تورکیادا ، ئەمەو ئەوەی کە وەزیری پەترۆڵی سعوودی گوتی لەوەوە کە مەلیك فەهد پەسەندیی کردووە کە لوولەیەکی نەوت‌بەری نەوتی عیراقی ڕابکێشرێت ئەم دووانە بەڵگەن کە ئەو پەترۆڵەی ئەوان ستراتیجیەتی خۆیان پێپشت ئەستوور کردووە بۆ داچۆڕاندن ئەویش پشت بە زانین‌و ڕەچاوکردنی ووردو زانستی نابەستێ ، بەڵام ئەگەر ئەوەشمان خستە بەرچاو کە پەترۆڵو دەستکەوتی وڵات لە پارە سەختەکان‌و سەرجەمی چالاکیی ئابووریی لە هاوردن‌و ناردنە دەرەوەدا ئەگەر بە هی وڵاتێکی تر بەراوورد بکرێت دەبێ لە بەراووردەکەدا ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتەش حیساب بکەین .. بەڵام ئەو کاربەدەستانەی ئێرانە کەوا ئێمەو ئێوە دەیانناسین ، فەرقەکەیان بە چەندیی نەوتی بەرهەم هاتووی ئێران‌و عیراق بەپێی بارودۆخی ئێستا لێك داوەتەوە بەبێ ئەوەی (گۆڕراو)ەکان حیساب بکەن ، چونکە ئەوان لەم تەرحە نین کە بتوانن گۆڕراوەکان حیساب بکەن ، وە جیاوازیی نێوان بەرهەمهێنانی نەوتی هەر دوو وڵات‌و بەشێك لە پێویستیی هەر دوو وڵاتیان حیساب کردووە بەبێ ئەوەی حیسابێکیش بۆ ژمارەی دانیشتوانی عیراق‌و ئێران بکەن‌و چۆن دانیشتووانی ژمارەکەم پێویستی لە کارکردنیان بە شێوەیەکی گشتی کەمترە . ئەمەش ساکارترین ئەو حیسابانەیە کە پێویست بە پسپۆڕانی سیاسەت‌و ئابووری ناکات تا بیزانن‌و هەر مرۆڤێکی بیر ساغ دەتوانی ئەم ڕاستی‌یە ساکارانە بزانێت ، بەڵام کاربەدەستەکانی ئێوە خوا یارمەتیتان‌دا لنە سەریان ، تا ڕادەی ڕیسواکردن ئێوە بە ساکار دەزانن بۆیە دەبێ ئاگادار بن .

● **حوکمڕاکانی ئێران بەهەڵەدا چوون** ●

حوکمڕاکانی ئێران لە لێکدانەوەی ئابووری‌دا بەهەڵەدا دەچن یان دەکەونە هەڵەوە ، هەروەك لە کارلێ‌کردنی فراوانی خاکی ئێراندا کەوتنە هەڵەوە ، ئەو ڕۆژەی وایان دەزانی ئەو وڵاتەی قووڵی خاکی زیاتر بێ لە هی تر ئەوە لە بارێکی چاکتری هی تردا

Institut Kurde de Paris

دەق دووەم نامەی بەریز سەرەکی فەرماندە صدام حسین کە ئاراستەی گەلانی ئێران کردوە

دەبێ لە هیرش بردندا ، کە بەمەش زۆر چمك و راستی عەسکەریان سەروبن کرد . چونکە ئاشکرایە ئەوەی قولی زەوی زیاتر بێ لە هی تر ، ئەو باری بۆ مەبەستی بەرگری لەوی تر باشتر دەبێ لەم بارەیەوە تەنیا ، نەك لە هەموو بارێکەوەو بە مەرجێ لە دەستابوونی هویەکانی تراو نەك وەك حالەتێکی رووت یان هویەکی رووتی بەتوانا بەسەرکاردابە تەنیا بەبێ هویەکانی ترو لە حالەتیدا نانی قولی نیشتمان و فراوانی بەس بێ وەك هویەك بۆ هوکانی هاوسەنگی بۆ مەبەستی هیرش و فراوانکردن لەسەر حسابی هی تر ئەمەش لە بۆ چوونی عەسکەریدا دەبێ بە بارێکی گران چونکە رێگاکانی هاتووچۆی هیرش بەر درێژ دەکاتەوە بەو جۆرەی وای لێ دەکا بکەوێتە بەر برین و دابرینی کەرتەکان زیاتر لەوەی هویەکی بەکار بێ بە دەست هیرش بەرەوە ، لەبەر ئەوە بوونی قولی بەرێ کردن و بار بوو لە هەر دەولەتێکدا ، لە کاتێکدا هویەکی گرنگ دەبێ بۆ مەبەستی بەرگری ئەگەر لەبەر چاوبە کردەوە لەسەر ئەو بنەرەتە وەرگیرا ببەسترێتەوە بە هوکانی ترەوە ، بەلام دەبێ بە بارێکی قورس بەسەر هیرش بەرەوە ئەگەر هوکانی تر لە بەرچاو نەگیران و ئەگەر ئەو هویانەی تر لە سوودی تەبن .

سەرکەوتن توانای درێژخایەنی سەنگی بەلای عیراقدایە

دەگەرێنەوە بۆ لایەنی ئابووری تا بڵێین ، سەرکەوتن و توانای درێژخایەنی سەنگیان بە هەموو حسابێك لە سوودی عیراقەو هەروەهاش لە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوەو هەر وەك لە لایەنی عەسکەریشەوە وایە ، بۆ بەڵگەی زیادی بەدەستگیراو لە سەر ئەمە دەڵێین بێگومان ئێوە تەجهیزاتی ئەفسەرو سەربازە عیراقیەکانتان دیوە کە کەوتونەتە دەستگیری ، بەڵکو هەندێ ئێرانی وەك پێمان زانیوە پش بڕکێیان کردوە بۆ بردنی کەرەستەکانی جەنگاوەرە عیراقیەکان کە دەگیران بۆ ئەوەی بۆ پێویستی خۆیان و خۆ پاراستن لە سەرما بەکاری بێنن ، دەڵێین هەر دەبێ ئێرانیەکان یان هەندێکیان بینی بێتیان چۆن بایەخ بە جل و بەرگ و پێویستیەکانی لایەنەکانی تری ژیانی جەنگاوەری عیراقی دەدەین ، وەگوێمان لێ بووە بینیمان چۆن رادیوی تاران و کاربەدەستان دەپارێنەوەو داوای باربوو دەکەن لە نان و جل و بەرگی هاوینە بۆ جەنگاوەرەکان لە وەرزی زستاندا چونکە دەزانن خەڵکی ئێران ناتوانن جلە زستانەکانیان لە وەرزی زستاندا بدەن چونکە هیچی تریان نیە ، ئایا حالی ئەوەی داوای باربوو دەکا بۆ هیزەکانی لە نانی نوردوو تورەکەی « گونیە »و جلی هاوینە لەگەڵ حالی ئەوەدا وەك یەك دەبێ کە سەربەرزو بەختەوەر دەژی کە گونجاوە لەگەڵ رۆژگاری شەرێکدا نزیکەی ماوەی سێ ساڵە دەیکات وکێ تەنگ بەوەی تر هەڵدەچنێ ؟

بەرێزان ... رۆڵەکانی ئێران لە سوپاو گەل ، حوکم راکانتان پێت دەڵێن ئێران دەتوانی تەنگ بە عیراق هەڵچنێ ئەگەر سوپای ئێران هەر وا لەسەر سنوور مایەوە بەبێ ئەوەی بارەکە هەڵوێستی هیرش جدی وەرگرێ بەلای ئەو ئامانجانەی دەیەوێ یان پێداویستی بەرگری زامن بکا .. چونکە گوایە ئێران ژمارەی دانیشتوانی بە نیسبەتی ۱/۳ لە عیراق زیاترەو ئەوەمان بەسە لە لێکدانەوەی سەرچەمدا بەپێی بۆچونی عەسکەری بڵێین بە تەنیا ئەوەی باری سوپای ئێران لەسەر ئەم حالە بێ ئەوە هەڵی بە نرخ دەدا بە سوپای عیراق بۆ تەنگ پێهەڵچنینی لە رووی ماددی و مانەویەوە ... بەلام ئەگەر ویستمان بچینە لایەنێکی تێکرایبەوە ، دەڵێین ... ئەوەی زانراوە ، ئەوەی کە پێداویستەکانی بەرگری کردن ئامادە نەکات و بۆ ماوەیەکی درێژ لە مەودای ئاگری چەکی بەرامبەرەکەیدا بمێنێتەوە جا ئەو چکە ئەرزی بێ یاخود ئاسمانی یان هی تر ئەوە هەموو رۆژێ دەکەوێتە بەر ئاگرباران بەرامبەرەکەی لە زەویەکی کراوەدا یان هەر هیچ نەبێ لە شوینێکا کە پێداویستەکانی خۆ پاراستنی تیا نەبێ وەك ئەوەی بەرامبەرەکەی لە حالەتی بەرگریدا بێ هەر وەك ئیستا باری سوپای عیراقی تیایەو نەبوونی پێداویستەکانی خۆ پاراستن بۆ سوپا دەیخاتە بەردەم زیانی بەردەوام تەنگ پێهەڵچنینی هەمیشە . جا بارێکی بەم جۆرە سوپا خۆی لێ لادات تەنیا لە باری بەرگری و هێرشدانە بێ ، وەکە باری هێرش بردن بۆ چوونە ناو خاکی عیراق بەو قولیەی خەونی خۆ فراوانکردنی حوکمراکانی ئێران بەدی دەهێنێ لە توانادا تابێ ئەوا حالەتی بەرگریش لە سنووری خاکەکەتاندا بێ ئەنجام دەبێت مادام عیراق لە هەموو بۆنەیەکدا ئاشتی بەرچاو دەخات و داوا دەکات هەردوو گەلە ولاتەکانیاندا سەربەست بژین ، بەلام سوپای عیراق باری بەرگری لەسەر سنوور وەرگرتووەو سودی لە هەموو توانایەکی گشتی دەولەت وەرگرتووە بێجگە لەو توانایەی وا لە جەنگاوەرەکان دەکات لە باریکی بە تواناتر بن لەوەی بەرامبەر یان بۆ دوورخستنەوەی هەموو هۆ سروشتیەکانی گەرماو سەرماو وایان لێدەکات لە بارێکدا بن زیانی گەورەبە هێرش بەربگەیەنن و زیانی خۆیان زۆر کەمتر بێ ، بۆ بەڵگە ئەوەندە بەسەبڵێین سەرنج لە ئەنجامی شەڕی شیب و ئەو زیانە گەورانە بدرێ کە لە دەستدرێژکاران کەوت بەرامبەر ئەو نیسبەتەکەمەی قوربانیانەی کە دامان هەرچەندە سەنگەرەکانمان لەو کەرتە چاکترین سەنگەری بەرگریمان نیە لە کەرتی فەیلەقی چوارو لە کەرتەکانی تری بەرەی جەنگی رووبەرووداً .

بەلام ئەگەر وردکردنەوەی زانستی لە مەسەلەی زیادی لە ژمارەیدا نیشتواندا بۆ سودی ئێران لەسەر عیراق وەربگرین ، دەڵێین ، ژمارەی دانیشتوان گۆشەیەنە برینە لە لێکدانەوەو پێدایستو ئامانجی ستراتیژی عەسکەریدا ، خۆ ئەگەر سەرکەوتن لە رەگەزە پێکهاتووەکانی تری ستراتیژیەتی عەسکەری کە لێکدانەوەی بۆ سودی ئەو لایە بەکاریەت ژمارەی دانیشتوانی لە لایەنەکەی تر کەمترە ئەوا ژمارە دانیشتوان دەبێتە بار بۆ ئەو لایەنەوە لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆیەکی بەکار بۆ مەبەستو ئامانجی دیاری کراو ، جا خاڵیش بەتەواوی لەم جۆرە لە کاتی بەواردی ئەم مەسەلەیەدا لە نێوان عیراق و ئێران ، چونکە کاربەدەستانی ئێران ئەم هۆیەیان بە شێوەیەکی ناوردەکاری و نامرۆڤایەتی بەکار هێناو هەستی زۆری ژمارەی دانیشتوان بەرەو لە خۆبایی بوونی بردن و پێداویستەکانی ئاسایش و پاراستنیان پشتگوێ خست ، دیسان لێکدانەوەی هۆکانی پێشکەوتنیان لە چەك و سەنگی ئەڵقەکانی تری کار لێکەریان لە چەکدا کە لە سودی عیراقە پشتگوێ خست دوای ئەوەی ئەڵقە سەرەکانی چەکداریان کە شابۆحوکمرانوێکانی بەجێ هێشتبوو تێکشکان و بێ هێزبوون ، حوکمراکانتان بێ ئەقڵیەتێکی شێتانەیان کردلەو رۆژەدا کە ئێوەیان بەشکاندن داو ،

حسابی سەرکەوتنی عیراقیان لە مەیدانەکانی تردا نەکرد لەوانە تەنیا بۆ نموونە لەتۆپ و چەکی ئاسمانی و زرێپۆشدا ، بەمجۆرە لەسەر رێگای زیادی ژمارە وەك لە جەنگی یەکەمی جیهاندا رووبدا بەکاریان هێنا کە مەبەستمان لەوەیە نوقوم کردنی سەنگەرەکانی بەرگری بوو بە شەپۆلی بەشەریەت بەلام بە سەرکەوتوویمان لەولایەنانەی باسمان کردوو ئەو هۆیانەی تر کە دەیانزانی ئەو شەپۆلانە تێکشکانێکی ناخۆش و ترسناك شکێنران و حوکمراکانتان بەتەنیا گوناحی ئەو خۆ بەکوشتنانانەمن لەبەردەم ئێوەو بەردەم مرۆڤایەتیداو دوای گوناهباریان لەبەردەم خوای گەورەدا دەگرێتەوە .

بۆ بەردەوامی دوژمنایەتی لە خۆبایی بوون

ئەوانە وتیان کە لەناو خۆو دەرەوەی ئێراندا بەحوکمراکانی ئێرانیان وتووە کە هێرش بەر لە دۆخێکی باشتردایە لەبەرگری کار لە هەموو دۆخێکدا بەم جۆرە وەرگرتنی دۆخی هێرشی واتان لێدەکات بەسەر عیراقیەکاندا پێش ئەوەی دۆخی بەرگری کردن لە سنووریاندا وەرگرن سەرکەون لەمەدا ویستیان کاربەدەستانی ئێران بە دستدرێژی خایاندن و درێژەپێدانی شەڕو رێگەی ئاسایش نەگرتن لەخشتە بەرن و ئێمەش لەسەر ئەم قسەیە دەڵێین ئەگەر هێرش هەموو کاتێ دۆخێکی باشتربێ و دۆخی بەرگری کردن لە هەموو دۆخێکدا کە شەڕی هەردوو بەرەی بەرگری کردن و هێرش دەگرێتەوەو وانەی ئامۆژ گاوکولیژەکان بۆ هەموو ریزەکانی سوپاو هەموو پلەیەکی پەسەند نەبێ ، لەسەر ئەم بنەڕەتە بەرگری کردن دۆخ و ئامانج و کەرەسەی خۆی هەیەو هێرش بردنیش دۆخ و هۆو ئامانج و کەرەسەی خۆی هەیەو یەکێ لەبنەرەتی یەکانیش کە بە پێی ئەو نرخی سەرکردە بدات ئەو توانایەیەتی کە بۆ وەرگرتنی بریارێك بۆ بەرگری کردن و هێرش بردن هەریەکەیان بە پێی دۆخ و ئامانج و کاری یەکسەرو نا یەکسەر دەیدات و ئەوەشی کە پێویست دەکات بۆ ئەوەی کە بریاری سەرکردە بۆ بەرگری کردن و هێرش بردن راستبێت توانایانە لە رەفتار کردنیاندا لەگەڵ دۆخ و ئەو هۆیانەی کە دەستدەکەون و بەرایەکی تیژوو وردبینی یەکی رووناك و بەرپرسیاریەکی پلەی بەرزێ گۆوارن کە لە حسابدا هەموو ئەو هۆ کاریگەرانەی لە چوارچێوەی پێکهاتووەیەکی ورد حساب کراوی تێدابێ و لەسەر بنەڕەتی ئەوەش بێ کە قازانج کەرو دۆراو لە شێوازو بەرەو ئامانجی رەواو راست رۆیشتوو کێیەو شوێن کەوتنی خواستی خەڵك و ئەو هێزانە نیە کە لە لێڵاودا مەلە دەکەن .. بەمجۆرە وەك هێرش سیفات و کەرەسەو ئامانجی خۆی بەگوێرەی خواستی کارەکە هەیە بەرگری کردنیش دۆخ و سیفات و کەرەسەو ئامانجی خۆی هەیە ئەگەر بە پێویست زانرا .

ئەگەر کارەکە بەم پێیە نەبێ سەنگی هێزی پێویست لەلایەن هێرش بەرەوە وەدەست نەدەهێنرا کە زۆر جار ۱/۳یە واتە هێزی هێرش بەر بە سەنگی ئاسایی باو سێ ئەوەندەی هێزی بەرگری کردنەو کاتێکیش سەرکردە هەندێ جار هەوڵ دەدەن کە هێزی هێرش بەریان کەمتربێ لە ژمارەی باو دەبێ بۆ ئەوە بچن کە کەم و کوریەك بەرامبەر ئەو حسابەی دەیکەن بەرامبەر بەبەرگری کردن وەك مەشق کردن و جۆری خاك و سروشتی شوینی بەرگری و ورەو .. هتد .. هەیە .

هێزەکانمان ورەیەکی بەرزیان هەیە

ئەگەر بە وردی لەم حوکمدانە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هێزە چەکدارەکانی عیراق خاوەنی ورەیەکی پلە بەرزو بارێکی گونجاون بۆ هێرش بردن و بەرگری کردن و دەرکەوت کە پلەی مەشقیش لئستە لە هەموو پێکهاتوویەکدا باشە تەنانەت پێکهاتووەکانی دوای جەنگیش و بێجگە لەمانەش کۆك کردن و چەکرێژبوونی جیاواز لەهەمووریزەکاندا هەیە ... بەلام ئەوەی کە پەیوەندی بە شوینەکانی بەرگریەوە هەیە ئیستاکەو پاش ئەوەش کەهێزەکانمان گەڕانەوە سنوور هەموو مەرجێکی بەرگری کردنی راست پەیداکراو ئەوکاتە گونجاوەشی بۆ هێنانە پێشێ کە بە هۆی خایاندنی شەرەوە هاتە پێشی کە ئەو نایابکاریانەی تێماندایە بیانخەینە شوینەکانی بەرگریەوە لەوانەش درووست کردنی بەست و تەگەرەلێدانی پێویست . کە دەتوانێ ماوەی تەواو بۆ تێکشکانی هێزی دوژمنی هێرش بەر بە گونجاندنی وردی خۆی لەگەڵ ئەو جەنگاوەرانەی لە سەنگەرەکانیاندان و بەهێزی هێرش بەری بەرامبەرو بەرهەڵستکاری سمین و نەخشەی ئاگر تەقاندنی پتەوی تۆپ بەینێتە پێشەوە . لەو جیاوازیانەشی کە تازەن و نیستە رێگەی بە تۆپ دراوەو کە دەبێ لە حسابی هێرش بەردا بێ ئەوەیە هێزی هێرش بەر ناتوانێ خۆی بەرگەی تۆپ بەرامبەر تەقاندن لەکەرتەکاندا لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی تر یاخود لە نیشانەیەکەوە بۆ نیشانەیەکی تر لە پلەی کێش کردندا بگرێ و تەنانەت هێرش بەر هەر وەك لەوە بەر نەیدەتوانی نەخشە فیڵاویەکانی بە پلەی کێش کردن راپەڕێنی تەنانەت ناشتوانی لە پلەی « رەفتار کردنیشا » خۆی راگیر بکات چونکە کە رەسەی ئیستخباراتی نوێ گەیشتۆتە سنوورێکی ئەوتۆی وردی و پێشکەوتن کە دەتوانی وەلامی وردترین پرسیار بداتەوە بەتایبەتی ئەگەر هاتو شارەزایی مەیدانی لەپلەی رەفتار کردن و پلەی کێش کردنی جەنگی درێژخایەندا لەگەڵدابێ .

ئەمەی کە پەنجەی بۆ رادەکێشین کارێکی کردووە کە رێبازو بەرەکانی و چونیەتی و بارستەی هێزی هێرش بەر پێشەکی بزانێ دیاری بە جۆرێك کە ماوەی تەواو بەتۆپەکان بدات کە بە پێی ئەوە رێك بخرێ و پلان و نەخشەی بەرگری خۆی بۆ تێکشکانی دوژمن لەو تەقەی بەرامبەرینەدا بە کەرتەکان بە پێی رووی هێرش و کانی دوور یاخود نزیك .

ئەمەش ئەگەر هۆی تر دەستنەکەوت پشت بەخوا لای ئێمە دەستدەکەوێ و ئەوەشی کە لە رژێمی ئێرانەوە دەیژانین ئەوەیە کە ناتوانێ هەموو کەرەسەیەکی هێرشی سەرکەوتووی هەر وەك باسمان کرد دەستبکەوێ و هەروەها لەبەر هۆی تر زانراوە کە لەبەر دەمماندا دەردەکەوێ چ لەیەك نەچونێك دەربارەی نەبوونی توانایان لە قسەی کاربەدەستە ئێرانیەکاندا هەیە دەربارەی نەتوانینیان بەوەی کە لە هەموولایەکەوە لە قەسری شیرینەوە تا شط العرب شەربکەن و کە وەك وتوویانەو بە پێی ئەمەش قسەکانیان هیچ و پووچ دەردەچێ و مەبەستەکانیشیان بۆ قول سمین بە درێژایی بەرەیەك کە لە سی کیلومەتر زیاترە سەرناگرێ و ئەمەش دوای ئەوەی لە هەموو تەقەللایەکیاندا بۆ سمینی بەرە لە شوێنی هەڵبژاردەوەو بەدێژای لەسی کیلۆمەتریك زیاتر نا کە سەرنەکەوتن و نەیانتوانی هەر وەك لە تەقەللاکانی رۆژهەڵاتی بصرەیان و رۆژهەڵاتی میسان و رۆژهەڵاتی مەندەلی دەرکەوت ئەوەی هەموو توانای لەوێدا لەگەڵ تەقەی بەرامبەرێن بە کەرتە سوپایەکان و متطوع و پاسەوانەکانی خومەینی و تۆپەوە لەو رۆژانەدا مۆڵداو نەیتوانی بەشێکی کەم وەدی بهێنێ کە لەکەڵ خواستیاندابوو باشترین شت و ساکارترین شتی ئاشکراش هەروا ناتوانێ بەهیچ جۆرێ بە خەریك کردنی هەموو بەرەکە وەدی بهێنێ .

ئاشکراکردنی نەتوانین

ئەم قسانەی کاربەدەستانی ئێران هیچ زەمینەیەکی زانیاری و کردەوەیی راستیان نیەو ئاشکرا کردنی بێ دەسەڵاتی نەبێ بەشێوەیەکی نایەکسەر کە پشت بە بۆچوونێکی هیچ و پوچ دەبەستن گوایە گەلەکانیان ناتوانن ئەم راستیانە دەربخەن و درۆ لەگەڵ گەلەکانیان دەکەن و ئەم بۆچوونەش جۆرێکی ترە لەواهمە چونکە گەلانی ئێران و سوپای ئێران ئەم راستیانە دەزانن و هەستی پێدەکەن ئەوەی لەم قسەکردنانە لە خشتەبردنی تێدابێ ئەوەیە هێنانی پەردەیەکە بەسەر خایاندی شەردا وا دەدرێ کە دەستەوداایەرەکەی خومەینی بتوانن سەخشەکانیان بەدی بهێن و لەمانەش بەسەن بەو زۆرانبازیەی کە لەسەر شەرو پاشەرۆژی دەسەلات پێش و دوای مردنی خومەینی یەوەیە و رەنگە ئەم قسانەش بچێتە سەر حسابی قسەی تەلەکەبازی بەلام ئەم تارە تەواوە هەرجۆرێك بێت لای ئێمە دیارەو بەچاوپۆشینیش لە قسەکردن و مەبەست ئەو هێزەی دەیەوێ قولایی زەوی یەکێکی تر ببڕێ دەبێ پێویستی تەواوی تەواو پەیدابکات و لەمانەش پەیداکردنی بەسەرکەوتوویی بۆ قازانجی ئەو هێزەی ئەوەی پێ سپێردراوە پەیدا بکات و لە نەخشەی ئاگری تۆپێشدا لەوەش ئەوەی پێویستی بەتەرخان کردنی لەسەنگاندنی تەقلیدی بەرزتر هەندێ جار بۆ پێویستی بۆردوومانی بەرامبەردا هەیە پەیدا کات . بڕینی قول دەبێ بە پلەی یەکەم بە تۆپو بە هێزی ئالی بێت نەك بە هێزەکانی پیادە کە مەشقیان خراپە هەر وەك حوکمراکانی ئێران کردیان لەوکارە دەستدرێژی یەیاندا بۆسەر خانی عیراق جا ئەگەر باری سەرکەوتن لە دانیشتواندا بارێکی تەواو بێ بۆ هێرش بردنی بەرفراوانی ئەو دەولەتانەی دانیشتوانیان چڕە بە ئارەزووی خۆی و چۆنی بۆ دەلوا بەرفراوان دەبرو ئەمە بە چاوپۆشی لە بیروباوەری کاربەدەستەکانی .. بەرێزان کاربەدەستەکانی ئێوە هەموو حسابانێکی زانیاری و تەکنەلۆژی و هەموو بناغەیەکی پێشکەوتنی نوێی تەکنەلۆژی شارستانی و سوپاییان پشتگوێ خست و رێگەی بەرگری کاریان ئاسان کرد کە ببێتە تەگەرە لە رێی هێرش بەرو رووخاندنی شەپۆلەکانیداو ئەوەشی کە پەیوەندی بە عیراقەوە هەیەو لەبەر ئەوەشی کە شەر دەخایەنێ هەڵوێستی بەرگری کردنی حەساوە یان کەمێ خۆگرتووی سەرستوور یاسایەنی چەسپاو یاخود دۆخێکی کۆتایی نیە لە حسابەکانی کێش کردن یان ئامادەکردنداو بگرە هەڵوێستێکە حسابە لەسەر بنچینەیەك خواستی دۆخ و لەوانەش رێزگرتنی رای گشتی و تەقەللادانی بۆ لادان بنەلای دەرخستنی دەستدرێژی کاردا . لەبەر ئەوە هەچ گۆرانێك کە تازەبێ کە حسابەکان و کاری تازە بیسەپێنن بەتایبەتی کە شەر وا بخایەنێ و لە کاتێکدا کە هێزی هێرش بەر بگاتە دۆخی بێ هێزی و بارگرانی . دەڵێین لەوەداشتێك نیە کە نەیەڵێ عیراقیەکان بۆ ئەوەی دۆخی هێرشی هەڵبژێرراو وەربگرن و بە پێی ئەم حسابانەش و بە پێی وەلامدانەوەی پرسیار و ئەومەبەستانەی دەکرێن و دێنە پێشەوە ئەی گەلانی ئێران و سوپای ئێران ئەو ژیانە بێ شومارەتان بۆ دەردەکەوێ کە زانیاری و چونیەتی و ئادەمیزادی و دارایی هاتۆتە کایەوەو بەسەر ئێراندا دێ و تووشی چارەنووسی ئێران دێ ئەگەر بێت و ئاوا جلەوی دوورەوپەرێزی بۆ کاربەدەستەکانتان شل بکەن کە وا لەم شەرە مەترسیدارە درێژە پێبدەن . کاربەدەستەکانتان هەڵی بەنرخیان لە دەست ئێراندا لەو رۆژەدا کە ئێمە لە ۲۸-۹-۱۹۸۰دا داوای ئاشتیمان کردو داوای ئاسایش و وەستانی شەرمان لای خۆمانەوە کردو بە پیر پێشنیارەکەی سەرەك کۆماری پاکستانەوە رۆژی ۲۹-۹-۱۹۸۰ چوین و هیوامان وایە تەفەلا بدەن و کاربەدەستانتان تەنگاوبکەن بۆ ئەوەی لە ئێوەو لە مرۆڤایەتی هەڵی ئاسایشی شەرەفمەندانە لەدەست نەچێ کە ئیستا لایەنێکی زۆری ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆنگرەی موسوڵمانان و بزوتنەوەی بێلایەن و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە خێرخوازەکان لێرەو لەوێ تەقەلای بۆ دەدەن .

بۆچاکە خوازو خێرخوازانتان داوای سەرکەوتن دەکەین و سەرکەوتنیش هەر لای خوداوەیە .

صدام حسین

۱۹۸۳-۳-٤

Institut kurde de Paris

لەبیرەوەری چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا

هامۆستا هاشم حسن

گەلی کورد دیوارێکی پۆلایینی پاراستنی عیراقە

لە بیرەوەری نۆیەم ساڵەی ڕاپەڕاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا ، هامۆستا هاشم حسن سکرتێری کۆمیتەی ناوندی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی ، لە دوانێکدا بۆ هاوکاری بەم جۆرە ئەم تاقی کردنەوە مەزنەی هەڵسەنگاندا •

● مەسەلەی کورد کە مەسەلەیەکی نیشتمانی بوو لە عیراقداو یەکێک بوو لەو خاڵانەی کە ببووە هۆی دواخستنی عیراق ، ئێمە لێرەدا نامانەوێ بگەڕێینەوە سەری و باسی لێوەبکەین ، چونکە خۆی لەخۆیدا مەسەلەیەکەو زۆری لەسەر ووتراوە •

بەڵێ وەکو ئاشکرایە کە ڕژێمەکانی پێش شۆڕشی ١٧و٣٠ی تەموز هیچیان وەدەست نەهێناو هیچیان مەبەست نەبوو کە بۆ گەلی کوردی بکەن ، ئەمیش بۆئەوەی عیراق وەکو چاران بەدواکەوتویی بمێنێتەوەو پێشکەوتن بەخۆیەوە نەبینێت •

وەکو ئاشکرایە کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لە ساڵی ١٩٦٨دا هاتە سەر حوکم یەکسەر بیری لەو مەسەلە گرنگە کردەوەو لە مەیانی شارەزایی و تێکۆشانی خۆی لە ساڵانی ڕابووردویدا باش دەیزانی کە چۆن بۆ مەسەلەکە بچێتو بە چ جۆرێك هەولی جێبەجێکردنی بۆ بدات ئەویش لەو تاقی کردنەوانەوە بۆی دەرکەوت کە لە ساڵانی ڕابووردویدا بۆی دەرکەوتبوو ، یەکێك لەوانە تاقی کردنەوەی دوای شوباتی ١٩٦٣ بوو ، لەم ڕۆشنایی یەوە کە ساڵی ١٩٦٨ هاتە سەر حوکم دەرکی بەوەکرد کە گەلی کورد لە عیراقدا مافی نەتەوایەتی تایبەتی هەیەو دەبێ چێژی لێوەرگرێ و بەو هیوابەشەوە بتوانێ خزمەتی ناوچەی خۆی بە تایبەتی و هەموو عیراق بە گشتی بکات ، چونکە کەمتەرخەمی بەرانبەر بەشێك لە میللەت کەمتەرخەمی یە لە هەمووی و لە پێشخستنی ڕەوڕەوەی وولات بەرەو ژیانی شادی و کامەرانی •

وەکو ئاشکرایە زۆر هەوڵدرا لەگەڵ قیادەی جوولانەوەکەی مەلا مستەفادا کە زۆر دوورنەبوون لە ڕەوتی نیشتمانیەوە بۆ ڕێککەوتن و دانان بە مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردا ، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٠دا بەیانی ١١ی ئازاری بیرۆز دەرچوو کە خوواستو ئامانجەکانی گەلی کوردی دیاری کردو بۆ ماوەی چوار ساڵ حوارو یارمەتی دان لە لایەن حزب و شۆڕشەوە بەردەوام بوو بۆ پتەوکردن و جێبەجێکردنی بەندەکانی یاساکەو لە ساڵی ١٩٧٤دا ، بەتەواوەتی دانرا بەوەی کە هەموو بەندەکانی یاساکە جێبەجێ دەکرێ و دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دادەمەزرێ ، بەڵام سەرکردایەتی بزووتنەوە گومان لێکراوەکە کە داردەستەی دەستی ئێران و زایۆنیزم و ئیستعمار بوو ، بەو بڕیارو یاسایانە ڕازی نەبوو ، دیسانەوە هەڵیان کوتایەوە شاخ و شەڕێکی گەورەی دی بەرپابووەوە لە نێوان بەکرێگیراوان و حکومەتی شۆڕشی ١٧و٣٠ی تەموزدا کە ئەنجامەکەی زیانێکی گەورەی مادی و ڕوحی بوو لە عیراق ، بەڵام گەلی کورد لەو ڕۆژەوە بەتەواوی دۆست و دوژمنی خۆی ناسیوەو ئێستا بە قەناعەتەوە لەژێر ئاڵای سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستداو شان بەشانی براکانی تری هەولی بەرەو پێشکەوتنی وولات دەدات بەسەرکردایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین •

هەر لەو ڕۆژەشەوە سەرکردایەتی بڕیاری ئەوەی داوە کە بەهەموو شێوەیەك هەول بدات بۆ بەرەو پێشکەوتن و هێنانەدی هەموو مافەکانی گەلی کورد بەراستەو خۆ بۆ هەموو گەلی کورد نەك بۆ کۆمەڵێکی دیاری کراو •

بەڵێ ئێستا پاش دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی ئاشکرایە ناوچەکە کەوتۆتە وەزعێکی ئاسایی و هەموو دام و دەزگاکانیش هەوڵدەدەن بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردو حکومەتی نیشتمانی کەوتە تەعمیرکردنی ناوچەی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە کە لە پێشدا بێ بەش بوون لە نازورازو خۆشی و شادی ئەویش وەکو ووتمان بەهۆی دوژمنانەوە کە لە پێشدا هەبوون و بێگومان ئێستاش هەر هەن و پیلان لە دژی عیراق دەگێڕن ، بەڵام گەلی کوردیش ئێستا دیوارێکی پۆلایینە بۆ پاراستنی شۆڕش و دەسکەوتەکانی و شان بەشانی براکانی تری لە عیراقدا هەمیشە هەوڵدەدات بەسەرکردایەتی هەڤاڵی خۆشەویست صدام حسین ، چونکە میللەتی کورد وەکو ووتمان بۆی دەرکەوت کە ئەم قیادە مێژوویی یە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵدەدات بۆی •

بۆیە زۆر بە ئاشکرا دەوری میللەتی کورد لە قادسیەی صدامدا دەبینرێ و بەوپەڕی شانازییەوە دەڵێین کە کورد دەورێکی بەرزی هەیە لەم شەڕەداو دژی دەستدرێژکەران و ڕژێمی خومەینی پەپەڵ • بۆ نموونە بەپێی سەرژمێریاری نزیکەی ٥٠ هەزار جەنگاوەری کورد بەشداریان کردووەو چەکیان هەڵگرتووە بۆ پارێزگاری کردنی وولاتەکەیان و پارێزگاری کردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧و٣٠ تەموز ، چونکە سوور دەزانن پارێزگاری کردن لە شۆڕش پارێزگاری کردنە لە ئۆتۆنۆمی •

بۆ پەرەپێدانی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانیش بۆچوونی ئێمە ئەوەیە بەدڵنیاییەوە دەڵێین دوژمنانی عیراق سەر شۆڕ دەبن و میللەتی عیراق مەردانە سەردەکەوێ ئەویش بەهۆی ئەو نەخشە بۆدانراوە ووردانەوە کە شۆڕش و سەرکردایەتیە بەهێزەکەی دایدەنێ • پێویستی سەرشانی گەلی کوردیش ئێستا ، وەکو خۆشی باش دەیزانێ ئەوەیە کە پارێزگاری لە عیراق بکات و پارێزگاری لە شۆڕشی ١٧ی تەموزی نەمر بکات ، چونکە ئامانج و مصیری گەلی کورد بەستراوە بە ئامانج و مصیری حزب و شۆڕشەوە ، هەروەها پێویستە لەسەر گەلی کورد کە سوود لەم تاقی کردنەوە گەورەیە وەربگرێ کە یەکەم جارە لە مێژووی خۆیدا شتی وا بەخۆیەوە ببینێت وەکو گەلێك دان بە مافیا بنرێت و لە ژیانی خۆشی و پڕ کامەرانیدا بژی ••

لە کۆتاییدا داوا دەکەین لە یەزدانی مەزن کە سەرمانخات بەسەر ڕژێمە فاپاکەکەی خومەینیداو بێگومان ئێمە کە لایەنی ڕاستین خواش هەر لەگەڵ ڕاستیدایە •

هامۆستا عبدالله اسماعیل



ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دەستکەوتێکی گەورەی شۆڕشە

بە بۆنەی نۆیەم بیرەوەری دەرچوونو چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان چاومان بە بەڕێز وەزیری دەوڵەت هامۆستا عبدالله اسماعیل ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کەوتو لەو بارەیەوە وتی :

ئۆتۆنۆمی وەکو یاسای جێبەجێکردنی بەندەکانی بۆ میللەتی کورد زۆر گرنگەو دەستکەوتێکی یەکجار گەورەیەو لە قۆناغی ئێستاشدا دەتوانم بڵێم ئامانجە چونکە بەپێی ناکەم کە کوردێك هەبێ بە مەرجێ دڵسۆزی عێراق و میللەتەکەی بێت لە یاسای ئۆتۆنۆمی شتێکی کەی بە خەیاڵدا بێتو ئەگەر هەشیبێ ئەوە سەبارەت بە میللەتی کورد زیان بەخشە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێستا لەم یاسا مێژووییەدا کەمو کورتی یەك هەبێ ئەوە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە هەموو تاقی کردنەوەیەکی نوێ لە سەرەتایدا کەمو کورت دەبێو پاشان وردەوردە چارەسەری دەکرێو هەروەها پێویستیشە ئەوەش بڵێین کە ئەم کەمو کورتیانە لە ئەنجامی جێبەجێکردنو چەسپاندنی بەندەکانی یاسایەوە هاتونە ئایەوە نەك لە دەقی یاساکەدا هەبن بۆیە دەبینین زوربەی ئەو کەلێنانەی کە تیا ڕەچاو کراون چارەسەرکراون و ئەوانەشی کە هێشتا ماونەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانی ئەو کەسەو یان ئەو لایەنەی کە ئیشەکە بەڕێوەدەبات ئەو لایەنانەش هەموویان تواناو لێهاتنیان وەکو یەك نییە بۆیە دەبینین لە هەندیکیانا زووتر دەگەنە ئەنجامێکی دروست کەواتە یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لە عێراقدا یەکێکە لەو دەستکەوتە مەرنانە گەلی کوردو ئەگەر لە وڵاتێکی وەك ئێراندا لە نیوەی ئەمە کەمتر چنگ میللەتی کورد بکەوێت ئەوە بارودۆخی ئێستای ناو ئێران بەرەو ئاستوێکی تردەبات بەڵام لای ڕژێمی ئێران دانان بە مافی ڕەوای کورددا وەکو نێك شکاندنیان وایە لەبەرەبانی جەنگدا بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەشەوە گرنگیتی ئەم یاسایەمان لە عێراقدا بۆ گەلی کورد دەردەکەوێ و ئەم کەمو کورتیانەشی کە بەسەرمان کردنەوە چارەسەر - کردنیان بەندە بەدڵسۆزی یەوە لەهەنداوی بەرەو چارەسەرکردنیان و ئەمەش کەوتوەتە سەر شانی هەموو لایەنەکانی کە ئیشەکە بەڕێوەدەبات ئەو لایەنانەش هەموویان دیسانەوە پەیوەندی بە هەموو لایە دڵسۆزەکانی میللەتی کوردەوە هەیە کە پێویستە ئەگەر لە ڕوانگەی دڵسۆزیانەوە بۆ عێراق و بۆ میللەتی کورد هەندێ لەو کەمو کورتیانە ڕەچاو کردنیان دا پێشنیازو باری سەرنجی خۆیان بۆ دەست نیشان بکەن بەو لایەنەدا کە کاروانی سەرفرازی عیراق بەهێزتر دەکا چونکە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لە عێراقدا بە نایبەتی سەرەکی فەرمانده صدام حسین بڕوایەکی کوزەیان بەم لایەنە هەیە •••

دواجار لەگەڵ بیرەوەری ئەم یاسا پیرۆزەدا هیوادارم کە جەژنەکانی ئازارو نەورۆزی ئەمسالمان لە ساڵەکانی پێشوەمان گەلێك خۆشتر بێت بێگومان ئەمەش لە لایەن سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە بەنایبەتی سەرەکی تێکۆشەر هەڤاڵ صدام حسین مەبەستێکی سەرەکیەو هیوادارین ئەم دوو جەژنە بۆ تێکڕای گەلی عێراق ئەوپەڕی سەربەرزی و سەرکەوتنی نوێ بە نیشتمانی عێراق ببەخشێتەوە •

لە یادی جەژنەکانی ئادار و نەورۆزدا

کارتی پیرۆزبایی .. بۆ ئەم یادە

● **لەنووسینگەی هەولێر نەجات و ناظم :**

● جەژنەکانی ئازارو نەورۆز شوێنەوارێکی شیرین و پیرۆزی لە دڵو دەروونی هەموو خەڵکی ئەم وولاتە کردۆتەوە • • • ئەمڕۆش لە گەڕی سەرکەوتنەکانمان یادی ئەم ڕۆژە مەزنە دەکەینەوەو جارێکی تریش دووپاتی زال بوونمان دەکەینەوە بەسەر ڕژێمی تێرانی کۆنەپەرست • •• دەستنیشانی ئەو چەند ساڵە دەکەین لە ڕۆژمێری یاسای ئۆتۆنۆمی و بەیاننامەی یانزەی ئازار لە هەمووی بە نێش خستن و ناوەدانی و سەرفرازی یەوە هەنگاوی بڕیوە •• لە وولاتی عیراقیش هەموو ڕۆژێت جەنگاوەرە ئازاکمان بەورورێت وەدەستدەهێنن و بە دەیان زوحاکی تێراکی لە ناو دەبەن ••• بۆ یادی ئەورۆزو ئازار چەپکە تیرێکی پیرۆزبایی بۆ گەڵوو بۆ کوردو بۆ سەرکردە • • لە قوڵایی دڵمانەوە بەشداری لەو دەستکەوتو سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنە مەزنانە دەکەین و پیرۆزبایی یەکی هەمیشە نەبڕاوە ئاراستەی گەلی کوردمان لە کوردستاندا دەکەین و ڕێزو شانازی و وەفاداری بۆ سەرەکی فەرمانده هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین دووپات دەکەینەوە کە هەردەم لە ڕێگای سەرفرازی ئەم وولاتە سەربازی بە وەفا بین بۆ ئەوەی ئەرکی نیشتمان پەروەرێتی خۆمان جێبەجێ بکەین و ببین بەو مرۆڤە عیراقییەی کە پارێزگاری لە ئۆتۆنۆمی کوردستانی هەموو دەسکەوتەکان بکەین و بەرپەچی ڕژێمی دیکتاتوریەتی خومەینی بدەنەوە •••

لەم یادە پیرۆزەدا پیرۆزبایی سەرکەوتن لە جەنگاوەرە ئازاکانمان دەکەین لە کەرتی (میسان) کە توانیویەتی بۆکی سەرکەوتن بە هەموو جوانێکەوە بپارێزێ و لە سەنگەری مان و نەماندا دژی بەکرێگیراوانی ئێرانی ، خوێنی تالی خۆی بڕێژێ بۆ گەڵ••• بۆ عیراق ••••

جا لە یادی (٩) ساڵەی جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان دەبێت باوەڕی ڕاستی دووپات بکەینەوە کە ئێمەی گەلی کورد بۆ ڕای عەرەبین و خۆشەویستیمان بۆ ئەو دەسکەوتەو بۆ ئەو خاکە نابڕێتەوە •• •• خوێنی شەهیدانی قادسیەی صدامیش بوو بە مێژوو لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو عیراقیەکو دەبێت شانازی پێوە بکەین •••

سڵاوو شانازی بۆ سەرکردەی گەل هەڤاڵ صدام حسین •••

گەشاوە بێت دەسکەوتەکانی شۆڕش •

هیدایت محمد عبدالرحمن
ئەمینداری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە ناوچەی کوردستاندا •••

ئادار مانگی ڕەحمەتو ئاسایشەو داکەوتنە

ئادار مانگی پاڵەوان سەرۆکی خەباتگێڕ ئاسایشخواز لە کوردستانی عیراقدا صدام حسینە

ئادار بڕیارێکە بۆ ئۆتونومی لە ناوچەی کوردستاندا

ئادار یەکیەتی یە بۆ پۆلەکان و خۆشەویستی یەو برایەتی یە بۆ هەموو عیراقیەکان •

ئادار سەرەتای بەهارو سەر هەڵدانی گوڵو گوڵزارەو کۆتایی بە بەسەرماوسوڵە •

ئادار بوکی وەرزەکانەو لە دایکبوونی نەورۆزە دەبێ ئەوە دەست نیشان بکەین کە خەباتی ناوکۆیی هەردوو گەلی کوردو عەرەب لە عیراقدا توانای ئەوەی هەیە کە دەسکەوتی زیاتر وەدەست بهێنێ و بەرهەمی زیاتر بدات بە دەستەوەو بۆ مێژوو بیسەلمێنێ کە عیراق وولاتی سەربەرزی و سەرکەوتنە ، کە لە سێ ساڵی جەنگدا دژی ڕژێمی عەمامە بەسەرەکانی ئێران ئیسپاتی ئەو ڕاستیەمان کرد • •• • دەبێ گەلی کورد ئەوە بزانێ ئۆتۆنۆمی هەنداوێکی مەزن بوو لە کوردستانداو جا پێویستە خوێنی بۆ بڕێژین لە پێناوی پاراستنی ••• کە ئاکری ئەورۆزی ئەمسال هەڵدەگیرسێنین ، ئاگر لە دەرونی ڕژێمی ئێرانی بەردەدەین و پێیان دەڵێین••• ئەوە جەژنی (کاوە)ی کوردە دژی ئێوەش (زوحاك)ن دەبێ لە ناوبچن ••• جەنگاوەرە ئازاکانمان لە داستانی (شیب) ڕووی مێژوویان سپی کرد ••• شەڕیان کرد دژی ڕژێمی خومەینی بەکرێگیراو ، تا بۆ گەلی عیراقو بۆ صدام حسین هەموو ڕۆژێك نەورۆزێك بنیات بنێن و سوێند بە گیانی شەهید بخۆن کە وولاتی عیراق •• نابێ بێگانە حوکمرانی بکات •••

پیرۆزبایی چینی کرێکارانی پارێزگای هەولێر بۆ هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین لەم بیرەوەریە پیرۆزەدا •••

سڵاو لە خوێنی ئاڵی شەهیدانی ڕێی ڕزگاریخوازی عیراق •••

چەپکە گوڵ بۆ جەنگاوەرە ئازاکانمان لە بەرەکانی جەنگدا ••••

کەمال صابر کاوانی
سەرەکی یەکێتی ئەقابەکانی کرێکاران لە هەولێر

ئامانجە چونکە بەپێی ناکەم کە کوردێك هەبێ بە مەرجێ دڵسۆزی عێراق و میللەتەکەی بێت لە یاسای ئۆتۆنۆمی شتێکی کەی بە خەیاڵدا بێتو ئەگەر هەشیبێ ئەوە سەبارەت بە میللەتی کورد زیان بەخشە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێستا لەم یاسا مێژوویی یەدا کەمو کورتی یەك هەبێ ئەوە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە هەموو تاقی کردنەوەیەکی نوێ لە سەرەتایدا کەمو کورت دەبێو پاشان وردەوردە چارەسەری دەکرێو هەروەها پێویستیشە ئەوەش بڵێین کە ئەم کەمو کورتیانە لە ئەنجامی جێبەجێکردنو چەسپاندنی بەندەکانی یاسایەوە هاتونە ئایەوە نەك لە دەقی یاساکەدا هەبن بۆیە دەبینین زوربەی ئەو کەلێنانەی کە تیا ڕەچاو کراون چارەسەرکراون و ئەوانەشی کە هێشتا ماونەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانی ئەو کەسەو یان ئەو لایەنەی کە ئیشەکە بەڕێوەدەبات ئەو لایەنانەش هەموویان توانا و لێهاتنیان وەکو یەك نییە بۆیە دەبینین لە هەندیکیانا زووتر دەگەنە ئەنجامێکی دروست کەواتە یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لە عێراقدا یەکێکە لەو دەستکەوتە مەرنانە گەلی کوردو ئەگەر لە وڵاتێکی وەك ئێراندا لە نیوەی ئەمە کەمتر چنگ میللەتی کورد بکەوێت ئەوە بارودۆخی ئێستای ناو ئێران بەرەو ئاستوێکی تردەبات بەڵام لای ڕژێمی ئێران دانان بە مافی ڕەوای کورددا وەکو نێك شکاندنیان وایە لەبەرەبانی جەنگدا بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەشەوە گرنگیتی ئەم یاسایەمان لە عێراقدا بۆ گەلی کورد دەردەکەوێ و ئەم کەمو کورتیانەشی کە بەسەرمان کردنەوە چارەسەر - کردنیان بەندە بەدڵسۆزی یەوە لەهەنداوی بەرەو چارەسەرکردنیان و ئەمەش کەوتوەتە سەر شانی هەموویان و دیسانەوە پەیوەندی بە هەموو لایە دڵسۆزەکانی میللەتی کوردەوە هەیە کە پێویستە ئەگەر لە ڕوانگەی دڵسۆزیانەوە بۆ عێراق و بۆ میللەتی کورد هەندێ لەو کەمو کورتیانە ڕەچاو کردنیان دا دەکەن لەگەڵ ڕەچاوکردنیاندا پێشنیازو باری سەرنجی خۆیان بۆ دەست نیشان بکەن بەو لایەنەدا کە کاروانی سەرفرازی عیراق بەهێزتر دەکا چونکە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لە عێراقدا بە نایبەتی سەرەکی فەرمانده صدام حسین بڕوایەکی کوزەیان بەم لایەنە هەیە •••

دواجار لەگەڵ بیرەوەری ئەم یاسا پیرۆزەدا هیوادارم کە جەژنەکانی ئازارو نەورۆزی ئەمسالمان لە ساڵەکانی پێشوەمان گەلێك خۆشتر بێت بێگومان ئەمەش لە لایەن سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە بەنایبەتی سەرەکی تێکۆشەر هەڤاڵ صدام حسین مەبەستێکی سەرەکیەو هیوادارین ئەم دوو جەژنە بۆ تێکڕای گەلی عێراق ئەوپەڕی سەربەرزی و سەرکەوتنی نوێ بە نیشتمانی عێراق ببەخشێتەوە •

Institut Kurde de Paris

مامۆستا بکر محمود رسول :

بەوریایی جەماوەر دەتوانین یەکێتی نیشتمانی و دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕش بپارێزین

لە یادی نۆ ساڵەی جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا

بەبۆنەی بیرەوەری نۆیەم ساڵەی دەرچوونوجێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانەوە ، ئەوەدەستکەوتە مەزنەی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی پیرۆز بەخشی بە گەلی کوردمان ،داوامان لە مامۆستا بکر محمود رسول وەزیری تارو کاروباری کۆمەلایەتی ئەندامی لیژنەی بالای بەرەی نیشتمانی کرد باری سەرنجی خۆیمان دەربارەی ئەم تاقیکردنەوە مەزنە دەربڕێ . لە وەلامداووتی :

● هەموو ئەو گەلانەی کە لە چارەنوسی خۆیان گەیشوون بۆ ئەوەی بگەن بە مافی نەتەوایەتی خۆیان تاقیکردنەوەی ئۆتۆنومی گەلێ شێوەی وەرگرتوە ئەو گەلە بچکولانەی لە ژێر سێبەری وەلاتاتدا دەژین هەموو ئاواتیان ئەوەبە کە بەمافە ڕەواکانی خۆیان شاد ببنەوە بە ژیانی فۆلکلورو ئەدەبو وئابوری و کۆمەلایەتی .

لە کاروانی گەلاندا دەبینین چەوسانەوەو تەنگو چەلەمە زۆر دێتە ڕێگای گەلانی دواکەوتو بەلام لە هەمان کاتدا ئەم گەلانە تێدەکۆشن و خەبات دەکەن بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانج و خواستەکانیان ، کوردیش هەر وەك گەلانی سەر ڕوی جیهان مافی خۆی هەیەو شۆڕشی کردوە بۆ ئەوەی لە زۆرداری و چەوسانەوە رزگاری ببێ و بونی خۆی بپارێزێ و ژیانی خۆی گەشە پێبدات، لە عیراقی خۆشەویستدا بە هۆی ئەو هەلانە کە هات بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تموز گەیشتە ڕادەیەك کە ئەتوانین بڵین گەلێ لەو تێکۆشانی رابوردوە بە فیرۆ نەچوە ، پێش بەیانی ئادار هەنگاوێکی گەورە نرا بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە لە ناوچەی کوردستاندا ، دوا بە دوای ئەوە بەیانی ١١ ئادار دەرچوو جێی رەزامەنی گەلی کورد بوو .

لە ئاداری ٧٤دا بەپێی یاسای عیراقی دان ئرابە ئۆتونومیدا لە کوردستانی عیراقداو یاسای هەردوو ئەنجومەنی یاسای داناوو ڕایەڕاندن هاتنە کایەوەو دامو دەزگاکانیان کەوتنە ئیشەوەو ئەرکی قورسی ناوچەکەیان خستە سەرشانی خۆیان بێگومان ئەوە هەنگاوێکی پیرۆزە لە ژیانی نەتەوەی کوردماناو حزبی بەعسی سوشیالست توانی ئەم هەنگاوە بنێو ئەو گیروگرفتانەی کە لە سەرەوەی وولات بوو چارەسەریان بکات لە ژێر تیشکی ڕۆشنی بیرو باوەری ئەم حیزبە خۆشەویستە .

ـ بێگومان هەر تاقیکردنەوەیەك نۆی بێت و لە زروفی تایبەتیدا بێ توشی هەندی گیروگرفت دێ و هەموو ئەو خوازستانە کە هەیە بە یەك جار جێبەجێ نابێ .

بێگومان دوژمنانی گەلی کورد حەز ناکەن کە تەنگو چەلەمە لە کوردستاندا کۆتایی بێ و هەمیشە چاویان بریوەتە ئەوە کە گیروگرفت بخەنە بەر ئەو هەنگاوانەی کە شۆڕش ناوبەتی . بەلام بە وریایی جەماوەر ئەتوانین بەرپای ئەو کردەوە راوەستین کە دەبێتە هۆی دواخستنی ناوچەکە .

ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی رابردوو کراوە خوینەوار باش پێی دەزانێ چونکە زۆر جار دوپات کراوەتەوە .

سەرکردایەتی شۆڕش زۆر بە گرنگی سەیری ناوچە دەکات و بەشی ناوچەکە بۆ ئەوەی پێش بکەوێ بەشێکی تایبەتی بووە بەڕای من ئەوەی لە خۆی نەگۆڕی دەتوانێ بەراووردی بکات لەگەل بەشەکانی کوردستاندا .

کورد لە ناوچەی کوردستانی عیراقدا لەگەل عەرەب هەمیشە پشتیوانی یەکتر بوون لە خیرو خۆشی بەشداربوون و بەتایبەتی لەژێر ئالای شۆڕشی ١٧ تموزداو دوا ووتەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین ئەو ووتانە دەخاتە یەرچاوی جەماوەری گەلەکەمان و سەرەك دەری خست بوونی نەتەوەی کوردو نەتەوە بچوکەکانی تر لە عیراقدا دەبنە هۆی ئەوەو کە عیراق ڕەنگێکی جوان و تایبەتی جیاوازی بێ لە گەلانی تر .

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم بیرە رونە خاوێنە بکەین دەبینین تا چ ڕادەیەك کورد لە عیراقدا بەلەو شوێنی تایبەتی هەیەو بە چ چاوێکی گرنگ سەیری نەتەوەی کورددەکرێ بە پێچەوانەی ئەوەی لە کوردستانی ئیران لەژێر ستەمی ژێرسایەی خومەینیدا باری کورد لەو پەڕی ناخۆشی دایەو بەردەوامە لەخەلك دەربەدەرکردن و وێران کردنی شارەکانی کوردستانی ئیران سەرەڕای زوڵم و چەوسانەوە دان بە هیچ مافێکی روای کوردا نەتراوەو تا ئەو ڕژێمەش لەسەر بار بێ کوردی ئیران ناوەسێتەوەو نەفەسی ئازادی ناداو لەوەش زیاتر کوردستانی عیراق بووتە قەلایەکی گەورە بۆ بشتیوانی ئەو کوردانەی کە پەناپان هێناوە بۆ عیراق .

خومەینی نەك هەر دوژمنی کوردو گەلانی تری ئێرانە بەڵکو چاوی لەوەیە کە دەست درێژی بکاتە سەر ئەو وولاتانەی دەورو پشتی بەتایبەتی عیراقی خۆشەویست . بەلام بێگومان سوپای مەزنی عیراق توانیویەتی بەربەستی لە هێرشی دوژمنان بکات و لە مانگی رابردوودا توانیویەتی دەرسێك بدات بە سوپای خومەینی کە هەرگیز لە بیری نەچێنەوە .

هیچ گومانی تیدا نیە کەجەماوەری عیراق بە کوردو عەرەبەوە ئەتوانن دەست درێژ کەران تێك بشکێنن و سنوری عیراق بپارێزن و ڕۆڵە ئازاکانی گەلی کورد کە نیشانەی پاڵەوانیەتیان وەرگرت بەڵێن بوو بۆ ئەو شتانەی کە ووتمان .

Institut Kurde de Paris

سەردەمی بوژاندنەوە

زنجیرەی مێژووی

د . کاك مظهر احمد

فراد مجید میسری تردویەنی بەتوردی

بەر لەوەی بچینە سەر باسی پێشەوایانی دیکەی بووژاندنەوە ، پێویستە دەست بۆ ئەوەیش رابکێشین کە زۆر بەڵگەی مەنتیقی هەن دەی سەلمێنن ، بیروڕای بە بنچینە عەرەبی و بە دارشتن و مشتومال کراو ئیسلامی(٩) لەوانەی لە کتێبی ـ رسالة الغفران ـی « ئەبولعەلای موعەڕی » و ـ الفتوحات المكية ـ ی « ئیبن عەرەبی »دا ، باسکراون کاریان لە « دانتێ » کردووەو لە کۆمیدیاکەیدا بەکاری هێناون .

مێژووو وسیکی وەك « ئاسن بلاسیۆس » روونی دەکاتەوە کە چەند سەدەیەك بەرلەوەی « دانتێ » لە دایك ببێ ئەو باسانەی پەیوەندیان بە شەورەویی « الاسراء »و چوون بۆ ئاسمان « المعراج »ەوە هەیە خراونەتە سەر زمانە ئەوروپاییەکان . کابرایەکی سەر بە کڵێسەیش لە سەردەمی « دانتێ »دا کتێبێکی داناوە تێیدا باسی ژیانی موحەممەدو وەسفی چوونی بۆ ئاسمان و پردی سیراتی کردووەو بەزوویی لە ئەوروپادا بڵاو بووەتەوە . ئەمە جگە لەوەی کە « دانتێ » لە بەردەستی زانایەکی « فلۆرەنسا »یدا پەروەردە بووەو شارەزایی یەکی باشی لە کەلتووری عەرەبیدا هەبووە . تەنانەت ئەم کارتێکردنە لە بەرهەمی شیعریی فۆناغێکی تەمەنی ئەو زانایەدا رەنگدەداتەوە کە بیری « دانتێ » گەیشتبووە ئاستی پێگەیشتن . گومانیش لەوەدا نییە کە « دانتێ » یەکی شارەزای ئەدەب و زانست و مێژوو ، بایەخێکی زۆری بە هەموو ئەو شتانە داوە کە مامۆستاکەی قەی لێوە کردوون و خامەی رەنگینی دایهێناون .

کارتێکردنی چیرۆکی « هەزارو یەك شەوە »یش لە پێشەوای سێیەمی سەدەی بووژاندنەوە(١٠) بەڵگەیەکی ترەو پاڵپشتێکی بە هێزی رایەکەی « بلاسیۆس »ە . بە تایبەتی چونکە « بۆکاشیۆ »و « پەترارك »ی هاوەڵو مامۆستای ، ئەو دوو زانایەن بەر لە خەلکی تر ، « دانتێ » کاری تێکردن و پەیڕەوی ڕێبازەکەیان دەکرد .

پەترارك ١٣٠٤ ـ ١٣٧٤ :

شاعیرو نووسەرو داهێنەری ئیتالیایی « فرانجیسکۆ پەترارك ـ Petrarca » لە ریزی پێشەوەی هۆمانیستەکانی قۆناغی یەکەمی بووژاندنەوە ، دادەنرێ . ناوبراو سەر بە خێزانێکی بازرگانی فلۆرەنسایی یە . ئەو کاتەی کە « دانتێ » لە شار دەرپەڕێنرا ، بنەماڵەی « پەترارك »یش لە بەر هەڵوێستی سیاسیان دەربەدەر دەکرێن . دوای تیپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا « پەترارك » لەدایك دەبێ . سەرەتا یاساو زانیاریی ئاینی دەخوێنێ و بە کاروباری کەنیسەوە خەریك دەبێ . « پەترارك » لە ناخەوە دڵبەستەی کەلتووری کۆن بوو . زیاد لە پێویستیش بایەخی بە زمانی لاتینی دەدا ، بەڕادەیەك هیچ کام لە هۆمانیستەکان نەیاندەتوانی وەك ئەو زمانی لاتینی بەکاربهێنن و بیروباوەڕەکانیانی پێ دەربڕن . کەسیش وەك ئەو پەرۆشی ساغکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکان نەبوو . ئەو دەستنووسانەی لای ئەویش دەستدەکەوتن لە رووی چەندیەتی و چۆنیەتی یەوە هیچ کتێبخانەیەك تەنانەت ئەوەی پاپایەتیش نەیدەتوانی شان لە شانی بدا(١١) « پەترارك » زۆربەی تەمەنی خۆی بۆ ساغکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکان تەرخان کردو لەم ڕێگایەوە توانی زۆر دەستنووسی نەناسراوی زانا کۆنەکان بدۆزێتەوە ، وەك ئەوانەی نووسەرو بوێژو سیاسیی رۆمانی « شیشرۆن ١٠٦ ـ ٤٣ پ . ژ » . کە ئەندازەیەکی دیار سەرنجی راکێشا .

« پەترارك » کە دەبینی بیروڕایەکانی لەگەل بیروباوەڕی سەدەی ناوەڕاستدا ناتۆك و دژبەیەکن ، دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە باشترین ڕێگا بۆ سەرفرازیی ئادەمیزادو خزمەتکردنی کۆمەڵ و فیکر ، ئەو ڕێگایەیە پێشینان گرتوویانە ، بۆیە ووشەی Homanitas ی لاتینی لە نووسەرانی پێشوو خواستو چ خۆی و چ ئەوانەی کاری تێکردبوون دووبارەیان دەکردەوەو بە شێوەیەکی بەربڵاو بە کاریان دەهێنا . بێجگە لەمەیش بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا مەفهوومی ئەو زاراوەیە بە کردەوە بچەسپێنێ . بەو پێیە « پەترارك » بووە یەکەمین کەس راستەوخۆ « زانستی مرۆڤایەتی » بەرامبەر بە لاهوت دانا . « پەترارك » لە پاڵ جموجۆڵو بیروڕاکانیدا خاوەنی هەستێکی نیشتمانیی ئێجگار قووڵ بوو . ئەو کە دەسەلاتدارێتی رۆمانەکانی هەڵدەسەنگاند ، لای وابوو سەردەمی ئەوانە سەدەی نموونەیی مێژوویی پاڵەوانێتی ووڵاتەکەیەتی . لەبەر ئەوە ، وا بۆ مەسەلەکە دەچوو گوایە بە ژیاندنەوەی یاساو نەریتی ئەو سەردەمە ، دەتوانرێ بنچینەیەکی پتەو بۆ ژیانی رۆشنبیریو سیاسی سەردەمەکەی دابمەزرێنێ و بە هۆیانەوە یەکێتیی ئیتالیایش کە هەردەم خەوی پێوە دەبینی ، پێکدێ . « کەس گومانی لەوە نییە ، گەر بێ و رۆما لە خۆی تێبگا ، سەر لەنوێ ئازایەتییەکەی جاران دەتەقێتەوە »(١٢).

ئا بەم شێوەیە « پەترارك » ئەو هەستە نیشتمانی و ئاواتە پیرۆزانەی لە دەروونیدا پەنگیان خواردبووەوە ، دەری دەبڕین .

کەوابوو ئامانجی « پەترارك » چ لە ژیان و چ لە بواری داهێناندا ئەوەبوو خزمەتی سەردەمەکەی خۆی بکاو چرای رۆشنی ئەو ، ئیش کردن و دڵسۆزی بوو لە پێناوی گەل و نیشتماندا .

لەسەر هەمان ڕێبازەکەی « دانتێ » باوەڕی

پرواته ل :١١

خۆئامادەکردنێکی فراوان

لە ناوچەی کوردستان بۆ ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی هەفتەی «قادسیەی صدام» ٥ وە

ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان خەریکی خۆئامادەکردنێکی فراوانە بۆ ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی هەفتەی قادسیەی صدامەوە کە لە ٢١ی ئازاردا دەستپێدەکا و ١٧ ڕۆژدەخایەنێ .

بەڕێز ئەمینداری کشتی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە چاوپێکەوتنێکدا کە ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لەگەلیا کردی وتی دەستەی ڕاوێژکردن و ڕاگەیاندنەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەرنامەیەکیان بۆ ئەم بۆنەیە ئامادەکردوە لە بەر ڕوونا کی ئەو نەخشە کشتیی یەی کە لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی بالای ئەم ئاهەنگانەدا دانراوە .

هەروەها وتی ناوچەکە هەموو توانایەکی ڕۆشنبیری و هونەری و ڕاکەیێنی کە لە دەستدایێ کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە جەماوەر کۆ بکاتەوە . هەروەها ئەوەیشی دەسنیشان کرد کە ئاهەنگەکانی ئەمسالی هەفتەی قادسیەی صدام زیاتر لە مانایەك و واتایەکی هەیە بە تایبەتی چونکە لە کاتی ئاهەنگەکانی گەلی کوردمان دەکرێن بەبۆنەی جەژنی نەنەوایەتی یەوە (جەژنی نەورۆز) کە بە سایەی ڕواننەی ئادەمیزادانەی حزبی بەعسی سۆشیالیست و سەرکردایەتی یە دووربینەکەیەوە بووە بە جەژنی هەموو عیراقی یەکان . هەروەها ئەم ئاهەنگانە هاوکاتی ئەو ئاهەنگانەن کە بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان و ئەو داستانە پاڵەوانیانەوە دەگێڕێن کە سەربازەکانی سەرەك صدام حسین لە کەرتی شیبدا ـ نووسیان و لووتی ڕژێمی نەفامی ئێرانیان تیا شکاند .

هەر لە چواچێوەی ئەم هاوکاتییەدا ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان لیژنەیەکی بالای دامەزراند بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی بەڕێز جمال حاجی شریف و ئەندامێتی بەڕێزان ئەمینداری کشتی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان و هاوڕێ ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی شوعبەی حزب لە هەولێرو هەندێ لە کاربەدەستان بۆ سەربەرشتیکردنی ئامادە کردنی بەرنامەی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز .

لیژنەی بانگداوای لە پارێزگاکانی ناوچەکە کرد کە لقە لیژنەیان ئیتا دروست بکرێ بە سەرۆکایەتی پارێزەرە بەڕێزەکان بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی وا بەم بۆنەیەوە بێتەدی بە بەرنامەی ئاهەنگەکانی ناوچەکە بیبێ و بە شێوەیەکی تایبەتی و دیار شایانی بە شۆڕش و سەرکردایەتی یەکەیەوە دەزبخار سوپاسگوزاری ڕۆڵەکانی کەلی کوردمان پیشان بدا بەرامبەر بە چالاکی شۆڕش و ئەو نوێیەی کە دەیدا پێیان و هەموو هەلیکی زیانێکی سەربەستو سەربەرزیان بۆ ئامادەدەکا .

بەڕێز ئەمینداری کشتی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان وتی بەرنامەکانی ناوچەکە لە بەرەبەیانی ڕۆژی بیستویەکی ئازارەوە دەست پێدەکەن بە بانگدان لە منارەی مزگەوتەکان و زەنگلێدان لە کەنشتەکانەوە .

ڕووی دایەرەو دەزگاو بارەکانی حزب و ڕێکخراوە جەماوەریەکان و شەقام و حانووی هاوولاتیان بە وێنەی سەرەکی فەرماندەو بەیداحی عیراق و دروشم دەرازێنرێتەوە .

هەر بەم هۆیەوە جەندەها هەلمەت سازدەکرێ بۆ خوێن بەخشین و کاری هەرەوزی میللی و ڕەوانی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی گەشتی ڕاگەیاندن لە هەموو لایەکی ناوچەکەدا .

هەروەها وتی پارێزگای هەولێر ئاهەنگێکی گەورە بەم بۆنەیەوە بە خۆیەوە دەبینێ کە لە ناوچەی دارستانەکانی ناحیەی (خەبات)دا دەگێڕێ بە سەرپەرشتی یەکێتی گشتی

پرواته ل :١١

سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانی ناوچەی کوردستان

بەیانی ١١ی ئادار فیاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان رووداوێکی گەورەبوو لە ژیانی گەلی کوردمان

ناظم دلبەند
نوسینگەی هەولێر
صلاح شریف وێنەکانی گرتووە

● گەلی کورد لەکوردستانی عیراقدا ، ئەمڕۆ ئاهەنگ دەگێڕێ بە بۆنەی گەورەترین رووداوی مێژوویی ، کە ئەویش یانزە ساڵەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری مێژوویی و (٩) ساڵ بەسەر دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستانە.

ئاشکرایە کە ئەم دەسکەوتە مەزنە لە ئەنجامی تێکۆشانێکی زۆری گەلی عیراق هاتۆتە کایەوە ... گەلی کوردمان شانازی بەم دەسکەوتە پیرۆزە دەکات دەبێت بە سەربازێکی بە جەرگ بۆ پارێزگاری لێ کردنی ...

● گەلی کورد لە سەنگەرەکانی پێشەوە دەجەنگن دژی رژێمی ئێرانی کۆنەپەرست .

● گەلی کورد ئامادەیە نەك زوحاکێ هەزاران زوحاکی ئەمڕۆی رژێمی ئێران لەناو بەرێت لەپێناوی نەورۆزی سەرکەوتندا .

جا بەم بۆنەیەوە بەڕێز مامۆستا احمد عبدالقادر نەقشبەندی سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان بۆ رۆژنامەی (هاوکاری) قسەی کردو وتی :ـ

گەلی کوردمان بەتایبەتی و گەلی عیراق بەگشتی لەم رۆژانەدا بە بۆنەی بیرەوەری (٩) ساڵەی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان و سیانزە ساڵەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی یانزەی ئادار ئاهەنگ دەگێڕێ ، کە بە رووداوێکی مەزن لە ژیانی گەلی کوردمان دەژمێردرێت ، دەسکەوتێکی گرنگی شۆرشی ١٧ی گەلاوێژی نەمرە ... یاسای ئۆتۆنۆمی دان پیانانێکی دەستوری و یاسایی یە بە مافە رەواکانی نەتەوەی کوردمان ، جا گەلەکەمان لە روانگەی ئەم مافەوە کارەکانی خۆی مەیسەر دەکات و پەرە بە خۆی دەدات لە میانەی ئەو سیاسی حزب و شۆڕشە لە سەروی هەموشیانەوە سەرەکی فەرماندە هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین ... بزووتنەوەیەکی بێ بڕانەوەی دروست کردووە لە پێناوی بنیاتنان و بەرزکردنەوەی باری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی لە هەموو سوچ و کەلەبەرێکی کوردستان ... سەرەڕای دابین کردنی هەموو پێویستیەکی ئەواو بۆ بەرەپێدان و سەرخستنی ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی .

بێ گومان پشتگیری کردنی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی لەلایەن سەرکردایەتی تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەوەی ئینسانی کورد ببێت بە لێپرسراو یکی سەرەکی وەك عیراقی یەك تێبکۆشێ لە قۆل کردنەوەو پەرەپێدانی یەکێتی نیشتمانی ...

سەردانەکانی سەرەکی فەرماندە بۆ ناوچەی کوردستان بەلگەیەکی راستەقینەیە دەربارەی پێش خستنی ئۆتۆنۆمی ..

خۆشی لە ناوچاوی منداڵان و پیرو ئافرەتاندا دەتریسکێتەوە سەرەڕای هەندێك چوڵانەوەی پوچەڵی ئیمپریالیزم و بەکرێ گیراوان .. بەڵام هەمیشە دەسکەوتەکان لە بەرزبوونەوە دان بە ئیرادەی یەکێتی گەل ...

هەر لەم روانگەیەوە دەڵێم راپۆرتی مەرکەزی کۆنگرەی هەریمایەتی نۆیەمی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئیلتزامی بە ئۆتۆنۆمی ئیلتزامێکی مەبدەئی و سیاسی چەسپاوە، هەروەها باوەڕی بەتێنی بە گەلی کوردمان هەیە ...

هەڵوێستە مرۆڤایەتی یەکانی حزب و شۆرش بەرامبەر بە گەلی کوردمان ، وای کردوە کە نەتەوەی کورد بگاتە ئاستی لێپرسراویەت بەرامبەر بە پارێزگاری کردن لە شۆرش و بەرگری کردن

بڕوانە ل : ١١

سەرەکی ئەنجومەنی رایەڕاندنی ناوچەی کوردستان

هەرۆڤێ کورد لە سایەی شۆڕشی ١٧ـ ٣٠ تەموزدا لە بارێکی نوێ و پێشکەوتوودا دەژی

● حزب و شۆڕش و بەتایبەتی سەرەکی خەباتگێڕ صدام حسین گرنگیەکی گەورە بە ناوچەی کوردستان دەدەن .

● سەرەڕای هێرشی ناڕەوای رژێمی بۆ گەنی خومەینی ، چالاکی دروست کردن و بیناکردن بەردەوامە .

عبدالوهاب تاڵەبانی
نووسینگەی هەولێر

بەبۆنەی جەژنەکانی ساڵەی جێ بەجێ کردنی کوردستان ، چەند پرسیارێکیان خستە بەردەم مامۆستا جمال حاجی شەریف سەرەکی رایەڕاندنی ناوچەی ئادارەوەو بیرەوەری نۆ ئۆتۆنۆمی یەوە لە ناوچەی ئەنجومەنی کوردستان .

● گرنگی ئەو ئاهەنگانەی کە بە بۆنەی جەژنەکانی ئادارەوەو لە سەرەدەمی جەنگی قادسیەی صدامی رەوادا دەکرین چۆن دەست نیشان دەکەن ؟

لەوەڵامدا بەڕێز سەرەکی ئەنجومەن وتی :

ـ ئەنجومەنی رایەڕاندن لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٤ـ٢ـ١٩٨٣دا بڕیاری دا کە هەموو ئەمینداریتیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەفتەی قادسیەی صدامی پیرۆزدا بەشداری بکەن . کە بڕیار وایە لە نێوان ٢١/ی ئادار تا ٦/ی نیسان بخایەنێ و لەم رووەوە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندندا بکەین ، کە بڕیاری داوە بەم بۆنە پیرۆزانەوە .. جەژنەکانی ئادارو جێ بەجێ کردنی حوکمی زاتی ئاهەنگ بگێڕێ .

حوکمی زاتی بەخششێکی مرۆڤایەتیانەی سەرکردایەتیە مێژوویەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەو لە کاتێکدا بیرو باوەڕی و تیوری یە نەتەوەییە مرۆڤایەتیەکەیەوە هەڵقوڵاوەو، دەسکەوتێکی گەورەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی مەزن بوو بۆ گەلی کوردمان و، سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی بەکرێ گیراوان و کۆنە پەرستان دەیانخستە بەردەم سەرکردایەتی حزب و شۆڕش .. ئۆتۆنۆمی بەتەواوی جێ بەجێ کراو مافی نەتەوەیی کورد مسۆگەر کرا .

مرۆڤی کورد ، ئەمڕۆ ، پاش دامەزراندنی ئەنجومەنی یاسادانان و رایەڕاندن و ، پاش ئەوەی جێگە خۆشی لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا گرت ، لە بارێکی نوێ پێشکەوتوودا دەژی لە هەموو رووەکەوە ، ئەوەی جێگە خۆشی لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا گرت ، لە بارێکی نوێ و پێشکەوتوودا دەژی لە هەموو رووەکەوە ، ئەوەی لە ساڵانی پێش شۆڕشدا لێی بێ بەش بوو ئەمڕۆ هەمووی بۆ مسۆگەر بوو و هاتەدی و ، لە هێمنی و ئاسایشدا دەژی .

لە جەژنی نەورۆزدا کە دەکەوێتە رۆژانی ئاهەنگەکانی قادسیەی صدامی پیرۆز .. بۆنەیەکی چاك دەڕەخسێ بۆ ئەوەی دەربارەی جەنگی رەوامان قسە بکەین و لە هەموو چالاکی یەکاندا بەشداری بکەین بە شێوەیەك لەگەڵ ئەو سەرکەوتنانەی سەربازەکانی سەرکردەی گەورەمان صدام حسین دەبهێننەدی بگونجێ و بەتایبەتی سەرکەوتنەکانی ناوچەی (شیب)و ، هەروەها جەنگاوەرانیش هەست بە گیانێکی تازە بکەن و ، هاوولاتیەکانیش هان بدرێن بۆ ئەوەی خۆیان بۆ جەنگ ئاونوس بکەن و خوێن ببەخشن .

● چۆنا ناقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی هەڵدەسەنگێنن ؟

ـ لە ماوەی ساڵانی رابوردوودا و لەرووی جێ بەجێ کردن پلان و نەخشەی پەرەپێدان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ، تاقی کردنەوەی حوکمی زاتی سەرکەوتنی چاکی وەدەست هێناوە ، حزب و شۆڕشیش لە بڕوای بەتینیانەوە بەم تاقی کردنەوە مەزنە گرنگی یەکی گەورەیان پێداوە ، بەتایبەتی سەرەکی خەباتگێڕ صدام حسین خۆی گرنگی بەناوچەی کوردستان و پێشخستنی داوە .. ئەم ناوچەیە حالی حازر لە بارێکی باش و گەشاوەدا دەژی و ، دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی هەر کە بە گوێرەی دەسەڵاتی خۆی کارو فرمانی راسیی دەکاو .. ئەم دەزگا دستوریانە دەستەڵاتی چاکیان دراوەتی و هەردوو سەرەکی ئەنجومەنی راپەراندن و یاسادانان بوون بە ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران ... ئەمینداریە گشتی یەکانیش بەشداری کاروباری ئەنجومەنی وەزارەتەکان دەکەن و ، ساڵ لە دوای ساڵ دەزگاکانمان دەکەن و ، ساڵ لە دوای ساڵ دەزگاکانمان دەسکەوتی پاشترو چاکتر پێشکەش بە هاوولاتیانی ناوچەکە دەکەن و پارەی مۆڵ بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن سەرکردایەتی حزب و شۆڕشەوە نەرخان کراوە .. تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا تاقی کردنەوەیەکی بێ وێنەیە لە جیهانی سێهەم و بەلکو هەموو جیهانداو ئەم تاقی کردنەوەیە لە سایەی چاودێری سەرەکی تێکۆشەرو فەرماندە صدام حسین دا بەردەوامە سەرەڕای هەموو پیلانی دوژمنان و داخ لە دڵان .

● ئایا دەتوانن باسی گرنگترین ئەو پرۆژانەمان بۆ بکەن کە پاش دەرچوونی بەیاننامەی نادار جێ بەجێ کراون ؟

ـ لەراستیدا وا بە ئاسانی ناتوانین ، باسی هەموو ئەو پرۆژانە بکەین کە لە ناوچەی کوردستاندا پاش بەیاننامەی ئادار جێ بەجێ کراون ، بەڵام بە کورتی دەڵێم . ئەمینداریتی شارەوانیەکان و هاوینە هەوارەکان بایی (١٨) ملیۆن دینار پرۆژەی خزمەتگوزاری لەم دواییەدا تەواو کردو ، ئێستا خەریکی

بڕوانە ل : ١١

به بۆنەی جەژنەکانی ئازارو نەورۆزەوە

لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا کشتوکاڵ پێش دەکەوێ

ناظم دلبەند
نوسینگەی هەولێر

● ئەمینداریتی گشتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکال لە ناوچەی کوردستان ، پەکێکە لە دەزگا بەنرخەکانی ئۆتۆنۆمی ... لە رۆژانەی کارکردنیدا بەردەوام بەخششی هەبووە . .. بەشداری کاریگەرانەی کردووە لە راپەراندنی کاروبارەکانی خۆی و دەستنیشان کردنی پلانی ساڵانەی لە پێناوی جێ بەجێ کردنی کاروباری جوتیاران لە ناوچەکەدا ... جا بەبۆنەی جەژنەکانی ئازارو نەورۆزدا چاومان بە بەڕێز جمیل صبری ئەمینداری گشتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ کەوت ...

× لە ماوەی (٩) ساڵی جێ بەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ، چۆن بزوتنەوەی کشتوکاڵی دەبینن لە ناوچەی کوردستاندا ... ؟

ـ ناوچەکە پێشمس خستنێکی پەرەپێدانی تەواوی بەخۆیەوە بینی لە هەموو لایەنێکەوە ، نەك تەنها لە گەرتی کشتوکاڵیەوە ، بەڵکو لە لایەنی ئاوەدانی و بنیات نانی گوندە هاوچەرخەکان و دروست کردنی رێگاوبانی نوێ و گەلێك پرۆژەی تر ...

بەڵام لەسەر ئاستی بزوتنەوەی کشتوکاڵی ... دەزگاکان دەوری سەرەکی خۆیان بینیوە لە بەشداری کردنیان لە جێ بەجێ کردنی کاری کشتوکاڵی و رابەرێتی و تێگەیاندنی بە جوتیارەکانمان کە بە شێوەیەکی زانستیانەو تەکنەلوژیای هاوچەرخ پەرە بە کاری کشتوکاڵی بدەن ، هەروەها گرنگی یەکی تەواودراوە بە پرۆژە ئاودێری یەکان و دارستان .. سەرەڕای ئەو دەسکەوتانەی کە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی گەلاوێژی پیرۆز بە سەرۆکایەتی سەرەکی فەرماندە هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین بۆ جەماوەری جوتیاران هاتۆتە کایەوە ...

× دەربارەی دەوری ئەمینداریتی ناوبراو لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری نیشتمانی لە ناوچەی کوردستان و چۆنیەتی دەستنیشان کردنی ئەم دەورە بەڕێزی وتی :ـ

ئابوری نیشتمانی ، جوتیارەکانمان کە بە شێوەیەکی زانستیانەو تەکنەلوژیای هاوچەرخ پەرە بە کاری کشتوکاڵی بدەن ، هەروەها گرنگی یەکی تەواودراوە بە پرۆژە ئاودێری یەکان و دارستان .. سەرەڕای ئەو دەسکەوتانەی کە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی گەلاوێژی پیرۆز بە سەرۆکایەتی سەرەکی فەرماندە هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین بۆ جەماوەری جوتیاران هاتۆتە کایەوە ...

جێگری سەرەکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران:

گەلی عیراق لە هەموو پیلانەکانی دوژمنان بەهێزترە

بە بۆنەی بیرەوەری نۆیەم ساڵەی دەرچوونی جێ بەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمیەوە ، چاومان کەوت بە بەڕێز کاك مجید جەباری جێگری سەرەکی یەکێتی گشت نەقابەکانی کرێکارانی عیراق و ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتخواز و بەم بۆنەیەوە لێمان پرسی :

× باری سەرنجتان لە یادی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنومیداو هەڵسەنگاندنی رەوتی کاروانی ئەم دەستکەوتە مەزنە :

● یاسای ئۆتۆنۆمی وەکو تاقی کردنەوەیەکی نوێیە کە لە وولاتدا روو بدات و چارەسەری کێشەیەکی نەتەوایەتی گەورە بکات ، بێگومان ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی کێشەی کورد بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر کۆنەو زۆر لە دوژمنانی عیراق بە گشتی و کورد بە تایبەتی ویستیان نیستغلالی ئەو مەسەلەیە بکەن ، بۆ ئەوەی زەفەر بە بزایەتیە پتەوەکەی کوردو عەرەب بەرن کە چەندەهای ساڵە بناغەیان داڕشتووە یاخود خاکەکەی داگیر بکەن یا هاوولاتیانی کوت کبوت بکەن ، بەڵام بێگومان میللەتی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمە نەتەوایەتیەکانی تریەوە زۆر لەو پیلانانە بەهێزتربوون و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر یەکێتی نیشتمانیان پتەوترو بە تینتر دەبوو ، وەکو ووتمان مەسەلەی کورد زۆر دەمێکە لە ئارادایەو دەتوانین بڵێین کەس نەبوو چ لە حوکمڕانان و کاربەدەستانی عیراقی چ لە حزبە سیاسیەکانیش کە لە ئارادابوون بەراستی بیریان لەوە نەدەکردەوە کە بەڕاستی چارەسەری ئەو مەسەلە گرنگە بکەن ، کێشەی کورد گەلێ هۆی سەرەکی هەیە یەکەم لەبەرئەوەی کە عیراق لە شوێنێکی ستراتیژی گرنگدایە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەو بۆنەیەوە کۆمەڵێ بێگانە دەستیان خستە ناو ئەم کێشەیەوەو هەمیشە هەوڵیان دەدا وەکو خۆی بمێنێتەوەو تووشی گیروگرفتی زیاتر ببێت . دووەم لەبەرئەوەی کە رقیان لە کوردو لە عەرەبیش بوو هەوڵیان دەدا بیانکەن بە گژیەکدا .. ئەم مەسەلەیە بەو جۆرە مایەوە تاکو شۆڕشی ١٧ـ ٣٠ تەموزی ئەمر کە بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بوو ، بەڵێ بە هاتنی ئەم حزبە گەورەیە عیراق لاپەڕەیەکی تازەی لە ژیانی هاوولاتیانیدا هەڵدایەوە بە کوردو عەرەبیەوە ، خۆ بە نسبەت گەلی کوردەوە ئەوەبوو لە مانگەکانی بەکەمی شۆڕشدا کۆمەڵێ هەنگاوی پیرۆز نرا بۆ جێ بەجێ کردنی کێشەکە ... تاکو ساڵی ١٩٧٠ کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەیانی ١١ی ئازاری بڵاوکردەوە کە یەکەمین چارەسەرە لە مێژووی عیراقدا دان بە مافی نەتەوایەتی گەلی کوردمان

بڕوانە ل : ١١

Institut kurde de Paris

گەلی کورد پاشماوە

هەر لەبەر رووناکی ئەم باوەڕە مرۆڤایەتیە شۆڕشگێرانەیەدا سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لە ١١ی ئادار ١٩٧٤دا بەلینەکەی خۆی بەدیهێنا • یاسای ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان دەرچوو ، دەستکرا بە جێبەجێکردنی ئەو یاسایەو دامو دەزگاکانی ئۆتۆنومی کەوتنەکار •

ئەوا ، نۆ ساڵ بەسەر بەدیهێنانی ئەم دەستکەوتە مەزنەدا رادەبووری ، کاروانی سەرفرازی شۆڕشی عیراق ، بە یەکیتییەکی نیشتمانی پتەوەوە بە رابەری سەرکردەی دڵسۆز صدام حسین • هەر بەرەو پێشەوە دروات‌و بینای سەربەرزی عیراق تا دی بلندەبێ •

گەلی کوردیش لە بەوەفاییەوە بەرامبەر بە هەڵویستی بە باوڕانەی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش، هەمیشە دیواری پولاینی پاراستنی سەربەستیو سەربەرزی عیراق بوە چونکە دەزانێ ، سەربەرزی لە سەربەرزیو سەربەستی کاروانی شۆڕشەکەی عیراقدا ، بەشداری دڵسۆزانەش لە جەنگی رەواماندا دژی دەستدرێژی رژێمی ئێرانی داخڵەدل چاکترین بەڵگەیە •

لە یادی ئەم رۆژە پیرۆزەدا سڵاو لە سەرکردەی کاروان صدام حسین •

پتەوتربێ یەکیتی بەهێزی نیشتمانی عیراقو بۆ پێشەوە •

● هاوکاری ●

سەرەکی پاشماوە

لە دەسکەوتەکانی لە پێناوی بەهێزکردنی یەکیتی نیشتمانیو بەشداری‌کردنی لە بیناکاریو کاروانی شۆڕشی ١٧ی گەلاویژی پیرۆز ...

گەلی کورد دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هەمیشە لە جەنگی قادسیەی صدامدا سەربازێکی بە وەفا بێو لە سەنگەرەکانی پێشەوە پێشەوە بێت دژی رژێمی ئێرانی کۆنەپەرست • • •

جەژنەکانی ئازارو نەورۆز دەمانباتەوە بۆ خەباتی گەلی کورد دژی رژێمی ئێرانی بەکرێگیراو ، چونکە گەلی کورد ئامادەیە نەك زوحاکێ هەزاران زوحاکی ئێرانی لە ناوبەرێت لە پێناوی نەورۆزی سەرکەوتندا •

جێبەجێ کردنی کۆمەنێ پرۆژەی ترە بە قیمەتی ٣٠ ملیون دینار ، ئەمینداریتی کاروبارو ئیشتەجێکردنیش زیاتر لە (٥٠) پرۆژەی تەواوکردوەو ، ئێستا زیاتر لە (١٢٠) پرۆژەی تری بە دەستەوەیەو کاری تیادەکا ، ئەمە جگە لەو پرۆژانەی کە پەیوەندی بە کردنەوەو قیرتاوکردنی ریگاوبانەکانی نێو شارەکانە •

لە مەیدانی پەروەردەشدا، تا ئێستا دوو هەزارو هەشت سەد قوتابخانە کراوەتەوەو میلاکی تایبەتییان بۆ دانراوەو زیاتر لە سێ ملیۆن دنیاریش بۆ جێبەجێ کردنی پێویستییەکانیان خسراوەتە ژێردەست •

لە مەیدانی تەندروستیشدا ئەمینداریتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەر لە ئەمینداری گشتییەوە تاوەکو بجوکترین پلەی فەرمانبەر لە ئەمانەتەکەدا شەوو رۆژ خەریکن‌و دەورێکی گەورە دەگێڕن بۆ پێشەنستنی کاروباری تەندروستیو سەرپەرشتی کۆمەڵایەتیو رەخساندنی کادیری پزیشك•

لەم ماوە کەمەدا لەمە زیاتر ناوترێ ، بەڵام دەڵێین سەرەرای دوژمنایەتی رژێمی ئێرانیو ئەوانەی بە عەرەبی دەدوێن‌و یارمەتی خومەینی دەدەن وەکو قەزافیو اسد •• دەڵێین بۆ گەلەکەمان بەردەوامەو هەرگیز کۆڵ نادەین •

لەسایەی پاشماوە

دامەزراندنی سوپای دلێروانو شۆڕش (٨) شوباتی پیرۆزەوە سەرۆکو ئەندامانی یەکێتی هەڵساوز بە سەردانی ئوردوگاکانی سوپای دلێرمان لە ناوچەکانی سەروی وڵاتداو پێشکەشی کردنی دیاریو جەژنە پیرۆزە بە بۆنەی هەردوو بیرەوەری ناوبراوەوە ئەمانەش سەرباری چەند چالاکیەکی تر کە پەیوەندیان بە بواری رۆشنبیریو راگەیاندنەوە هەیە وەکو دەرکردنی دوو ژمارەی بڵاو کراوەی کاروانی کرێکاران کە نوسینگەی رۆشنبیریو راگەیاندن جێبەجێی کردوە لەگەڵ تۆمار کردنی وێنەی تەلەفزیۆنی هەموو چالاکیەکانی نەقابەو پیشان دانیان لە بەرنامەی رۆژنامەی هەردوو ئیستگەی تەلەفزیۆنی بەغداو تامیم هەروەها دەرکردنی چەند پۆستەرێکی سیاسی بە بۆنەی هەردوو بیرەوەری دامەزراندنی سوپای دلێرمانو شۆڕش(٢٨)شوباتی پیرۆزوە ئەمەو بەردەوام بونیان لە سەر خۆ ئامادە کردن بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەری شەوێك لە ژیانی خانزاد لە تەلەفزیۆنی تامیم • • • ئەمانەش جگە لە چەند کارێکی هەرەوەزی گەورە لە کارگەی دروست کردنی شەکردا کە بوە هۆی پاشەکەوت کردنێکی پارەیەك پارەیەکی زۆرو راپەراندنی ئیشەکەش لە ماوەیەکی زووتردا ••• شایانی باسە لەلایەکی تریشەوە نوسینگەکانی نەقابە هەڵساون بە سازکردنی زیاتر لە (١٦) کۆری فراوان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی مەڵبەندی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی کە بە شێوەیەکی گشتی تەرخان کرابوون بۆ بە سەرکردنەوەی چمکە مێژوویەکانی دوژمنکاری رژێمی ئێرانو مەبەستی بەردەوام پێدانیان بە باری ئێستای نێوان ئێرانو عێراقو دەستنیشان کردنی دەوری کرێکاران لەم روەوەو لە رووی زیاد کردنو چاك کردنی بەرهەمەوە بۆ پالپشت کردنی باری ئابوری وڵاتمان

ستایشی پاشماوە

بەرنامەی کاری ئەم کونگرەیەیە •

زوربەی هەرە زۆری سەرەك وەفدەکان لە ووتارەکانیاندا داوای تەقەللای بەراستیان کردوە بۆ وەستاندنی ئەم شەرەو مەلیك حسین مەلیکی ئەردەن داوای دروست کردنی لیژنەیەکی سەرکردایەتی کردوە بۆ ئەوەی ئەرکی هەوڵدانی بۆ وەستاندنی شەڕی لە ئەستۆ بێ •

ئەمەو وەفدی عیراق بە سەرەکایەتی بەرێز طه محی الدین معروف ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرەك کۆمار چالاکیەکی دیاری لە کونگرەکەدا هەیەو لە نیودلهی پەیوەندی کۆبوونەوەی زۆر لەگەڵ وەفدی عیراقدا دەکرێ لەبەر ئەو شوێنە دیارەی عیراق لە بزوتنەوەی وڵاتانی بێ لایەنداهەیەتی • بەرێز سەرەکی وەفدی عیراق چاوی کەوتوە بە خاوەن شکو مەلیك حسین مەلیکی ئەردەنو حسنی موبارەك سەرەکی میسرو بێتر ستامبولیش سەرەکی یوگسلافیاو هەروەها چاوی کەوتوە بە محمد علی ناصر سەرەکی یەمەنی دیموکراتیو مامون عبد القیوم سەرەکی مالدیفو کینث کواندا سەرەکی زامبیا •

عیراق پاشماوە

بەپێی ئەم نرخە نەجوولاونەتەوە • بەشی ئێران لە بەرهەمدا بەپێی ریکەوتنەکەی ئازاری ١٩٨٢ میلۆنێك‌و دووسەد هەزار تەنبوو کەچی بەرهەمیان گەیاندە سێ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەم جۆرە لە دوو ئەوەندەی بەشەکەیان تێپەڕبوون •

وەزیری نەوت وتی من میوادارم کە دەولەتە ئەندامەکان دەگەنە شتێکی وا ڕێبکەون لەسەری ئەگەر هەمو بە ئەقڵ بجوولێنەوە•

خۆئامادەکردن پاشماوە

لاوانی عیراقو زیاتر لە ٣٠ تیپی هونەری لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك‌و تەئمیمو نەینەوا بەشداری تیادەکەنو لە ماوەی (٤) ڕۆژدا جۆرەها چالاکی هونەری تیا پێشکەشدەکرێ •

بەپێز ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیریو لاوان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ئەوەی دووپات‌کردەوە کە ئەم جەژنو ئاهەنگانە پاڵپێوەنەرو بۆنەیەکی تازەدەبن بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا خۆشەویستیو دڵسۆزی خۆیان بۆ پێشەوای ڕەوتمان سەرەکی فەرماندە صدام حسین دەربڕنو بەڵێنی تیا تازەبکەنەوە کە چاوی نەخەوتوو بن بۆ بەرگری‌کردن لە شۆڕشو دەستکەوتەکانیو پتەوکردنی بەرەکانی شەڕ دژی ڕژێمی نەفامی ئێران تاوەکو سەر بۆ مافەکانمان شۆڕبکاو دان بە سەربەرزیمانا بنێو ڕێزی ویستی گەلی یەکگرتووی عیراقمان بگرێ •

مانگی ئادار پاشماوە

نازادیخوازی فەلەستینو دەوروپشتو دوورونزیکی داومو لە نێو دەوڵەتانی بزوتنەوەی بێلایەنداا دەورێکی دەرکەوتوو بەکاری بووە •

— —

● لەو ڕۆژەوە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران کاری لە ئێراندا گرە دەستنەبێ نەو پرسە لە خۆمانو لە خەڵکی بکەین •• ئایا گەلانی ئێران لە سای ڕژێمی دوای شا چییان دەسکەوت •• مافی نەتەوەییان درایە •• وڵات ئاوەدانکرایەوە •• جیاوازی نێوان ئافرەتو پیاو نەما •• بنچینەی ئابووریەکی نوێو گەشە سەندوو پێشکەوتوو دانرا •• خوێندنگە •• کارگە •• زانکۆ •• دایەنگە •• باخچەی گشتیو ساوایانی نوێ گرانەوە •• جوتیار بووە خاوەنی زەویو زاری خۆیو لە لایەن میریەوە بە کەلوپەلی پێویستو پێشکەوتوو یارمەتی درا •• ڕۆشنبیرانو ئەدیبو هونەرمەند دەتوانی بەسەربەستی بنووسێو بخوێنێتەوەو وێنە بکات‌و شانۆگەری ڕێکبخات‌و گۆرانی بڵێ کە کەمێك خزمەتی رای گەلەکەی بکات ؟ دیارە ئەمانە گشتی نیەو بگرە خراپترین بوون •

ئەمە بە کورتی لەناوخۆدا • • باشە ئەی لە دەرەوەی ئێران •• کام ڕێکخراوی دەوڵەتان •• کام بزوتنەوەی ئازادیخوازی کام گەلانی پێشکەوتنخوازی دەوروپشتو دوورونزیك گەلکی لە رووخاندنی شاو هاتنی ئەم دارو دەستەیەی ئیستا وەرگرت ؟ • ئەمیشیان هەرواو بگرە بە پێچەوانەوە •• ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران لەویرانکاری وڵاتو برسی‌کردنی گەلانی ناوخۆیو دەربەدەرکردنی ڕۆشنبیرو هونەرمەندو ئەدیبو هند زیاتر ئەوەی کە کردبێتی ئەوەیە هات بەپێی پیلانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم شەری بەسەرماندا سەپان • پاش ئەوە گوێی نەدایە ئەو بانگەوازە خێرخوازیانەی کە بۆ وەستاندنی شەر کراو لە هەموو ئەو نەریتو یاساییانەی نێو دەوڵەتانیش لایدا کەدەبێ ڕێزیان لێبگیرێ •

لە نووسراوە پاشماوە

شاهید
ساکنی ئەلەبجە عەلی
ئەفەندی باپیر ئاغا

عەدەدی سجل ٨١ — صەحیفە ١٧٢ - ١٧٣

ئەم سەندەی وەکالەتە کە (خارجا) بە تەئریخی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٣١ تەنظیم وە بۆ تەصدیق هێنراوە مۆرەکانی مۆری مودەریسی مزگەوتی جامیعەی ئەلەبجە شێخ رەسوڵو ، مودەریسی مزگەوتی پاشا لە ئەلەبجە شێخ عومەرو ، مودەریسی مزگەوتی ئەبا عوبەیدە سەیید بابا رەسوڵو ، مودەریسی مزگەوتی دێی پریس مەلا عەبدولعەزیزو ، مودەریسی مزگەوتی دێی ئەحمەدبڕندە شێخ عەبدولکەریمو ، مودەریسی مزگەوتی دێی فەقێ جنە مەلا عەبدولقادری صۆفیو ، مودەریسی مزگەوتی دێی هرگسەجار مەلا عابیدو ، مودەریسی مزگەوتی دێی دەرەشیش مەلا عەبدوڵلا •• ناوانە کە ئەلنان لە ئەلەبجەن شەخصو هەویەتیان بە شەهادەتی شاهیدان لە لا مەعلووم بوو ، خۆشیان لە حالی صیحەتدا بوون ، بە موندەرەجاتی ئەم سەندە لە حوضووری مندا ئیقرارو ئیعترافیان کرد . (بناء علیه) لە طەرەفمەوە تەصدیقو تەسجیل کرا .

١٧ی حوزەیرانی ٩٣١

لە جیاتی کاتبی عەدلی ئەلەبجە
قاضی

ئانە	ڕوپیە
•••	٣٠

ڕەسمی تەصدیق (٣٠) ڕوپیە وەرگیراو قەید کرا • ١٧ی حوزەیرانی ٩٣١ • لە جیاتی کاتبی عەدلی ئەلەبجە قاضی)(٣)

پەراوێزەکان :

١ — ئەم وشەم بۆ نەخوێنرایەوە وەك خۆی ڕوونووسم کرد .

٢ — مامۆستا شێخ رەسوڵ لە سەر پوولەکە ئیمزای کردوە ، ئەوانی دیکە هەر یەکە مۆری خۆی لای ناوەکەیدا دانراوە .

٣ — لە خوارەوە مۆری کاتبی عەدلی ئەلەبجە دانراوەو ئیمزای بەسەرەوە کراوە .

لەسلیمانی پاشماوە

پێ بەرزبوەوە بە بەلگەی ئەوەی کە ئەوان هەر هێرشێکیان دەکردو ئێمەو هێزە چەکدارەکانی سوپامان لێیان دەهانینە دەست ئیتر خۆیان وابەنی شکستیان دەهێناو بە هەزارەها کوژارو بریندارو دیلیان بەجێ ئەهێشت بێگومان ئەمەش لەسەر دوو بناغەی پێچەوانە بە ئەنجام گەیانراوە کە هەقو تا هەقە •• جا هەر وەکو دەزانین هەمیشە خاوەن هەق سەردەکەوێو هەموو لایەکیش دەزانێ کێ خاوەن هەقەو کێ لەم شەڕانەدا سەرکەوت •• جالایەنێکی سەرکەوتوی خاوەن هەق کە لە بەرەکانی جەنگ گەڕابێتەوە چۆن ئامادەی ڕۆیشتنەوە نەبێتو سەرلەنوێ دەست بداتەوە چەکو بەرووی دوژمنا بوەستێتەوە • ••• سوپاس بۆ خواو بۆ هۆشمەندی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش ئەمجارەش بە دڵنیاییەوە دەڵێین کە لە مەودواش ئەگەر ڕژێمی ئێرانی پەندی لەم دەست وەشاندنانەمان وەرنەگرتبێت ئەوا ئامادەین پەندی گەورەتریان پێبکەیەتین چونکە ئێمە بەرگری لە خاك‌و ئاوی نیشتمانی عێراق دەکەین‌و ئەوانیش دەیانەوێ خاکمان داگیر بکەن مردنیش لە پێناوی پاراستنی خاکدا کارێکی نیشتمان پەروەری گەورەیە •

● فریا ●

نوسینگەی سلێمانی

لەسایەی پاشماوە

لە زێدەکردنی بەرهەمو وەدەستهێنانی ئایەنە باشەکەیو هەست بە لێپرسراویەتی کردن لە بواری بەرهەمهێناندا •• دەوری ئەمینداریتی پەکەشمان ، دیارە ، چونکە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە بەنایەتی لە بارودۆخی ئەمڕۆماندا کە وڵاتەکەمان لە جەنگێکی شەرەفمەندانەیە ، ڕێز لە بەرهەم بگرین • • • ئاگاداری ئامێرو کەلوپەلی بەرهەم هێنان بین ، لەم بوارەوە ئەمینداریتی کشتوکاڵی هەوڵی پیرۆزانەی داوەو شوێنی دیارە لە پشتگیری کردنی لە جەنگ لە ناوچەکەدا ••

× بۆ کارتێکردنی راسپاردەو بڕیارەکانی کۆنگرە ئکشتوکاڵیەکان لە پێش‌خستنی کشتوکاڵدا•• مامۆستا جمیل وتی :-

کۆنگرەی کشتوکاڵی بەو پێیەی کە خۆپیشاندانێکی دیموکراتیانەیە • • • ئەو دەتوانێ پلانی ساڵانەی کشتوکاڵی دابنێ کە جوتیارو کادیرە هونەریەکان ئەوانەی کە پسپۆرایەتییان هەیە لە کاروباری کشتوکاڵی بەشداری لەم کۆنگرەیە دەکەن ••

سەدەی پاشماوە

وابوو کە دەبێ تاکە کەس بە خودی خۆیەوە ببەسترێتەوە ، نەك بە پێی بنەماڵەوە رەچەڵەك حسابی بۆ بکرێ • بەم هەڵوێستەیشی کەوتە سەنگەری دژ بە چینی ئورۆستکراتەوە - ئەگەرچی خۆی سەر بەو چینەیش بوو - ، ئەنجامیش لە ساڵی ١٣٤٧ دا پشتگیریی ئەو ڕاپەڕینەی کرد کە لە رۆمادا دژ بە دەرەبەگایەتی سازکرا .

(٩) زنجیرەی ژمارە «(٧)»ی - الموسوعة الصغیرە »- باسێکی سەربەخۆیە - عبدالمطلب صالح - بە ناونیشانی « دانتی والمصادر العربیة والاسلامیة » نووسیویەتی • هەروەها بڕوانە : د• عبدالقادر احمد الیوسف - سەرچاوەی پێشوو - ل٢٨٠ - ٢٨١ •

(١٠) لە شوێنێکی تری ئەم بەشەدا لەم باسە دەدوێین •

(١١) R. Reiss, Op. Cit., PP. 24-26.

(١٢) لە « آ• آ• جوبیر » وەرگیراوە • بڕوانە : « مێژووی جیهان » بە زمانی رووسی • بەرگی سێیەم ، ل ٦٢٥ •

(١٣) « پەترارك » ژمارەیەکی زۆر نووسینی هەیە ، بەڵام بەشێکی باشی فەوتاوە

(R. Weiss, Op. Cit., P. 26).

(١٤) ناوی ئەو کچە لە ووشەی وەرگێڕاوە کە بە زمانی ئیتالیایی مانای گەلا ، یا « تاجە گوڵینە » دەگەیەنێ •

(١٥) R. Weiss, Op. Cit., PP. 27-29, 34, 86, 98-112;

The Renaissance and the Reformation

1300-1600, P. 9.

جێگری سەرەکی پاشماوە

بنرێو بە چوار ساڵ هەموو دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دابمەزرێ بەڵێ لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەو ئاواتە گەورەیە هاتە دیو بەڵام دیسانەوە دوژمنانی عیراق بە گشتیو گەلی کورد بەتایبەتی زۆر هەوڵیاندا کە کۆسپ بخەنە ڕێگەی ئەم دەسکەوتە گرنگەی کە بۆ گەلی کورد جێبەجێ‌کراوە• دەتوانین بڵێین خواستی گەلمان بە کوردو عەرەبو کەمایەتییەکانی ترەوە لەژێر سێبەری ١٧و٣٠ی تەمووزی نەمردا لەو پیلانانە زۆر باهێز تر بوو وە ئەم یاسایە دەتوانین بڵێین هەنگاوێکی زۆر گرنگ‌و پێشکەوتنخوازە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست • بێگومان گەلی کوردمان دەبێ بەرپرسیاریەکی مێژوویی بگرێتە ئەستۆی خۆی لەم قۆناغەی ناسکەدا کە وڵاتی پێدا دەڕوات ئەویش بە هەوڵدانیو تەقەلای بێووچان بۆ پاراستنیو چەسپاندنی ئەم دەسکەوتە مێژوویە •

هەر بەم بۆنەیەوە دەمانەوێ باری سەرنجتان دەربارەی دەوری کرێکاران لە رەوتی شۆڕشدا روون بکەنەوە ؟

بێگومان هەمیشە کرێکاران ئالایان یەکێتییە، بەڵکو ئالای کرێکاران هەمیشە لە وڵاتانی عەرەبیشدا پێشەکی دەڵێن ئەی کرێکارانی وڵاتانی عەرەب یەك بگرن کرێکارانی عیراقیش لە ناو خۆیاندا یەك دەگرنو پتەو دەبن ، ئەمەش لەو ئاسۆ مەزنەوە دەردەکەوێ کە بزووتنەوەی کرێکارانی پێدا ڕۆیشتووە کە ئەویش چەند قۆناغێکی ناسکەو پیرۆزە ••• ئەم بزووتنەوەیە مێژوویەکی خەباتگێڕانەی بە رەونەقیو دەوری باڵایان هەبوو لە مانگرتنو خۆپیشاندان دژی کۆنەپەرستو بێگانەکان ، چینی کرێکاری کوردیش هیچ کاتێك خۆی جیانەکردۆتەوە لە کرێکاری وڵات بەڵکو هەموو کاتێ زیاتر هەوڵی داوە بۆ پتەوبوونی وڵاتو هەموو کاتێ ڕێباز بووە لە وڵاتدا دژی کۆنەپەرستانو بێگانە •

خەباتی کرێکاران وەکو باسمان کرد لە ساڵانی ٩٣٠وە لە وڵاتدا دەستی پێکردووە ، بەڵام لە سەرەتادا وەکو ووتمان تووشی کۆسپو چەلەمە بوو • بێگومان وێکخستنی نەقابی لە وڵاتدا دەتوانین بڵێین دوای شۆڕش بە تەواوەتی ڕێکخراو لە چوارچێوەی وڵاتدا مافی کرێکاران هاتە کایەوەو بە پێی یاسای کارکردنی ژمارە ١٥١ی ساڵی ١٩٧٠و یاسای تەقاعودو زەمان ژمارە ٣٩ی ساڵی ١٩٧١ • ئەم یاسایانە بە پێشکەوتوترین یاسا دادەنرێ لە رۆژهەڵاتی ناوەراستداو تەنانەت لەگەڵ کرێکارانی وڵاتانی سۆشیالیستیشدا کە بە وڵاتانی کرێکار لە قەڵەم دەدرێن •

سوپاس

بەناوی خۆمو لەجیاتی ئامۆزاکانم بەرێزان سێخ عثمان احمد بارزانیو فاضل بارزانیو هەموو ئەندامانی خێزانەکەمانەوە سوپاسی ئەو بەرێزانە دەکەین هاتنە پرسەی خوالێ خۆشبو علی محمد صدیق بارزانی لەخوا دەخوازین لە هەموو کارەساتێکی ناخۆش بەدوورین •

نوری محمد صدیق بارزانی

Institut Kurde de Paris

ژمارە ٩٦ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ کە لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ ، لەم دواییەدا بڵاوکرایەوەو ئەم ژمارەیە تەرخان کراوە بۆ ببلیوگرافیای ناوەرۆکی گۆڤارەکە لە ژمارەی سفرەوە تا ژمارەی ٩٤ی ١٩٧٣ ـ ١٩٨٢ . ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم جارە بۆ چاپکراویکی کوردی کاریکی بەم جۆرە دەکرێ و دەزگاکەمان نیازی وایە هەمان کار بۆ گۆڤاری « بەیان »و ئەگەر کراش بۆ « هاوکاری » جێبەجێ بکات .

سێ جەنگاوەر لە یەکێ بەرەکانی جەنگدا کۆبوونەتەوەو هەر یەکەیان چیرۆکێکی پڕ فیداکاری هەیەو توانیویانە بە هەرسێکیان ببنە نموونەیەکی پیرۆزی خۆبەخت کردن و قوربانی دان .

لە سوپای میللیداو بۆ دووەم جار چوونەتە بەرەکانی جەنگ بۆ ئەوەی لەگەڵ گەلێ هاورێیانی تردا موژدەی سەرکەوتن بێننەوە . **جەنگاوەر صلاح قادر دەڵێ :**

گەلی عیراقی بەرامبەر بە سەرکردایەتی شۆڕش و هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین ڕوون کردەوەو

بەشداری کردن لە جەنگی ڕەواماندا دژی تاقمە نەزانەکەی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تاران خۆی لە خۆیدا مایەی شانازی پێوە کردن و شەرەفمەندی یە، چونکە ئاشکرایە ئەم جەنگە مێژوویی یە نیشانەی سەرکەوتنی هەقە بەسەر ناراستی داو پاڵەوانە بە جەرگەکانمان گەورەترین داستانی پڕ لە فیداکاریان تێدا نواندو مێژوو ئەم ڕاستی یە تۆمار دەکات .

جەنگاوەر ئەحمەد محمد دەڵێ:

ئەو سەرکەوتنە گەورانەی سوپاو گەلی عیراقی سەربەرز لەم جەنگە چارەنووسی یەدا بە دەستی هێنارە گەلێ ڕاستی بۆ گەلان دەربڕی و ڕادەی قوربانی دان و خۆبەخت کردنی لێدانێك بو دژی ئیمپریالیزم و سەهێونیزم و ڕێی خۆشکرد بۆ ڕزگار کردنی هەموو بستێکی داگیر کراو لە خاکی عەرەبی و وەفاو قوربانی دانی گەلی عیراقی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی دەربڕی .

جەنگاوەر ئازاد قادر ووتی :

وا نزیکەی سێ ساڵە گەلی عیراق بە کوردو عەرەبەوە بۆ چارەنووسی خۆی تێدەکۆشێ و بەرپەچی دەست درێژییەکانی ڕژێمی قوم و تاران دەداتەوە کە خۆیان مەلاس داوە بۆ ئەوەی جارێکی تر دەست درێژ بکەنە سەر خاکی عیراق ـ بەڵام ئەو سەرکەوتنە گەورانەی لەم جەنگە پیرۆزەدا هاتە دی ، جارێکی تر ئەو ڕاستی یەی دووپات کردەوە کە هیچ هێزێك نیە بتوانێ ڕووی پێشکەوتن و بنیاتنان وەرگێڕێ و ئەم عیراقە سەربەرزەو ، بێتە گۆڕستانی دوژمنان .

● **نووسینگەی هەولێر** ●

مانگی ئادار

جەژنی

سەرکەوتن و یەکێتی نیشتمانی

مصلح جەلالی

● **مانگی ئادار کەوا کۆنگرەی حەوتەمی باڵای وڵاتانی لە نیودەلهی تێداگیرا بە لای عیراقی یەکان بە گشتی و بەلایەن کوردەکانەوە بەتایبەتی مانگی بەخشش و ماف و خۆشیە کە لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ی تەموزی مەزنەوە هاتوونەتە دی .**

لەم مانگەدا گەرچی گەلێ دەسکەوتی مەزن وەك خۆماڵی کردنی نەوت و ڕۆژی ماموستا و نەورۆز و گەلێ شتی تری وەك ڕۆژی ئافرەتی عیراق هەن لەگەڵ ئەمانە گشتدا بەیاننامەی یازدەی ئادار لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچوو کەوا دانی نا بە ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانداو مافی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و سیاسی و هتد گەلی کوردمانی داو گەلی کوردیشمان لە یازدەی ئاداری ١٩٧٠ وە تا ئەمڕۆ ڕۆژبەڕۆژ لە بڕەو پێشکەوتندایەو ئافرەت وەکو پیاو مافی هەیەو لە کارگەو هەموو بوارەکانی کاردا کار دەکات و هەموو مافێکی ڕەوای خۆی کە هەیەتی دەپارێزرێ و فەلاچۆکردنی نەخوێندەواری کراو باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی چاك کراو ڕاست کرانەوەو کارگەو کێڵگە هەموو شارو شارۆچکەو گوندێکی گرتەوەو شەقامو ئاوەدانو شتی پێویست بە تەواوی لە هەموو لایەکدا هەیەو ژیان تا بڵێی جوان و خۆش و گەشاوەیەو ئەمانەشە کە ئەو کارە بکەن برایەتی کوردو عەرەبمان بۆ پاراستنی سەربەستی عیراقمان و ئەو دەسکەوتە مەزنانەی میللەت زیاتر پتەو ببێت و چاکتر لە دەوری سەرکردایەتی سەرەکی فەرمانده صدام حسین کۆببنەوەو پشتی بگرن .

جا ئەگەر ئەم دوو بەراوردکردنە لێکبدەینەوە دەڵێین ئێمەی گەلی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی و مافی ڕەوای خۆمان و ئەو شتانەی لە سەرەوە لێیان دواین و ئیمەی میللەتی عیراق ئەمە سەرکردایەتی یەکمان بێت کە نەك هەر خزمەتی گەلی کوردو هەموو عیراقی یەك دەکات بگرە دەستی یارمەتی بەوپەری توانا و بۆ وڵاتانی ئازادیخوازو تازە گەشەسەندو درێژ دەکات و ڕێزی دراوسێتی دەگرێت و بۆ وەستاندنی شەڕو چاکە کردن بە پیر هەموو بانگەوازێکی خێر خوازەوە چووین و ئەمەش نزیکترین بەڵگەمان ئەو نامەیەیە کە سەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین بۆ دووهەم جار بۆ گەلانی ئێرانی دەنێرێ .. دیارە ئەم سەرکردایەتی یەی کە هەمیشە قازانج و ئاوەدانی و پێشکەوتن و چاکەی میللەت و وڵاتی عیراق و نەتەوەی عەرەب و گەلانی دەوڕبەت .. هەمیشە دەمێنێ و گشت کات میللەتی عیراق و خێرخوازن و گەلانی جیهان پشتی دەگرن .. بەڵام ڕژێمی وەکو ئێران کە چاوچنۆکەو چاوی بڕیوەتە خاکی وڵاتانی دراوسێ و دژی گەلانی ناوخۆی وڵاتەکەیەتی و بە پیر هیچ بانگەوازێکی مرۆڤانەو باشەوە ناچێت و هێرش دەباتە سەر بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن و ڕێزی دراوسێتی ناگرێ ئەم ڕژێمە هەمیشەو ڕۆژبەڕۆژ لە مردن نزیك دەبێتەوە .. چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی مرۆڤی چاکە خوازو گەلانی خێرخوازە نەك ڕۆژی درندەیەتی و شەرخوازی چاوچنۆکی .

● **ڕۆژی حەوتی ئەم مانگە کۆنگرەی حەوتەمی باڵای وڵاتانی بێلایەن لە نیودەلهی لە هندستان بەستراو عیراقیش لە پلەیەکی بەرزدا بەشداری کردو ئەوەشی بیزانین کە یەکێ لە خواستەکانی وڵاتانی بێلایەن ئەوەیە کە هەر ناکۆکی یەك لە نێوان ئەندامەکانیدا یاخود لە نێوان وڵاتانی تازەگەشە سەندوودا لەسەر سنوور یاخود لەسەر شتێکی تر دەبێ ئەبێ بە ئاسایشانە چارەسەر بکرێ و پەنا نەبرێتە بەر توندو تیژی و ڕێزی هاوسێی بگیرێ و بەڵام ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران ڕۆژی پێنجی ئەم مانگە هێرشێکی ناڕەوای بردەسەر وڵاتانی بزوتنەوەکە سەر بزوتنەوەکە .**

عیراقی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ی تەموز یەکێکە لەو دەوڵەتە پێشکەوتنخوازانەی کە لە ڕێو بڕیاری هیچ ڕێکخراوێکی جیهانی و خێرخوازی لای نەداوەو هەمیشە ویستویەتی شەر بە شێوەی ئاسایشانە چارەسەر بکرێت و بەوپەری توانا شەوە یارمەتی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو گەلانی ئازادیخوازو گەلی

بڕوانە ل : ١١

لە جەژنەکانی ئادار و سەرکەوتندا

سەرەدانێك لە قوتابخانەیەکی پیشەیی و مرۆڤایەتی

قوتابخانەدا پێدەدرێت بەڵام ئەوانەشی کە شەو لە سلێمانیدا لە ناو کەس و کاری خۆیاندا دەمێنەوە ڕۆژی ٧٥٠ فلسیان هەقی خواردن دەدرێتێ ....

سەرباری ئەوەش هۆی گواستنەوەی نێوان قوتابخانەیان بۆ ذابین کراوەو پاش دەرچونیشیان بە مووچەی ٢٤ دینار دادەمەزرێت جگە لەو موخەسەساتانەی کە تایبەتین بەم بوارە پیشەیی یەوە .

پاشان خوشکە سوسیك اویە اودیشو کە یەکێکە لە ماموستایانی ئەم قوتابخانەیە وتی لە لایەن خزمەوە وانەی نەخۆشیەکانی ناوسك بە پۆلی دووەمو پەروەردە بە پۆلی یەکەم دەڵێمەوەو بە چاوی جارانی ئەم قوتابخانەیەوە ئێستا لە ئاستێکی پێشکەوتوتردایەو تەنها کۆسپێك کە لە ڕێگەماندا هەبێت کۆسپی زمانە کە ئەمەش وردە وردە بەرەو چارەسەرکردنی دەچین .. شایانی باسیشە ئەوانەی بە پلەی یەکەم لەم قوتابخانەیە دەردەچن سیانیان لە قوتابخانەی ئامادەیی و پەیمانگەی تەندروستی وەردەگیرێن پاشان ماموستایەکی تر بە ناوی زکیە خضر عباس وتی لە هەفتەیەکدا (٣) وانەی خوێندنی نظری و سیانی عملیان پێدەڵێن کە ئەم سیانەی دوایان دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی سیانەکەی پێشەوەن و ئێستاش ئەم پیشە مرۆڤایەتیە بەهۆی چاودێری ـ کردنی حزب و شۆڕشەوە لە بارێکی گەلێك پێشکەوتو ـ تردایە ئەمەشی زیاتر بە بڵاوکردنەوەی باری هۆشیاری پێشکەوتوتر دەبێ .

هەروەها مۆستا سامیە اسماعیل محمد دەربارەی چۆنیەتی تێکڕای پرۆگرامی بەرنامەی خوێندن وتی سەبارەت بە پۆلی یەکەم بریتین لە تشریح و فلسبەو بناغەی بریـن ـ پێچاندن بە نظری و عملی سەرباری زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ڕۆشنبیری نەتەوایەتی سوشیالیستی .. بەڵام لە پۆلی دووەمدا سەرباری وانە پەروەدەیەکانی وانەی نەخۆشیەکانی ناوسك و تەجزاخانە دەخوێنرێت و لە پۆلی سێهەمیشدا بریتی یە لە نەخۆشیەکانی منال و ئافرەتان و منالبوون و تەندروستی کۆمەڵ . بەڵام ماموستا اوهام حسنی وتی ئەوەی شایانی ـ باس بێت سەبارەت بەم قوتابخانەیە جگە لەوەی کە قوتابیەکانی ئێستا ئیشتە ـ جێ کراون بەڵام لە لایەکی تر وە خەریکی دروست کردنی بینایەکی چوار قاتین بۆ بەشی ناوخۆی ئەم قوتابخانەیە کە بەرەو تەواوبوون دەچێت ئەمەش بریتی یە لە بەشی ناوبراو لەگەڵ چێشتخانەو ئەو پێداویستیانەی تر کە ڕۆژانە کەلکیان لێ وەردەگیرێت .

پاشان خوشکە ڕێزان لطیف کە یەکێکە لە قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە دەربارەی قوتابخانەکەیان وتی پێشەکی وەك ئەرکێکی هەق و سەرشانمان پێویستە بەرێزەوە ئەم بایەخ پێدانەی حزب و شۆڕش هەڵبسە ـ نگێنین و دوای ئەوە حەز دەکەم بڵێم کە هاتنم بۆ ئەم قوتابخانەیە لە ڕوانگەی خۆشەویستی مرۆڤایە ـ تیمەوەیە جونکە جێگایەکە بۆ بە تەنگەوە هاتنی مرۆڤ هاتوەتەکایەوە ئێمەش لەو باوەڕەوە هاتوین کە لە ڕێگای خۆمانەوە خزمەتی گەل و نیشتمانی عێراقی پێ بکەین و لەم ڕوەشەوە تا ئێستا هیچ جۆرە تەنگ و چەڵەمەیەکی ئەوتۆمان نەهاتوەتە ڕێگا .

هەروەها قوتابیەکی تر بە ناوی سۆییە علی وتی ئەم قوتابخانەیە جێگای پیرۆزی هەیە لە نیاو کۆمەڵگاکەکەماندا چونکە لە لایەکەوە فێرمان دەکات کە مرۆڤە نەخۆشەکانی کۆمەڵ چاك بکەینەوەو لە لایەکی تریشەوە فێری چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ناو کۆمەڵمان دەکات کە ئەمەش ڕاستەوخۆ خزمەتی گەل و نیشتمان دەگرێتەوەو ئەو بابەتانەشە کە لێرە دەخوێسنرێن بەرنامەیەکی دیاری کراوی سەرکەوتوە بە بەڵگەی ئەوەی کە ڕۆژانە خزمەتی خەڵکی پێدەکەین .

دواجار قوتابی نجاة زوری وتی ئەم قوتابخانەیە کە لە پارێزگای سلێمانیدا کراوەتەوە قوتابخانەیەکی یەکجار پیرۆزو بەکەڵکە بەتایبەتی بۆ دۆخی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان کە بە جەنگی ڕەوایدا جەنگی قادسیەی صدامدا تێدەپەڕێت و بەش بەحاڵی جۆم ئامادەم پاش دەرچوونم ڕاستەوخۆ ڕووبکەمە بەرەکانی جەنگ بۆ تیمارکردنی سەربازە سەربازە بریندارەکانمان کە ئەرکی سەرشانی هەموو عێراقی یەکەو پێویستە بەوپەڕی لە خۆبوردنو سەربەرزی یەوە ڕووی ـ تێبکەین .

● **فریا** ●

یادی ٢٠٠ ساڵەی سلێمانی

لە ساڵی ١٧٨٤ی زایینداا، برایم پاشای بابان ، دوای ئەوەی پایتەختەکەی خۆی لە (قەڵاچوالان)ەوە گوێزایەوە دەستی کرد بە بنیادنانی شاری سلێمانی ..

هەر بەم بۆنەیەو دوای تێپەڕبوونی (٢٠٠) ساڵ بەسەر بنیادنانی ئەو شارە مەزنەو لە پێناوی بەدەرخستنی ڕووی شارستانی و ڕۆشنبیری و ئەو شارە دێرینەیە ، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر ،ئەیەوێ گەلێ نامەنگی گەورەو زەماوەندی رازاوە لە هاوینی ساڵی داهاتوودا ساز بدات .. لەبەر گرینگی ئەم مەسەلەیەو سازدانی ئەو زەماوەندو نامەنگانە ، وامان بە باش زانی لە هاوینی ـ حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣ ـوە دەستی پێبکەین ..

بۆیە ئەم بانگەوازەمان ، بەرەو ڕووی گشت مێژوونووس و نووسەرو لێکۆڵەرەوەیەك ئەکەینەوە ، تا قۆڵی لێهەڵماڵن و هەر لە ئێستاوە بەرهەمو لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە بنێرن .. چاوەنۆڕی بەشداری کردنو بەرهەمی هەموو قەڵەم بە دەستێکی خێرخواین .. لەگەڵ سوپاس و شانازیمان .

محمدامین پێنجوینی
بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی

○ **تۆمارکردنی گۆرانی کوردی**

هونەرمەند وریا احمد بە پەیامێتیری ڕۆژنامەکەمانی ڕاگەیاند ، کە تەلەفزیۆنی تەنیم دەستی کردوە بە تۆمارکردنی ٢٤ گۆرانی کوردی ، ئەم گۆرانیانە لە تیپە هونەریی یەکانی هەولێروە پێشکەش دەکرین و ، بەتایبەتی تیپی (خانزاد)ی سەر بە یەکێتی ئافرەتانی هەولێرو تیپی هونەری هەولێر .

نووسینگەی هەولێر

● **پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی لە چالاکی یەکانی گۆڤەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ـ لقی هەولێر لە جوارچێوەی چالاکی یەکانی ئەمساڵی گۆڤەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی هەولێرو بە سەرپەرشتی بەڕێن عەمیدی کۆلیجی زانستی یەکان لە ڕۆژی ٢٦ـ٢ـ٩٨٣ داو هۆڵی کۆلیجەکەدا پێشانگای وێنەی فوتوغرافی هونەرمەند احمد نادر محمد کرایەوە .**

هونەرمەند لەم پێشانگایەیدا ٢٩ تابلۆی فوتوگرافی پێشکەش کردوەو ، بابەتەکانیشی لە بارو دۆخی ناوچەی کوردستانەوە وەرگرتوە .. (کرێکارەکانمان) ، مژدەی بەهار)و (دێی هاوچەرخ)و (کوردستانم هەر ئاوابێ) لە تابلۆ چاکەکانی پێشانگاکە بوون .

نووسینگەی هەولێر

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی » / تەلەفون : ٧٥٧٩٥ پێنج خەت

Institut kurde de Paris